# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵدا

چوارشەممە ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ _ ٤ی فێوریەی ٢٠١٥

ژمارە ٦٤٩

www.kurdistanukurd.com


## جینایەتێکی دژی ئینسانیی دیکەی داعش

گرووپی تیرۆریستیی داعش ڕایگەیاند مەعاز ئەلکەساسبە فرۆکەوانە ئوردۆنییەکە کە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٤ کەوتە دەستیان، بە زیندوویی ئاگریان تێبەرداوە. هەر لەم پێوەندییەدا مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەم جینایەتەی داعشی مەحکووم کرد. بارزانی لە پەیامێکدا کە بۆ شای ئوردۆنی ناردوە گوتوویەتی؛ خوێنی مەعازو هەموو ئەو شەهیدە قارەمانانەی لەڕێی بەرگریکردن لە بەهاکان و پێکەوەژیان و ئاسایشی خەڵک و شەڕی دژی دوژمنانی مرۆڤایەتی گیانی خۆیان بەخت کردووە، بە فیڕۆ ناچێ و تیرۆریستان باجی هەموو تاوانەکانیان دەدەنو سەرەنجامیان لەناوچوون و شکستە.

هەر لەم پێوەندییەدا ئوباما



سەرکۆماری ئەمریکاش ڕایگەیاند، ئەم جینایەتانەی داعش دەبێتە هۆی هاوپێوەندیی زیاتری کۆمەڵگەی جیهانیی بۆ شکستی دان و لەناوچوونی داعش.

# یەکگرتنەوەیەکی سەرکەوتوانە لە گرەوی قبووڵی یەکترو بەیەکەوە بنیاتنانی داهاتووی هاوبەش دایە



ویستی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان تا دێ بە دەنگێکی ڕاشکاوانەتر و بە دڵگەرمییەکی زیاتر، لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو دۆستانو دڵسۆزانی حیزبی دیموکراتدا، قسەی لە سەر دەکرێ. لە میدیا کوردییەکانو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش، لە چەند حەوتووی ڕابردوو دا، یەک لەو پرسانەی جێگای بایەخ پێدانی چالاکانی سیاسیی کورد بووە، پرسی یەکگرتنەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە.هەر لەو پێوەندییەدا، ڕۆژی دووشەمەی ڕابردوو ٢ی فێوریە، دوو دەفتەری سیاسیی هەر دوو لایەنی دیموکرات بە یەکەوە کۆبوونەوە و ڕوانگەی حیزبەکانیان لە بارەی چۆنیەتیی یەکگرتنەوەی ئەم دوو لایەنە خستە بەرباس. بەر لەم کۆبوونەوە هاوبەشەش هەر یەک لە سکرتێرەکانی ئەو دوو حیزبە، لە کۆبوونەوەی گشتیی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبەکانیان دا، پرسی یەکگرتنەوەیان خستبووە بەر باسو هەڵسەنگاندن. سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەڕێز خالید عەزیزی لە کۆبوونەوە گشتی لە گەڵ کادرەکان و پێشمەرگەکانی حیزبو هەروەها لە کۆبوونەوەی هاوبەشی دوو دەفتەری سیاسییشدا، وێرای وەبیرهێنانەوەی هەوڵەکانی حیزبەکەی لە پێناوی دیالۆگ و دانیشتنو ئاسایی کردنەوەی پێوەندی لە نیوان دوو لایەنی دیموکرات، تەئکیدی کردەوە کە یەکگرتنەوەیەکی سەرکەوتوانە لە گرەوی قبووڵی یەکتر و بەیەکەوە بنیاتنانی داهاتووی هاوبەش دایە.

**بەیاننامە:**

### سەرکەوتنی کۆبانێ لە نەتەوەکەمان و دۆستان و دلسۆزانی ئەم نەتەوەیە پیرۆز بێ

پاش ١٣٣ڕۆژ خۆڕاگریی جانانەی شەڕڤانان و هێزی پێشمەرگە لە شاری کۆبانێ لە بەرامبەر هێرشەکانی چەکدارانی گرووپی تیرۆریستیی داعش بۆ سەر ئەم شارە، سەرئەنجام ڕۆژی ٢٦ی ژانویە، کۆبانێ لە گەمارۆ و پەلاماری داعش ڕزگار کرا.

کۆبانێ و خەڵکە خۆڕاگرەکەی، ڕۆژانی زۆر سەخت و پڕ مەترسییان تێپەڕ کرد، ئەوان زۆرترین وێرانی و زیاترین ئاوارەییان بە خۆیانەوە دیت. تەنانەت بەشێکی بەرچاوی ئەو شارە بۆ ماوەیەک لە لایەن چەکدارانی داعشەوە، داگیر کرا. کۆبانێ چەند جارێکیش لە سنووری دەستبەسەرداگیرانی بە تەواوی لە لایەن داعشەوە، نزیک بۆوە.بەڵام لە هەمووی ئەو ڕۆژ و شەو و ساتانەدا، دڵی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان و لە هەر جێگایەکی جیهان، لە گەڵ خۆڕاگریی پڕ سەروەریی کۆبانێ و کۆبانێپارێزان دابوو. کۆبانێ بە هۆی ئەم خۆڕاگرییە جێی شانازییەی خەڵکەکەی و ڕۆڵەکانی بەرامبەر تیرۆریستان و جەهالەت پاریزان ، بوو بە ڕەمز و هێمایەک کە تەعبیری لە بەرەنگاریی نێوان رووناکی و تاریکی، ژیان و مردن، پێشکەوتن و جەهالەت، خێر و شەر و، مرۆڤایەتی ودڕندەیی دەکرد. هەر ئەمەش وای کرد کە شەپۆلێکی جیهانی لە هاوپێوەندی و پشتیوانیی مرۆڤایەتیی دادپەروەر و پێشکەوتنخواز، هێزێکی گوشار بۆ سەر هاوپەیمانانی شەڕی دژە تیرۆر و وڵاتانی ناوچە کە بە بیتەفاوەتی و کەمتەرخەمیەوە سەیری پەلاماری داعش بۆ سەر ئەم شارەیان دەکرد، وەرێ بکەوێ. بە خۆشییەوە گوشارەکان و هەوڵەکان لە کوردستان و لە دەرەوەڕا، دەسکەوتیان هەبوو. هێرشی ئاسمانیی فرۆکە شەڕکەرەکانی وڵاتانی ڕۆژاوا بۆ سەر سەنگەرەکانی تیرۆریستانی داعش و، ڕێگە پێدان بە چوونی هێزی پێشمەرگە و چەکی قورس لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ کۆبانێ، دوو لەو دەسکەوتانە بوون کە ڕۆلێکی گرنگیان لە سەرخستنی خۆراگریی جێی شانازیی کۆبانی دا هەبوو.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی ڕزگاربوونی کۆبانێ لە داگیرکاری و پەلاماری وێرانکەرانەی داعش، گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەشی کچان و کوڕانی شەڕڤان، هیزی پێشمەرگەی کوردستان، خەڵکی خۆڕاگی کۆبانێ و تێکڕای هێزە خەباتکارەکان و خەڵکی ڕۆژاوای کوردستان دەکا. لە کاتێک دا سڵاو دەنێرین بۆ گیانی هەموو ئەو شەهیدانەی لە بەرپەرچدانەوەی هێرشی تیرۆریستان بۆ سەر نیشتمانەکەیان دا گیانیان بەخت کرد، هیوا دەخوازین کە کۆبانێ و هەموو گوند و ناوچە ئازادکراوەکان، بە هەوڵ و پشتیوانیی هەموو لایەک، بە زوویی ئاوەدانی و بنیاتنانەوە بە خۆیانەوە ببینن. هەر لەم کاتە دا هیوادارین سەرکەوتنی کۆبانێ ببێتە هەوێنی سەرکەوتن لە بەرەکانی شەڕی دژ بە داعش لە سەرجەم ناوچە داگیرکراوەکانی ڕۆژاوا و باشووری کوردستان.

جارێکی دیکە سەرکەوتنی کۆبانێ لە هەموو ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان و دۆستان و دلسۆزانی ئەم نەتەوەیە پیرۆز.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**٢٠١٥/٠١/٢٧**
**٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٣**




کۆماری کوردستان لە هاوکێشە سیاسییە جیهانیەکاندا
٤



شۆڕشی ٥٧و کاریگەرییەکانی لەسەر بزاڤی میللی-دیموکراتیکی کورد
٥



بنەمای سیاسەتی خاریجی کۆماری ئیسلامیو دەسکەوت بۆ گەلانی ئێران
٦



شاکاری کۆبانێ
٧



نووسەری «حەمەدۆک»ی یاخی و قەڵەمێکی ئەفسانەیی
١١


## پەسندکرانی گەڵاڵەیەک لە مەجلیسی ئێران

نوێنەرانی مەجلیسی ئێران گەڵاڵەیەکیان پەسند کردووە کە بەپێی ئەم گەڵاڵەیە لە کاتی سەپاندنی گەمارۆی نوێ بەدژی ئەم وڵاتە، ڕێککەوتنامەی ئەتۆمیی ژنێڤ هەڵدەوەشێتەوە و هەوڵەکانی ئێران لە پێناو تێکنۆلۆژیی ناوکیدا بۆ شێوەی پێشووی خۆی و بەر لەم ڕێککەوتنە دەگەڕێتەوە.



بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی فارس، لە کۆبوونەوەی ئاشکرای ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٤ی ڕێبەنداندا، بە ١٧٣ دەنگی بەڵێ، ٩ دەنگی ناڕازی و ٥ دەنگی بێ لایەن پەسند کرا.

بەپێی ئەم گەڵاڵەیە، دەوڵەت ئەرکدار دەکرێ ئەگەر کۆنگرەی ئامریکا گەمارۆکانی سەر ئێران چڕتر بکاتەوە، ڕێککەوتنامەی ژنێڤ هەڵوەشێنێتەوە و بە شێوەی ڕابردوو چالاکییە ناوکییەکانی ئێران دەست پێ بکاتەوە.

شایانی باسە ئەوە کاردانەوەیەک بوو بۆ هەوڵەکانی ئەم دواییانەی کۆمەڵێک لە نوێنەرەکانی کۆنگرەی ئامریکا بۆ پەسند کردنی گەڵاڵەیەک کە بەپێی ئەم گەڵاڵەیە بێتوو لایەنەکانی وتووێژکار لەم ماوەیەدا لەسەر هیچ شتێک ڕێک نەکەون، گەمارۆگەلێکی دیکە بەسەر ئێراندا دەسەپێنن .

هەر بەپێێ ئەم ڕاپۆرتە، نوێنەرەکانی مەجلیس پاش پەسند کردنی ئەم گەڵاڵەیە، هەر لە نێو مەجلیسدا دروشی «مەرگ بۆ ئامریکا»یان بەرز کردەوە.

## روحانی: لە پێوەندیی لەگەڵ پرسی ناوکی جیاوزی بۆچوونەکان لە نێوان ئێران و ٥+١ کەمبۆتەوە





روحانی سەرکۆماری ئێران، ڕۆژی ١٤ی ڕێبەندان (٣ی فێوریە) دوای کۆتاییی کۆبوونەوەی سەرانی سێ قوە، بە هەواڵنێرانی ڕاگەیاند: لە هێندێک بواردا کە فاسڵە و جیاوازی بۆچوونەکان زۆر بوون، ئەم جیاوازییانە ئێستا کەمبوونەتەوە.

سەرکۆماری ئێران گوتی: «خەریکین لە هێندێک خاڵی باش نزیک دەبینەوە و وا دێتەبەرچاو کە ئەوان بەو ئاکامە گەیشتوون کە مافی خەڵکی ئێران بە ڕەسمی بناسن». روحانی ڕوونی نەکردەوە کە ئەو جیاوازیی بۆچوونانە کامانە بوون کە ئێستا کەم بوونەوە.

ئەوە لە حالێک دایە لە ڕۆژەکانی رابردوودا وەزیری دەرەوەی ئێران بەهۆی پیاسەکردن لەگەڵ هاوتا ئەمریکایەکەی لە ژێنۆ، کەوتە بەر ڕەخنەی توندی توندرەوەکانی نێو دەسەڵاتی ڕێژیمەکەی. بەڵام روحانی بۆ چەندەمین جارە دەڵێ تیمەکەی ئێران لە لەلایەن هەموو بەرپرسانی پایەبەرزی نیزامەوە پشتیوانیان لێ دەکرێ.

ئێران و گرووپی ٥+١ هەنووکە خەریکی وتووێژن بە مەبەستی چارەسەری کۆتایی پرسی ئەتۆمی ئێران.

# خالید عەزیزی: یەکگرتنەوەیەک دەتوانێ سەرکەوتوو بێ کە هەمووان لە حیزبی یەکگرتوودا دا هەست بە ئاسوودەیی و بوونی خۆیان بکەن




سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی‌دا بە بەشداریی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی حیزب، پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانی تاوتوێ کرد.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ و لە کۆبوونەوەیەکی گشتیی‌دا بە بەشداریی سەدان کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات، بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پرسی نێوان هەردوو حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەوڵدان بۆ وەسەریەکخستنەوەی بنەماڵەی گەورەی دێموکراتی هێنایە بەر باس.

لە سەرەتای قسەکانی بەڕێز خالیدی عەزیزی بە ئاوڕدانەوە لە بەشێک لەو هۆکارانەی کە چەند جار حیزبی دێموکراتی کوردستانی تووشی قەیرانی تەشکیلاتی کردوە، باسی لە گرینگیی یەکریزی و یەکگرتوویی لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات دا کرد.

لە درێژەی قسەکانی دا بەڕێزیان ئاماژەی بەو هەوڵانە کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٨ ساڵی رابردوودا بە نیسبەت ئاسایی کردنەوەی پێوەندیی نێوان هەردوولای دێموکرات و کارکردن بۆ لیک نزیککردنەوەی دێموکراتەکان کردوونی.

لەم پێوەندییەدا بەریز عەزیزی وتی: لە ماوەی ٨ ساڵی رابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستان قۆناغ بە قۆناغ، دەروەستانە هەوڵی کەمکردنەوەی گرژیی و ئاڵۆزییەکانی داوەو و، بۆ پێکەوەدانیشتن و لە کۆتایی دا وەسەریەکخستنەوەی حیزبی دێموکرات پلان و گەڵاڵەی روونی پێشکەش کردوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی قسەکانی دا گوتی: « خۆشبەختانە گرتنەپێشی سیاسەتی دروست و مەنتقیی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان توانی رۆڵێکی بەرچاوی هەبێ لە دروست بوونی قۆناغێکی دڵخۆشکەر کە ئەمڕۆ هەردوو لای حیزبی دێموکرات، پێکەوە لە دانووستان دان و بیر لە ئاکامی ئەم هەوڵانە- کە هەمان یەکگرتنەوەی دێموکراتەکانە- دەکەنەوە.

کاک خالید عەزیزی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا پێداگریی لە سەر بەشداریی هەموو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی لە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دا کردو روو بە بەشدارانی کۆبوونەوەکە و گشت ئەندامانی حیزب گوتی: « ئێوە دەبێ بە تێبینی و بۆچوونەکانتان یارمەتی بە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکرات بدەن و هەوڵ بدەن یەکگرتووانە و بە هەستکردنی بە ئاسوودەیی، حیزبی دێموکرات زۆر لەوە گەورەتر بکەنەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا بەڕێز عەزیزی رایگەیاند کە: «یەکگرتنەوەیەک دەتوانێ سەرکەوتوو بێ کە هەمووان لە حیزبی یەکگرتوودا دا هەست بە ئاسوودەیی و بوونی خۆیان بکەن.»

لە کۆتایی قسەکانی دا کاک خالید عەزیزی سەبارەت بەو هەوڵانەی کە لە پێوەندی لە گەڵ پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دا و بە شێوەی جۆراوجۆر دێنە ئاراوە، گوتی: «ئێمە بە چاوی رێزو پێزانینەوە دەڕوانینە ئەو هەوالانەو، هەموویان بە هەوڵدانێکی دڵسۆزانە دەزانین.»

لە برگەیەکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەدا بەشێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەکە بە تێبینی و پێشنیارو پرسیارەکانیان باسەکەیان دەوڵەمەند کردو بە کارێکی دروست و پێویستیان زانی کە ڕێبەریی حیزب و لە سەروو هەموانەوە بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب لە پێوەندی لە گەڵ پرسێکی گرینگی ئەوتۆدا لە گەڵیان کۆدەبێتەوەو بەشداریی باسەکان دەکەن.

جێی ئاماژەپێدانە کە هەر لەم کۆبوونەوەیەدا، بەرپرسی کۆمیسیۆنی ئاموزشی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕێز کاک کەماڵ کەریمی رایگەیاند کە هەر هاوڕێیەکی حیزبی لە پێوەندی لە گەڵ پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان دا، باس و بابەتێکی تایبەتی هەبێ، دەتوانێ داوا لە کۆمیسیۆنی ناوبراو بکات کە کۆڕو سمیناری بۆ پێک بێنن.

# کۆبوونەوەی هاوبەشی هەر دوو دەفتەری سیاسیی دیموکراتەکان لە بارەی پرسی یەکگرتنەوە

لە کۆبوونەوەی هاوبەشی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێراندا پێداگری لەسەر یەکگرتنەوەی دێموکڕاتەکان کرا.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە، ١٣ی ڕێبەندان ( ٢ی فێوریە) هەر دوو دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانو حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە بەشداریی سکرتێری گشتیی هەر یەک لە لایەنەکانی دیموکرات، بەڕێزان مستەفا هیجری و خالید عەزیزی، بۆ باس لە پرسی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان، لە گەڵ یەک کۆ بوونەوە.



لە کۆبوونەوەی هاوبەشی دوو دەفتەری سیاسی‌دا هەر دوو سکرتێری گشتی، شێلگیربوونی حیزبەکانیان لە سەر ئامانجی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکانیان وەبیر هێنایەوەو لەم پێوەندییەش‌دا هەر یەکە لە بەڕێزان کاک خالید عەزیزیو کاک مستەفا هیجری، ڕوانگەی حیزبەکانیان لە بارەی چۆنیەتیی یەکگرتنەوەی ئەم دوو لایەنە خستە ڕوو.

لە درێژەی ئەو کۆبوونەوەیەدا بەشدارانی کۆبوونەوە هاوبەشەکە، پرسیارو سەرنجو تێبینییەکانی خۆیان لە بارەی چارەسەری پێشنیاریی یەکتر هێنایە گۆڕێ. خاڵی گرنگ کە هەر یەک لە لایەنەکان بە نۆرەی خۆیو بە گوێرەی خوێندنەوەی خۆی لە سەری پێداگر بوو، پێویستیی گەیشتن بە چارەسەرێک بوو کە یەکگرتنەوەیەکی سەرکەوتوانەی لێ بکەوێتەوە، یەکگرتنەوەیەک بە دوور لە سڕینەوەی یەکتر و بەو جۆرە کە هەموو تاکەکان تێی‌دا هەست بە یەکسانی و بوونی خۆیان بکەنو ببێتە بەردی بناغەیەکی پتەو بۆ حیزبی دیموکراتێکی یەکگرتوو کە ئەمەش پێویستی بە دیالۆگو بیروراگۆڕینەوەی زیاترو نەرمینواندنو هەوڵدانی بەرپرسانە لە هەر دوو لاوە بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێچارەیەکی گونجاو هەیە. هەر بۆیە دانیشتنی دوو حیزبی دیموکرات لە ئاستی دەفتەری سیاسی لە پێناوی ڕێککەوتن لە سەر بنەماکانی یەکگرتنەوە، لە داهاتووش دا بە پێویست زانرا.

# بەرزراگرتنی یادی کۆماری کوردستان لە سلێمانی

بە بانگهێشتی پارتی دێموکراتی کوردستان و بە ئامادەبوونی ئەندامێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری سلێمانی یادی ٦٩ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرز راگیرا.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی لە سمینارێک‌دا کە لە لقی ٤ی پارتی دێموکراتی کوردستان بۆ بەڕێز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هاتبوو هاوکات لە گەڵ بەرزراگرتنی ئەم یادو دەسکەوتە مەزنەی مێژووی کورد، کۆمەڵە باسێک لە سەر کۆماری کوردستان هاتە بەر باس.

بەڕێز باڵەکی لە سمینارەکەی دا بە قامک دانان لە سەر چەن چەمک و مەفاهیمی ئەمڕۆی کە وەک بەهاو دەسکەوتی هەرە بەزی مرۆڤایەتی باسیان لێوە دەکرێ، گەڕایەوە بۆ نزیک لە ٧٠ ساڵ پێش ئێستا و لە کۆماری کوردستان دا بە هێنانەوەی چەندین فاکت و بەڵگەو نموونە باسی لەوەکرد کە



ئەم چەم و مەفاهیمانە لەو سەردەم دا بە پێشەوایەتی قازی محەممەدی سەرکۆماری کاریان پێ کراوە.

دێموکراسی، مافی نەتەوایەتی، یەکیەتی و پێکەوە ژیان، پێشکەوتنخوازی و ڕۆحی لێبووردەیی ئەم چەمک و مەفاهیمە ئەمرۆژیانە بوون کە بەڕێز عومەر باڵەکی، جەختی لە سەر کردنەوە کە لە دەسەڵاتە ١١ مانگەکەی کۆماری کوردستان بە کردوە کاریان پێ کراوە.

# بەڕێوەچوونی سمیناری یادی کۆماری کوردستان لە زانکۆی کۆیە

سمیناری یادی کۆماری کوردستان بە دروشمی «ئەزموونی دوێنێ بۆ تێگەیشتن لە ئێستادا» لە زانکۆی کۆیە بەڕێوەچوو .

ئەم سمینارە پێش نیوەڕۆی پێنجشەمە ٣ ڕێبەندانی ٩٣ لە یەکێک لە سالۆنەکانی کۆڕو کۆبوونەوەکانی زانکۆی کۆیە بە بەشداریی کەسایەتییە سیاسیو ئەکادیمییەکان، خویندکارانو مامۆستایانی زانکۆ و دەیان کەس لە ئەندامانی ڕێبەری حیزبی دێمۆکرات کوردستانو کادرو پێشمەرگەکان ئەو حیزبە بەڕێوە چوو .

ئەم سمینارە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» و خوێندنەوەی چەند بەشێک لە وەسیەت نامەی پێشەوا قازی محەمەد، سەرۆک‌کۆماری کوردستان دەستی پێکردو دوکتور سەعید سالح، سەرۆکی زانکۆی کۆیە بە باسێکی لەسەر کۆماری کوردستانو بەستێنو دەسکەوتەکانی پێشکێش کرد.

ئاوردانەوەیەکی خێرا لە سەر رۆژی پێکهێنانی حکوومەتی جمهووری کردستانو بایەخو گرینگی ئەو ڕووداوە لە مێژووی خەباتی گەلی کوردو دەوری لە پێکهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەند تەوەرێک لە باسەکەی بەڕێزیان بوو.

لە برگەی دواتری ئەو سمینارەدا مامۆستاعەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەسایەتی سیاسی – ئەدبیی کوردو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وتارێکی پێشکەش کرد.

مامۆستا حەسەنزادە لە دەسپێکی قسەکانیدا بە ئاماژە بە ناوی دروستی دەسەڵاتەکەی کۆماری کوردستان گوتی ناوی جوراوجۆری وەک کۆماری مەهاباد، حکوومەتی خودموختار و دیکە لە سەر کۆماری کوردستان باس دەکرێن کە هیچیان دروست نینو ناوی ئەو حکوومەتە دەوڵەتی کۆماری کوردستان بووە . بەڕێزیان ئەم حکوومەتەی بە گەورەترین ڕووداوی هاوچەرخی مێژووی کورد داناو بە ئاماژە بە دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستانو چەند بەشێکی وەک ئەو دەسکەوتانە وەک ڕێکخستنی کتێبخانە، خوێندنو نووسین بە زمانی دایکی، هەوڵ بۆ دانانی سینما، دروستکردنی ڕێکخراوەکانی ژنان و لاوان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە





کە ئەو دەسکەوتانەی ٧٠ ساڵ لەوە پێش کۆماری کوردستان بۆ کوردی دەستەبەر کردبوون، جێبەجێکردنی بە بەشێک لە هەوڵە پێشکەوتووانەکانی هەر حکوومەتێک لە ئێستادا دادەنرێ

دوو تایبەتمەندی گرینگی کۆماری کوردستان واتا دێمۆکراسی و ئازادی و رۆحی خەباتی نەتەوایەتی لە کۆماری کوردستان‌دا تەوەرێکی دیکە لە باسەکەی بەڕێز مامۆستا بوون.

مامۆستا حەسەنزادە پێداگر بوو لە سەرئەوەی کە ئەگەرچی دروشمی کۆماری کوردستان خودموختاری بوو، بەڵام هەڵگری چەمکی سەربەخۆیی بۆ کوردستان بوو، بوونی کەسایەتییەکی وەک مەلا مستەفا بارزانیو دەسەڵاتی ئەو وەک ژەنەراڵ لەو حکوومەتدا ئەم قسەیە دەسلمێنێت.

بەشی دیکەی ئەم سمینارە تەرخان کرابوو بۆ باسێکی پرۆفیسۆر دوکتۆر سەعدی عوسمان هرۆتی.

ناوبراو باسەکەی روانگەیەکی رەخنەگرانەوە بۆ حکوومەتی کۆماری کوردستان بوو.

بەڕێزیان گوتی چەمکی کۆمار لە چوارچێوەی یەکەمین حکوومەتی پێشکەوتووی کوردی بۆ یەکەم جار هاتە ئاراوەو یەکیەتیی سۆڤیەت دەیەویست کۆماری کوردستان وەک یەکێک لە هەرێمەکانی خۆی پێناسە بکا، بەڵام بوونی هێما نەتەوەییەکان وەک ئاڵا، سروودی نەتەوەیی، سوپا و هتد هەڵگری هەوڵی کاربەدەستانی ئەو حکوومەتە بۆ گەیشتن بە رزگاری بوو، نەک ژێر دەستە بوونی هیچ لایەنێک .

لە بەشێکی دیکەی باسەکانی ئەم سمینارەدا سمایل بازیار کەسایەتی سیاسیی و مامۆستای زانکۆ بابەتێکی لە ژێر ناوی «بەراوەردێکی مێژوویی لە نێوان کۆماری کوردستان و حکوومەتی میللی ئازەربایجان « دا پێشکێش کرد.

بەڕێز بازیار، لە دەسپێکی قسەکانی‌دا گوتی رووسەکان دەورێکی گرینگ و سەرەکییان لە دامەزراندنی حکوومەتی ئازەربایجاندا هەبوو بەڵام حکوومەتی کۆماری کوردستان چونکە لە سەر بەستێنی کۆمەڵەی «ژێکاف» دامەزرابوو و ئەم رەوتە لە چەند ساڵ پێشەوە دەستی پێکردبوو، نەدەچووە نێو ئەو خانەیەوەو ئەمە خاڵی گرینگی جیاوازی لە نێوان ئەم دوو حکوومەتەدا بوو .

بەڕێزیان لە باسەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە جۆری حوکمڕانیی پەهلەوی و هەوڵدان بۆ یەکدەست کردنی نەتەوەکانی ئێران لە ژێرناوی نەتەوەی فارس‌دا، پەرەپێدان بە شارنشینی، کەمکردنەوەی دەسەڵاتی سەرۆک عەشیرەتەکان کۆمەڵێک فاکتۆری کاریگەر بۆ رەخساندنی هەلومەرجی لەبار بۆ گەشەکردنی بیری ناسیۆناڵیستی لە کوردستانی ئەو سەدەمەدا بوو .

پێکهاتنی کۆمەڵەی « ژێکاف» کە هەڵگری ستراتێژی و بەرنامەی تایبەت بە خۆی بوو، کاریگەریی ناسیۆناڵیزمی باشووری کوردستان لە سەر رۆژهەڵاتی نیشتمانو بوونی چەند کەسایەتی وەک شێخ عەبەیدوڵڵای شەمزینان و سمکۆ و کاریگەرییان لە سەر پێکهێنانی حکوومەت لە ناوچەی موکریانو هەروەها دروستبوونی بۆشایی دەسەڵات لە مەهاباد و کەسایەتی کاریزمای پێشەوا قازی محەمەد و کاریگەرییەکانی لە رووە هەرە گرینگەکانی جیاوازیی نیوان حکوومەتی کوردستان و حکوومەتی میللی ئازەربایجان بوو.

لە برگەیەکی دیکەی ئەو سمینارەدا شێعرێک لە وەسفی کۆماری کوردستان لە لایەن دوکتور ئەکرەم خامۆش خوێندرایەوەو پیشاندانی فیلمێکی دیکۆمنتاری مێژوویی تایبەت بە کۆماری کوردستان دوایین بەشی ئەم سمینارە بوو .

# بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەک بۆ ئەندامانی حیزب سلێمانی

لە شاری سلێمانی بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمەڵێک لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانلە بەر باس.

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی، ١٠ی ڕێبەندان سیمینارێک بۆ شرۆڤەو تاوتوێکردنی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرانی کوردستان لە لایەن کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەشاری سلێمانی بەبەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنەگرانی حیزب بەڕێوەچوو.

سەرەتای سیمینارەکە بە ساتێک بێدەنگی بۆ یادوبیرەروەریی شەهیدانی کوردستان دەستپێکرد. پاشان کاک کەماڵ کەریمی کۆمەڵێک باسی پێوەندیدار بە سیاسەتەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی هێنایە گۆڕێ، وەک سیاسەتاکانی کۆماری ئیسلامی لە نێو خۆی وڵات،




هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان و شەڕی داعش، رۆژهەڵات میحوەری، مەسەلەی یەکگرتنەوەی دیموکراتەکان و کۆمەڵێک پرسی دیکە.

بەشی کۆتایی سیمینارەکەدا کات بۆ ڕەخنەو پێشنیاری ئامادەبووان تەرخان کراو لە کۆتایی دا کاک کەماڵ کەریمی وەڵامی بەشداربووانی دایەوە.

# ڕێزگرتن لە ٦٩هەمین ساڵەوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان

## کۆیە بنکەی دەفتەری سیاسی: بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٦٩ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان

حیزبی دیموکراتی کوردستان بەشکۆوە یادی دامەرزانی کۆماری کوردستانی بەرز ڕاگرت.



حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕێوەڕەسمێکدا کە ڕۆژی پێنجشەممە، ٢ی ڕێبەندان بەبۆنەی ٦٩ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبو ئەندامو میوان بەڕێوەی برد.

ڕێوڕەسمی ٦٩ ساڵەی دامەزانی کۆماری کوردستان بە سرووودی نەتەوەیی ئەیرەقیبو ڕاگرتنی ساتێک بە بێدەنگی بۆ ریزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی حیزبو گەل، بە تایبەت شەهیدانی کۆماری کوردستان دەستی پێکردو پاشان وتاری دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسییەوە پێشکێش کرا.

لەو پەیامەدا هاتبوو پێکهاتنی کۆماری کوردستان، ئەو ڕووداوە سیاسیو نەتەوەییەیە کە دەهێنێ هەموو ساڵێ بە شانازییەوە یادی بکەینەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان، خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستانو لەمەش زیاتر نەتەوەی کورد لە تەواوەتیی خۆیدا، هەر کامیان بە هۆو دەلیلی تایبەت، لە سەریانە هەموو ساڵێ بەو پەڕی ڕێزو وەفاوە یادی ئەو ڕووداوە گرنگە بکەنەوە. حیزبی دیموکراتی کوردستان، حەقیەتی شانازی بە خۆی بکا، چونکە دامەزرێنەری ئەم دەوڵەتە پڕشوێنەوارە بووەو پێشەوای ئەم حیزبە، سەرۆکایەتیی ئەو کۆمارەی کردوە.

کاک قادر وریا لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەی دەفتەری سیاسیدا گوتی کۆماری کوردستان، کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە شاری مەهاباد پێک هاتبوو، بێ ئەوەی بەمافیخۆیبزانیبڕیاربۆهەمووپارچەکانیکوردستانبدا،باوەشیبۆتێکۆشەرانو دڵسۆزانیکوردلەهەمووپارچەکانکردبۆوە. ئەگەربارزانییەکانبەسەرۆکایەتیمەلامستەفابارزانیو ئەگەر ئەفسەرانی شۆڕشگێڕو مامۆستایانو ڕووناکبیرانی نەتەوەییو دڵسۆزی باشووروبەشەکانیدیکە،بێهیچچاوەڕوانییەکوتەنیابەنیازیخزمەتهاتبوون ەژێرسێبەریدەسەلاتیکۆمار،دەوڵەتیجمهووریکوردستانیش،بەوپەڕیریزوپێزانینەوە، شانبەشانیخەڵکیخۆولاتیو تەنانەت لە پێشەوەی ئەوانیش، کاروباری ئەم دەسەڵاتە کوردییەی پێ سپاردبوون و نەریتی هاوکاریی دوولایەنە لە نێوان دەسەلاتی کوردیو تێکۆشەرانی بەشەکانی دیکە، لە کۆماری کوردستانەوە داهاتوە.

لە بەشیکی دیکەی ئەو پەیامەدا هاتبوو کە ئێمە دەزانین کە بەرەوپیشچوونی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو نزیکبوونەوە لە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، لە گرەوی یەکڕیزیی خەڵکەکەمان و یەکگرتوویی و هاوخەباتیی هێزە سیاسییەکانی ئەو بەشە دایە. لەم بیرەوەرییە مێژووییەدا، جاریکی دیکە بەڵین بە خەڵکی کوردستان دەدەینەوە کە لە هەوڵو تێکۆشان بۆ لێکنزیکبوونەوەو دروستکردنی بەستێنی گونجاو بۆ هاوخەباتی و کاری هاوبەش، غافڵ نەبین.

دوای وتاری دەفتەری سیاسیی حیزب سروودێک لەلایەن کۆڕی هونەری حیزبەوە بەناوی «سروودیگەرچیزستانبوو» پێشکێشکراودواترپەیامیهاوبەش ییەکیەتییژنانیدێموکراتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٦٩ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لەلایەن پێشەوا عەلیپوور بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە خوێندرایەوە.

لە بەشێکی ئەو پەیامەدا هاتبوو کە کەم نین ئەو هێزانەی لەپێناو بەرژەوەندی شەخسی و حزبیدا خۆیان لەگەڵ واقیعێکی نەخوازراوی گەلەکەیان دەگونجێنن، بەڵام حزبی دیموکراتی کوردستان و پێشەوا قازی محەمەد ڕەستەیەکی نەگۆری خستە ناو قامووسی ئەدەبیات و کرداری سیاسیی، ڕەستەیەک کە سەدان ساڵە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشوێنیدا وێڵە، ئەویش ئەوەیە کە «خوێنی سەرکردە لەهی خەڵکەکەی کە سەرۆکایەتی دەکات سوورتر نییە.» کۆماری کوردستان لەدایکبوونەکەی چەندە گرانبەها بوو، مردنەکەشی سەد هێندە بەنرختربوو، چونکە جارێکیتر ئەخلاقی لەگەڵ سیاسەت ئاشتکردەوەو، پێشەوامان بەپێچەوانەی ئەوەی لەئازەربایجان ڕوویدا، خۆی فیدای خەڵکەکەی کرد. هەربۆیەش ئێستاش دوای ٦٩ ساڵ تاکە شانازی نەتەوەیەکی بێدەوڵەت هەبوونی کاریزمایەکی ئەخلاقییە، کەنەبوونیشی یەکجار زۆر واتادارە.

سروودی «یادی کۆمار»و خوێندنەوەی شێعری پێشمەرگە لەلایەن پێشمەرگەی شاعیر ڕەسووڵ سوڵتانی، گۆرانیی «بارگەی خەم» لەلایەن بێهرووز لوتفی گەشتێک بە ناو گۆرانیی فۆلکلۆر لەلایەن کۆڕی هونەریی حیزب چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمە بوو.

ڕێوڕەسمی ٦٩ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە پیرۆزبایی بەشدارانی ئەو کۆڕیادە لە یەکترو نوێکردنەوەی پەیمانی وەفا لەگەڵ دامەزرێنەرانی کۆمار بۆ درێژەدانی ڕێگایانو هەوڵدان بۆ وەدیهێنانەوەی ئامانجەکەیان کۆتایی پێهات.

### سوئێد



ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٤ی ژانوییەی ٢٠١٥ی زایینی، ئەنجومەنی کۆمەڵە کوردییەکان لە ڕۆژئاوای یوتەلاند لە وڵاتی سوید، ڕێوەسمێکی بۆ ڕێز گرتن لە یادی ٢ی ڕێبەندان ٦٩هەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان پێکهێنا.

ڕێوڕەسمەکە بە بەشداریی جەماوەرێکی زۆر لە ڕەوەندی کوردی لە شاری یوتوبوری و دەوروبەری و هەروەها بەشکی زۆر لە هێزە کوردستانییەکان بەڕێوە چوو.

بەرنامەکە بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و دەقیقەیەک بێ دەنگی بۆ ڕێز گرتن لە شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

دوابەدوای ئەوەدا پەیامی ئەنجومەنی کۆمەڵە کوردییەکان لە ڕۆژئاوای یوتەلاند لە لایەن کەریم حوسینی ئەندامی ئەنجومەن پێشکەش کرا .

پاشان پەیامی ئەنجومەن بە زمانی سویدی لە لایەن سۆما حوسینی کچە لاوی کوردی دانیشتوی یوتوبوری خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکە ئەو سمینارە دا مەریوان نەستانی، باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە کۆماری کوردستان و فەلسەفەی دروست بوونی ئەو کۆمارە و پێگە و جێگە و کارتێکەری کۆماری لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە هەتا ئەمڕۆ پێشکەش کرد.

بەشی هونەر و گۆرانی بە دەنگی خۆش و زوڵالی کاک خالید یوسفی دەستی پێکرد ، لەم بەشدا هونەرمەندان فیگان و بەهار ، کاک فەریبورز کەرەمی ، فەرزین هەورامی و کەیهان کرماشانی هونەرنماییان کرد و بوونە هۆی زیاتر ڕازاندنەوەی ڕێوڕەسمەکەمان. گۆرانی و هەڵپەڕکی تا درەنگانێکی شەو بەردەوام بوو.

### ستۆکهۆڵم

ئێوارەی ڕۆژی ٤ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی بە بەشداری سەدان کەس لە ئەندامان لایانگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کوردستانیانی دانیشتووی وڵاتی سوید، شەوئاهەنگێک لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی وڵاتی سوید کە لایەن کومیتەی سویدی حیزب و بە هاوکاری یەکیەتییەکانی لاوان و ژنان و کۆمەڵەی کوردی سویدی پێکهێنرا.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە گوتنی سرووودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان ڕێورەسمەکە دەستییپێکرد.

دواتر پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٦٩ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە لایەن کەماڵ گروێسی ئەندامی کۆمیتەی گشتیی حدک خوێندرایەوە.



پاشان پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە لایەن شلێر حەسەنپوور خوێندرایەوە. دواتر بروسکەی پیرۆزبایی حیزب و ڕێکخراوە کوردی و سوئێدییەکانی بەشداری ڕێورەسمەکە خوێندرایەوەکە بریتی بوون لە:

نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سوئێد

نوێنەری سەنتەری پارتی، پەیامی ئەم ڕێکخراو و کۆمەڵانەش گەیشتبوونە ڕێورەسمەکە کە بریتی بوون لە: یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان، کۆمەڵە ی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستان، کانوونی ئایینی کاکەیی (یارسان)، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵە کولتوری‌یەکان لە سوئێد، کۆمەڵەی دڵپاکانی کورد، کۆمەڵگەی گەلی کوردستان، ناوەندی سوئێدی کوردی کۆمیتەی کەم ئەندامان و بەساڵاچووانی لینشۆپینگ.

دوا بڕگەی شەوئاهەنگەکە بە گۆرانیی هونەرمەندانی لاو و دەنگخۆشی کورد: ڕۆژ کەریم، شۆڕش بۆکانی و باوان کەریمی تا درەنگانی شەو درێژەی هەبوو و میوانان بە هەڵپەڕکێ و شادی، یادی دامەزراندنی یەکەمین حکومەتی سەربەخۆی کوردستانیان بەرز و پیرۆز ڕاگرت.

### سوئیس



کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئیس یادی ٦٩ هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت.

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئیس بە هاوکاریو هاوبەشیی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ٢٧ی بەفرانبار بە بەڕێوەبردنی ریوڕەسمێک بەرەو پیلی ٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان چوون.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە سرودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ریزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی حیزبو گەل دەستی پێکرد، زاهید شاعیری، بەرپرسی کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیەوە پەیامی پیرۆزبایی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ڕێوڕەسمەکەی پێشکەش کردو لەسەر بارودۆخی ئێستای خەباتو بزووتنەوەی سیاسیو مەدەنیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ بەشداران دوا.

خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن ئاریا جەبارپوور، بەرپرسی کۆمیتەی ئەو ڕێکخراوەیە لە سوئیس، پەیامی حیزبی کومونیستی ئێران، شاخەی کوردستانیی کۆمەڵەو، پێشکەشکردنی چەندین سروودو گۆرانیو بەستەی شۆڕشگێڕیو هەروەها کۆمەڵێک هەڵبەست لەلایەن چیمەن بارامیرزاو خوسرەو مستەفانزاد، چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەوریوڕەسمە بوون. لە بەشێکی دیکەی ئەم بەرنامەیەشدا لە لایان یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە ڕێزنامە پێشکێش بە چەند ژنی چالاک کرا.

### ئاڵمان

کۆمیتەی ئاڵمانی حێزبی دێموکراتی کوردستان بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕسمێک یادی کۆماری کوردستانیان کردوە.

کۆمیتەی ئاڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی شەممە ٢٧ی بەفرانبار بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، شەستو نۆیەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ریورەسمێکی بە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامان، لایەنگرانو دۆستانی حیزب و هەروەها نوێنەرانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانیەکان لە شاری فرانکفۆرت بەرێوە برد.

لەو ڕێورەسمەدا کە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیبو ساتێک وەستان بەبێدەنگی بۆ ڕێزنان لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، ئەحمەد تاشک بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی کومیتەی حیزبی لە ئالمان لەلایەن کۆمیتەوە وتارێکی پێشکێش کرد.

بەڕێزیان لە وتارەکەیدا بە ئاماژە بە دۆخی ئێستای کوردستانو بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، باسی لە چۆنیەتیی تێکۆشانو بەرنامەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ خەباتو چەمکی ڕۆژهەڵات تەوەری کرد.

لە درێژەی بەرنامەکانی ئەو جێژنەدا لەلایەن حەلیمە خوسرەوی و خالق شەریفی، دوو بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمەکە کۆمەڵێک بابەتو شێعرو پەخشان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان خوێندرانەوە.

دوابرگەی ڕێوڕەسمەکە بە شاییو گۆرانی درێژەی پێدرا.

شایانی باسە ئەو هێز وڕێکخراوانەی کە پەیامیان بۆئەمڕێوڕەسمە ناردبوو بریتی بوون لە :

کۆمەڵە- سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران.

### نۆروێژ:

ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی شاری ئۆسلۆ و دەوروبەری نۆروێژ یادی ٦٩هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان کردەوە.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ١١ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانو لایەنگرانو هەروەها کوردانی دانیشتووی ئۆسلۆو دەروروبەری لە وڵاتی نۆروێژ ریورەسمێک بەبۆنەی ٦٩هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەرێوەچوو، سەرەتای رێورەسمەکە بە سرووودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب»و چەند ساتێک بێدەنگیی بۆ ڕێزگرتن لە فیداکاریو گیانبازیی شەهیدانی ڕێگای بەختەوەریی کوردستان دەستی پێکردو دواترا پەیامی کۆمیتەی حیزب بەبۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لەلایەن ئەسعەد خزری بەرپرسی کۆمیتەی نۆوروێژی حیزبەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی رێورەسمی یادی ٦٩هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری



کوردستان پەیامی کۆمیتەی هاوبەشی هەشت رێکخراوی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان، واتە: حیزبی دێموکراتی کوردستان، رێکخراوی خەباتی شۆرشگێری کوردستان، پارتی سەربەخۆیی کوردستان، پارتی ئازادیی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی سەربەستیی کوردستان، رێکخراوی دێموکراتیکی یارسانو رێکخراوی یاریکورد کە لەژێر ناوی کۆمیتەی هاوبەشی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ چالاکیی هاوبەشیان هەیە لەلایەن بەرێز «کامران مرادیان»ەوە پێشکەش کرا.

لە برگەیەکی دیکەی رێورەسمی ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، فیلمێکی بەڵگەنامەیی کە لەژێر ناوی «١١ مانگو ٢٠ رۆژ بەختەوەریی» کە لەلایەن هونەرمەند سمایلی مامڵێوە ئامادە کرا بوو پیشاندراو فیلمەکە بە پشت بەستن بە دەیان بەڵگەنامەی مێژوویو دیمانە لەگەڵ شایەتحاڵو چەند کەس لە وەزیرو بەشدارانی حکوومەتی کۆماری کوردستان لە چەند ڕەهەندەوە خاڵە سەرکەوتووەکانی یازدە مانگو بیست رۆژ حکوومەتی کۆماری کوردستانی بۆ جارێکی دیکە بۆ بەشداران زیندوو کردەوە.

بەشی کۆتایی ٦٩هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بە شاییو گۆڤەندی کوردی درێژەی کێشا.

### دانمارک

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣١ی ژانوییەی ٢٠١٥ بە بۆنەی شەستو نۆیەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان کومیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان مەراسمێکی پرشکۆی بە بەشداری رادەیەکی بەرچاو لەئەندامانی و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و نوێنەرو ئەندامانی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵەی کولتورییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان لە شاری گریوە وڵاتی دانمارک پێک هێنا.

رێورەسمەکە بە سرووودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب و خولەکێک بێدەنگی بو رێزگرتن لە شەهیدانی حیزب و گەل دەستی پێکرد. لە لایەن بەڕێوەبەری بەرنامە ئەحمەد ڕەحمانی بە خوێندەنەوەی پارچە شێعریک ڕێزبەندی بەرنامەکانی ڕاگەیاند، پاشان پەیامی کومیتە دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن کاک خالید رەواندوست ئەندامی کومیتە خوێندرایەوە.

لە درێژەی بەرنامەکە دا پارچە هۆنراوەیەک بۆ کۆمار لە لایەن کاک ئەحمەد ڕەحمانی بەرێوەبەری بەرنامەکە خویندرایەوە، پاشان پەیامی پیرۆزبایی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە لە لایەن نوێنەرانیانەوە پێشکەش کران کە بریتی بوون لە: کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئیران، کۆمەلەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان، کۆمەلە ی زەحمەتکێشانی کوردستان، یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، پارتی ئازادی کوردستان (باکوور)، فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی ولاتی دانمارک.

لە کۆتایی رێورەسمەکەدا بە شایی و هەڵپەرکێی ئامادە بووان کۆتایی هات.

# کۆماری کوردستان لە هاوکێشە سیاسییە جیهانیەکاندا



ئازادکەریمی

ڕۆژنامەی « کوهستان» ژمارەی ١٥، ڕۆژی شەممە ١٤ی جۆزەردانی ١٣٢٤ی هەتاوی، ڕاپۆرتێکی دەستەی چاودێری دەوڵەت (هیئت بازرسی) بڵاودەکاتەوە کە لە بەشێکیدا هاتوە: «کوردستان وڵاتێکی سەربەخۆیەو شاهنشینێکی کوردی تێیدا دەسەڵاتداری دەکات. ئەنجومەنی وەزیران و هێزی بەرگری تێیدا بەرپاکراوە و ستاندنەوەی کوردستان پێویستی بە دەستێوەردانی سەربازیو نیزامی، خوێنڕژترینو کوشتار، لە ناوبردنی نەیاران و دژبەران و داماڵینی چەکی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە هەیە» (١). دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەرئەنجامی هەموو پەرەسەندنە سیاسییەکانی دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی سەدەی بیستەم بوو. وەرچەرخانە سیاسییەکانی قۆناغی دەسپێکی پاش شەڕی دووهەمی جیهانیو بەدناو بوونی فاشیسم بە ئەزمونی ڕسواو بێ ئاکامی نازیسمی هیتلێریو کۆتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٥ کە بە زیاتر لە کوژرانی ٤٠ ملیۆن مرۆڤ لە ئوروپاو ناوچە جیاوازەکانی جیهانەوەو سەرکەوتنی سۆڤیەتی کۆمۆنیستی بە سەر ئاڵمان‌دا، کۆلۆنیالیسم یان « استعمارگری» ی کلاسیکی خستە ئاویلکەوە. چێرچیل بریتانیای لە ژێر بۆنی باروت، پەردو، وێرانەو جۆگەی خوێن‌دا کردە براوەی شەڕ، بەڵام ئازادیخوازانی موستەعمەراتی پاشایەتی بریتانیا نەیاندەتوانی لەوە زۆرتر «دان بە خۆداگرتن» بکەن بە تاکتیک بۆ دروست کردنی کۆشکی ئازادیی خەیاڵەکانیان لە دنیای ڕاستییەکانی ژیان‌دا. سۆڤیەت بە پێچەوانەی بریتانیا لای سەرووی ئێرانی چۆڵ نەکرد هەربۆیە بریتانیا کەوتە بزاڤێکی بێوێنەی دیپلۆماتیکەوە بۆ ئەوەی سۆڤیەت بە شێوازێکی کەم تێچوو- لە هەموو بوارێکەوە- لە ئێرانی پەیمانی سێنتۆ (سەعداباد ١٩٣٧) بکاتە دەرەوە. شارەزایانی سیاسی دەزانن بڕیارنامەی سێنتۆ لە ژێر چاودێری بریتانیا لە ساڵی ١٩٣٧دا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیای کۆلۆنیالیستی(استعماری) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، جیهانی عەرەبی و هێندوستان بە هاوبەشی ئێران، عێراق، تورکیاو ئەفغانستان مۆرکرا... ماخولیای ئێران، تورکیاو عێراق لە بابەتی شۆڕشەکانی کورد کە بە شێوازی دەورەییو ناوبەناو لەوسێ دەوڵەتەدا سەری هەڵئەداو دراوسێ بوونی کورد لە گەڵ قەفقاز کە بەشێک لە قەڵەمڕەوی سۆڤیەت بوو، هەروەها هەبوونی بەشێکی بەرچاوی کورد لە ڕووسیا وەک دانیشتوو، مەترسی دەستێوەردانی سۆڤیەتی لە دۆزی کورددا بۆ ئەو سێ دەوڵەتە زەق دەکردەوە، هەربۆیە پەنایان بۆ هەموو جۆرە ئامرازێکی ناڕەوا دەبرد کە ڕەواڵەتی بابەتەکە بگۆڕن بۆ ئەوی کە دۆزی کورد مەترسییە بۆ ئاسایشی ناوچە کە و هەروەها دنیا! هەمووی ئەم شانۆگەریە فیڵبازانەش وەک کارتێکی» پۆکێر»بوو لە قوماری سیاسی نێودەوڵەتی ئەوسەردەمەدا.

بریتانیا لە کاتی شۆڕشەکانی کورد لە لوتکەی دەسەڵاتداری جیهان‌دا بوو... هەربۆیە هەر بابەتێکی سیاسیو گۆڕانکارییەکانی ناوچەیی لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی بریتانیاوە خوێندنەوەی بۆ دەکرا کە لە ژێر ئەم مەتەڵۆکەدا لەقاو دەدرایەوە: «هەتاو لە ئێمپراتوریای بریتانیادا ئاوا نابێت»، دیارە مەبەستەکە سەرتاسەری جیهان دەگرێتەوە.

بەهەرحاڵ سۆڤیەت لە دوای شەڕی دووهەم ڕووی لە گەشە بوو، دروشمەکانی بۆ ئازادی گەلان، گوێگری تامەزرۆی لە دنیادا بۆخۆی پەیدا کردبوو... بریتانیا لە هەمبەر سۆڤیەت‌دا خۆی بە دۆڕاو دەزانیو ئەمریکاش وەک یەکەم براوەی شەڕی دووهەم تازە سەری هەڵدابوو،فەڕانسەش دەوری نەمابوو.

چۆڵ نەکردنی ئێران لە لایەن سۆڤیەتەوە بە گوێرەی دەرهاتەی کونفرانسی تاران (١٩٤٣ز) کە تێدا پێشبینی کرابوو لە دوای لە ناوبردنی هیتلێر دەبێ بریتانیاو سۆڤیەت لە باکوورو باشووری ئێران بچنە دەرەوە وسەرپێچی کردنی سۆڤیەت لە پەیمانی تاران بیانووی دایە دەستی بریتانیاو ئەم دەوڵەتە سکاڵای لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دژ بە سۆڤیەت بەرز کردەوە، کۆماری کوردستان بۆ کوردو ئێران، تورکیا، عێراق یەک مانای هەبوو، یەکەیەکی خودموختار واتە یەک دەوڵەت یان یەک فەرمانڕەوایی نەتەوەیی بە گوێرەی یاسای نێونەتەوەیی(حقوق بین‌الملل) کە ئەم سێ ئایتەمەی لە خۆی دەگرت:

١- توانای دروست کردنو چاکسازی لە یاساکاندا بە پێی سیستەمی یاسایی وڵات

٢-دەسەڵاتی سیاسیو ڕەوشتی(اخلاقی) دەوڵەت، لەو ڕووەوەکە دەسەڵاتی یاسایی لە سنورەکانی خۆیدایە

٣- سەربەخۆیی سیاسیو دادوەری(قضایی) کۆمەڵگەیەکی سیاسیو ڕامیاری(٢)

لە ڕاستی‌دا هەروابوو، کۆماری کوردستان لە ماوەی نزیک بە یەک ساڵ فەرمانڕەوایی خۆی‌دا خاوەن «حاکمیت ملی» یان (فەرمانڕەوایی نەتەوەیی) خۆی بوو... لەوانەیە پێویست نەکات بچینە ناو وردەکاریەکانی هەڵسوکەوتی ئیداریو فەرمانڕەوایانەی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦دا بۆ سەلماندنی ئەوەی کە بەرەی دژە کورد( ئێران- عێراق- تورکیا) ئەم بابەتە واتە ڕەفتاری سیاسی کۆماری کوردستان بۆچی وەک زەنگی مەترسی بۆ خۆی لە قەڵەم دەدات، لە ڕاستی‌دا بۆ ئاتاتورک و ڕەزاشاو مەلیک فەیسەڵ بەشداری کردن لە پەیمانی سەعداباد زیاتر لەوەی دەربڕینی هەستی وەفادارنەو نۆکەر سفەتیان بێت بۆ بریتانیا، وەرگرتنی گارانتیەکی گەورەی نێونەتەویی لە سەرووی هەموویەوە بریتانیا واتا زلهێزی جیهان لەو سەردەمەدایە بۆ ئەوەی مەترسیو خەمی گەورەی» دەوڵەتی کوردستان» لە پاڵدەستیان‌دا بڕەوێنێتەوە کە ناوەندی وزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە....



بەهەرحاڵ ئەگەر دەڕوانینە ڕەفتارەکانی دەوڵەتێکی دژبەری کورد وەک تورکیا دەردەکەوێت لە بەرپاکردنی کۆماری کوردستان هەراسان بووە. بەڵگەش ،نامەی» ئیدێن» وەزیری دەرەوی بریتانیایە بۆ «مۆلۆتۆف» وەزیری دەرەوی سۆڤیەت سەبارەت بە گازندەنامەی «حەیدەرئۆکتای» وەزیری دەرەوی تورکیا بۆشاژنی بریتانیا لە مەڕ مەبەستەکانی کورد بۆ بەرپاکردنی دەوڵەتی کوردستان هەروەها دەوڵەتی عێراق زۆربە توندی هێرشی کردە سەر شۆڕشی یەکەمی مەلا مستەفای بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣دا لە بەر ئەوەی ئاگای لە جموجۆڵی کوردەکانی ڕۆژهەڵات هەبوو کە دەیانویست چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن لە ڕێگەی بەرپاکردنی کەیانێکی سیاسی‌یە وە کە ڕێکخراوی «ژ. کاف» خەریکە پڕوپاگەندەی بۆ دەکات و ئەوێ بووە بە پێگەی کوردانی ئازادیخواز لە هەموو بەشەکانی کوردستان‌ولە سەروو هەموویانەوە ئێران، دژبەری ڕاستەوخۆی کۆماری کوردستان هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ ئەوەی کۆماری کوردستان لە ناو ببات. هەربۆیە کەوتە سیخوڕی کردن لە کوردستان‌دا تاکوو خاڵە لاوازەکانی کورد لەو گڵو خولەدا بدۆزێتەوەو زەبری جەرگبڕی لێبدات.

شەڕەکانی یەکەم و دووهەمی سەقز لە ساڵی ١٩٤١دا هەتا دەگاتە هەوڵەکانی بۆداگیرکردنی مەهابادی پایەتەختی کۆمار لە دوای پەیمانی گڵۆلان لە ساڵی ١٩٤٦دا لە ڕێگەی سەردەشتو سەقزەوە کە شەڕی یەکەمو دووهەمی مامەشاو قاراواو شەڕی مێرەدێ نموونەن بۆ توندوتیژی دەوڵەتی تاران لە دژی کۆماری کوردستان.

دیارە بریتانیاو سۆڤیەت گەمەی خۆیان دەکرد لە گۆڕەپانی سیاسەتی نەفتی جیهانی‌داو هەم کۆماری کوردستانو هەم دەسەڵاتەکانی دژبەری کۆماریان بەیەک چاو دەبینی، بەڵام کێشەکە لەوەدا بوو بەرژەوەندیەکانی کورد نەدەچوە خانەی دابین‌کردنی بەرژەوەندیەکانی بریتانیاو سۆڤیەتەوە، هەرچەند لە سەرەتادا وادەردەکەوت سۆڤیەت لە بەدیهێنانی دروشمەکانی‌دا ڕەوشت بەرزی دەپارێزێت، بەڵام لە دوایی‌دا دەردەکەوت گرێبەستی نەوتی دەریای قەزوین ناسراو بە» گێس- گوڵشاییان» هەمان هاتو هاواری بریتانیایە بۆ دابین کردنی بەرژەوەندیە نەتەوەیەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە کوردستان بەشێک لەو نەوتەی لە ژێر خاکەکەیدا هەبوو. بەڵام بۆچی کوردستان وەک دەوڵەتێکی خاوەن بەرژەوەندی دەسکەوتێکی بۆ وەدی‌نەهاتو تەنانەت دەسەڵاتەکەشی کۆتایی پێهات؟ یەک وڵام ڕوونو ئاشکرایە، نەبوونی پێگەی دیپلۆماسی لە فەرهەنگی سیاسی جیهانی سەدەی بیستەم‌دا... ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی کورد لە سەدەکانی پێشوودا،کورد هیچکات وەک یەکەیەکی سیاسی نێونەتەوەیی لە گۆڕەپانی ڕووداوەکانی جیهان‌دا دەرنەکەوتبوو... ڕاستە میرانی کورد فەرمانڕەوای هەرێمە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بوون، بەڵام هیچکات وەک دەوڵەت لە گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانی سەدەکانی دوای ڕۆنێسانسدا دەرنەکەوتبوون. ئەوە لە کاتێکدا بوو سەفەوی، قاجاروعوسمانی لە گەڵ ڕۆژدا سیاسەتیان دەکردو بنکەی ئیداری نەتەوەیی خۆیان لە جیهانی سیاسەت‌دا دەپاراست.

بەهەرحاڵ کورد لە کۆماری کوردستان‌دا بەختی خۆی تاقی کردوەوئەزمونێکی هەرچەند کەم ماوەی پێشکەشی جیهانی سیاسەتو فەرهەنگی یاسای نێودەوڵەتی کرد، هەرچەندە لە تەوەژمی ڕکابەریو بەرانبەرەکێی سیاسی زلهێزەکاندا لە ناوچوو، هەروەها دەوڵەتانی دژبەری بەم ڕوخاندنە شادو بەختەوەر بوون، بەڵام ڕاپۆرتی «هەیئەتبازرسی» یەک ڕاستی دەدرکێنێ: لە ناوبردنی کوردو داگیرکردنی کوردستان تێچووی زۆری دەبێتو ئەگەر دەوڵەتانی نەیاری دۆزی کورد بیانهەوێت کورد لە ناو ببەن دەبێ لە مانەوەی خۆیان لە گۆڕەپانەکەدا ماندوو بووبێتنو دەستیان لە خۆیان داشۆردبێت... ئەزمونەکانی ساڵانی دواتر ئەم ڕاستیەی بۆ ئێرانییەکان دەرخست دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دانەخراویەو بە دانەخراوەیی دەمێنێتەوە...

ژێدەرەکان:

١- قاضی محمد و جمهوری درآینەی اسناد/ بهزاد خوشحالی، چاپ یکم، فردوسی، همدان ١٣٨٠ ص٢٧٥

٢- دانشنامەی سیاسی (فرهنگ اصطلاحات و مکتبهای سیاسی)/ داریوش آشوری، چاپ چهاردهم انتشارات مروارید١٣٨٦ تهران

٣- جمهوری کوردستان/ حامد گەوهری، چاپی یەکەم، ٢٠١٣، چاپخانەی شهاب، اربیل، مترجم حسن ماورانی، ص٤٧

# کۆیە: باسێک لەسەر «ڕۆژهەڵات مێحوەری» لە کۆبوونەوەیەکدا بۆ بەشێک لە ئەندامی حیزب

لە کۆبوونەوەی بەشێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان باسێک لە ژێر ناوی «ڕۆژهەڵات مێحوەری لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی خەبات دا» پێشکەش کرا.

لە درێژەی کۆبوونەوەکانی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا لە گەڵ ئەندامان و لایەنگرانی ئاشکرای حیزب لە باشووری کوردستان، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ١٠ ڕێبەندانی ١٣٩٣ی هەتاوی، ناوەندی ٢ی کوردستان کۆبوونەوەی بۆ بەشێک لە ئەندامانی حیزب، دانیشتوو لە شاری کۆیە پێک هێنا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە لە بنکەی ناوەندی ٢ی کوردستان دا پێک هات، سمایل شەرەفی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی لە ژێر ناوی» ڕۆژهەڵات مێحوەری لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی خەبات دا» پێشکەش کرد.



ناوبراو بە ئاوڕدانەوەیەک لە ڕۆل و کاریگەریی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان، باسی لە هەوڵ و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ چالاکردنەوەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد.

دواتر شەرەفی، پەڕژایە سەر شیکردنەوەیەک لە سەر چۆنیەتی هاتنە ئارای دەستەواژەی «ڕۆژهەڵات تەوەری» لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەوەیکە چۆن دەتواندرێ ئەم گوتارە بەکردەوە کاری پێ بکرێ.

لە دوایین بەشی ئەم کۆبوونەوەیەدا بەشداران تێبینی و پێشنیارو پرسیارەکانی خۆیان هێنایە بەر باس کە دواتر لە لایەن بەڕێز سمایل شەرەفی یەوە وڵام درانەوە.

نۆڕوێژ:

# دیداری بەرپرسی بەشی پێوەندییە بیانییەکانی حدک لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە

بەرپرسی بەشی پێوەندییە بیانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆڕوێژ لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەدیدارو چاوپێکەوتنی کرد.

لەو دیدارەدا ناسرقادرپوور، بەرپرسی بەشی پێوەندییە بیانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ لەسەر پرسی کورد لەڕۆژهەڵاتی کوردستانو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، قورسایی کورد لەشەڕی دژی داعش و تیرۆر، لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتەئاڵوگۆڕی بیروڕای کرد.

لە میانەی سمیناریکی ٢ ڕۆژەدا کە لە لایەنی حیزبی دێموکرات مەسیحی نۆروێژ بۆ تاوتوێی سیاسەتی دەرەوەی نۆروێژ ڕێک خرابوو، هەندێ بابەتی جۆراوجۆری پێوەندیدار بە دنیای ئەمرۆ و بەتایبەتی مەسەلەی تیرۆریزم و دروستبوونی گرووپە ئیسلامییەکانی وەک داعش لە سووریەو عێراق و بوکوحەرام لە ئافریقا بە بەشداری وەزیری دەرەوەی نۆروێژ لە ئۆسلۆ بەرێوەچوو.

لەو سمینارە دوو ڕۆژەیەدا ناسر قادرپوور، بەرپرسی بەشی پێوەندییە بیانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ لەگەڵ زۆر لە کەسایەتییە سیاسی و حیزبیەکانی وڵاتی نۆروێژ دیدارو چاوپێکەوتنی هەبووە و سەبارەت بە پرسی کورد و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵوگۆری بیروڕایان کردووە کە یەک لەو دیدارانە دەگەڵ بەڕێز « بۆرگە برێندە»، وەزیری دەرەوەی نۆروێژ بوو کە لەو دیدارە دا نوێنەری حیزب چەند خاڵی گرینگی وەک مەسەلەی مافی مرۆڤ لە ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی باس کرد.



دیدارەدا باسێکیش لە سەر بارودۆخی زیندانیانی سیاسی کورد و مانگرتنی ئەم دوایانەی زیندانیانی سیاسی کوردی زیندانی ورمێ کراو و لە کۆتایی دیدارەکەدا ناسر قادرپوور باسی لە پێوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ لەگەڵ حیزبی راستی نۆروێژ کە ئێستا حکوومەتیان بە دەستەوەیەو وەزیری دەرەوەش ئەندامی بەرزی ئەو حیزبەیە، هێنایە گۆڕێ.

# شۆڕشی ٥٧ و کاریگەرییەکانی لەسەر بزاڤی میللی-دیموکراتیکی کورد



ئارەش لورستانی
و: ئاڵەشین


شۆڕشی ١٣٥٧ تەقگەرێکی جەماوەری بوو بە بەشداری تەواوی چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگە، ڕاپەڕینێکی گشتی بوو بۆ پەڕینەوە لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دامەزرانی دیموکراسی لە ئێران. بەتاڵانبرانی شۆڕش لە لایەن داهێنەرانی تێزی بەناو کۆماری ئیسلامی، دیکتاتۆرییەکی تازەی لە ئێران دامەزراند کە ئەو ئەزموونە تاڵ‌و شکستخواردوویە دەتوانێ هەڵەو پەڵەکانی رابردوومان لێ روون کاتەوەو سەرکەوتنی داهاتوومان بۆ مسۆگەر بکا. لەم کورتەنووسینەدا شەنوکەوی گرنگترین کاریگەرییەکانی شۆڕشی ٥٧ لەسەر بزووتنەوەی میللی-دیموکراتیکی کورد، دەکەین.

ئەگەر لە روانگەی خەڵکی ئێران، زلهێزەکان‌و گەلی کوردەوە باندۆری شۆڕشی ٥٧ لێکبدەینەوە، نووسەر دەتوانێ بە شێوەیەکی روونتر نێوەرۆک و کاکڵی وتارەکە بخاتەڕوو.

**١- خەڵکی ئێران هەتا شۆڕش‌و مافو داواکانیان:** ڕێژەی بەشداری گشتی‌و هەمەلایەنەی خەڵکی ئێران لە شۆڕشی ٥٧دا بە چەشنێکە، کە ئەو شۆڕشە بە یەکێک لە جەماوەریترین شۆڕشەکانی جیهان دەژمێردرێ. شۆڕشێک کە خاڵی دەسپێکی ٧٠ ساڵ پێشتر بوو، واتە لە سەردەمی مەشرووتەوەو پاش هەڵبەزدابەزو نسکۆیەکی زۆر، ئەو نارەزایەتی‌و دەنگهەڵبڕینانە بەری گرت‌و، حکوومەتی پەهلەوی لێخست. بەپێچەوانەی وێنایی باوی کۆمەڵگەو پارتە سیاسییەکان، رووخان و ڕمانی سیستمی دەسەڵاتدار کۆتایی هەموو کێشەو ئارێشەو نادادپەروەرییەکان نەبوو، بەڵکو قۆناخێکی نوێی ژیانی کۆمەڵگە بوو کە دەبووا پارتە سیاسییەکان‌و خەڵکی ئێران بە شێوەیەکی ورد؛ سیستمێکی فرەحیزبی و تۆکمەیان دامەزراندبایە کە تێیدا ماف‌و داواکانی هەموو چین‌و توێژەکانی کۆمەڵگەی تێدا لەبەر چاو بووایەو هاوسەنگییەکی دیموکراتیکی پێکهێنابووا؛ کە گرەنتی متمانەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی کردبوایە. نەبوونی ئەزموونی حکوومەتی دیموکراتیک‌و فەرهەنگی دیمواکراسی لە ئێران، نەبوونی یەکیەتی‌و بەشداری ژیرانە‌و بناخەیی سیاسیی فرەیی لە لایەن حیزبەکانەوە، شێرازەی نەریتی‌و ئایینی کۆمەڵگەی ئێران کە لە بەرانبەر هزرە سیکۆلارەکان خاوەن پێگەو پشتیوانی زۆر بوو، پشتگوێ خستنی فرەنەتەوەیی بوونی ئێران‌و فرە ئایینی‌و فەرهەنگی‌و زۆر فاکتۆری گرنگی دیکە، دەبێ لە لێکدانەوەو دامەزراندنی سیستمی نوێدا رەچاو بکرابایەن، بەڵام ئیحساساتی شۆڕشگێڕیی‌و بڕوامەندی بە قەول‌و بەڵێنییەکانی خومەینی و لایەنگرە مەزهەبییەکانی (دیارە لە متمانەبەخشینەدا وڵاتە رۆژاواییەکانیش کاریگەرییان هەبوو) بووە هۆی هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی کە رابردووو ئاکارو کرداری هەتا ئەمڕۆکە پێمان دەڵێ هەڵبژاردنێکی هەڵە بوو وەک هەناردەی کۆماری ئیسلامی بۆ دنیاو بەتایبەت وڵاتە ئیسلامییەکان، زەنگی مەترسییەکی تازە بۆ رۆژهەڵات ناڤین، بەتایبەت دراوسێکانی ئێران لێدرا. هەروەها داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لایەن لایەنە توندڕەوەکانی نێوخۆی کۆماری ئیسلامییەوە دۆخێکی نوێ‌و چاوەڕواننەکراوی بۆ ئەمریکاو رۆژاوا خوڵقاند.

زلهێزە رۆژاواییەکان بینەری لێکدانەوە هەڵەکانی خۆیان بوون، لە ئاکامدا دوای بەتایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆماری خۆبەڕێوەبەر و دیموکراتیکی نزیک سێ دەیە بەر لە شۆڕشی ٥٧ دامەزرێنێ، کە ئەو ئەزموونە بۆ چالاکە سیاسییە کوردەکان وەک نموونە و سەرچەشنێکی ژیرانەو دروست لەبەر چاو بوو. گەلی کوردو ناسیۆنالیزمی کورد کە لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە رێبەری دەکرا، وەک ئامرازێک بۆ دامەزراندنی دیموکراسی لە ئێران فرەنەتەوەو فرەئایین‌دا دەیڕوانییە شۆڕش‌و، پێی وابوو دەبێ ئەو کە خومەینی و بەرپرسە پلە بەرزەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی لە هەر دەرفەتێک و پوتانسییەلێکدا بۆ سەرکوتی گەلی کورد کەڵکیان لێوەرگرت.

ئەگەر بڕوانینە ئەو سێ فاکتۆرە باسمان کردن، دەبینین ئیحساساتی بەرینی کۆمەڵایەتی و بێئەزموونی سیاسی خەڵکی ئێران‌و پارتە سیاسییە ئێرانییەکان، تێچوویەکی قورسیان خستەسەر شانی گەلی کوردو بزاڤەکەی. بەشێکی زۆری کوردستان لە ماوەی شەڕی ٨ ساڵەدا،



**ئەزموونی شۆڕشی ٥٧ بە روونی دەریدەخـا گەلی کورد چاووگوێ کراوە بەدوای شوناس و بەرژەوەندی نەتەوەیی و مرۆیی خۆیەتی‌و لەپێناو گەیشتن بە ئەو ئامانجە گرنگە، خۆ لە هیچ هەوڵ و تێکۆشان و فیداکارییەک نابوێرێ‌و هەمیشە بە چاوێکی ئەرێنییەوە سەیری نەتەوەکانی دیکەی چوارچێوەی وڵاتی ئێران دەکا**

**٢- هەڵوێستی وڵاتانی رۆژاوایی سەبارەت بە شۆڕشی ٥٧:**

شۆڕشی ئێران نزیک بە سێ دەیە دوای شەڕی دوویەمی جیهانی رووی دا، کاتێک بەرەکانی رۆژهەڵات‌و رۆژاوا لە شەڕێکی رانەگەیەنراو بە ناوی شەڕی ساردا، لە هەموو دنیا بەتایبەت رۆژهەڵاتی ناڤین خەریکی بەهێزکردنی بنکە و پێگەکانیان بوون، ئەمریکاو وڵاتانی رۆژاوایی بە سەرنجدان بەو سیاسەتەی رەچاویان کردبوو، پێشوازییان لە ئێرانێکی مەزهەبی دەکردو دژی ئێرانیک بوون بە هزری چەپەوە ئیدارە بکرێ. خاڵی بەرسەرنج ئەوەیە ئەو کات زۆربەی دراوسێکانی ئێران لەم شەڕەی دوو بلۆکەکە گلابوون، کەواتە ئەو هەلومەرجە ساغ و سەلیمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناڤینی دابەزاندبووو رەوشەکە بە چەشنێک بوو رۆژهەڵاتی ناڤین تاکە وڵاتێکی دیموکراتیکی بەخۆوە شک نەدەبرد. پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی‌و بڵاوبوونەوەی دروشم و بۆچوونەکای هێرشی ئێراق بۆ سەر ئێران چوون دە بەرەی پشتیوانانی ئێراقەوە. لە لایەکیشەوە سووربوونی باوەڕپێکراوانی خومەینی لەسەر شەڕو، هەروەها بڕاوەیی خومەینیش بۆ درێژەدانی شەڕ، بوو بەهۆی شەڕێکی کاولکاری ٨ ساڵە، کە دواجار خەڵکی ئەو دوو وڵاتە تێچوویەکیان بە گیان و ماڵ کێشا.

**٣- بارودۆخی کوردستان‌و شۆڕشی ٥٧ لە روانگەی گەلی کوردەوە:**

ئەگەر بمانەوێ رەوشی کوردستان‌و چاوەڕوانییەکان‌و روانگەی گەلی کورد لەو هەلومەرجەدا بدۆزین، بێشک گرنگترین فاکتۆر بۆ ئەم شرۆڤەیە، رابردووی دوورودرێژی بزاڤی کوردە بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس‌و ئیدارەی کوردستان لە لایەن گەلی کوردەوە. کەشی کوردستان‌و داواو ویستەکانی گەلی کورد دۆخێکی ناوازەی پێکهێنابوو کە دەگەڵ ناوچەکانی دیکە و پێکگرتن نابێ. کوردستان توانیبووی بە پشتبەستن بە خەڵکی خۆجێی کوردو شۆڕشە ببێتە گرەنتی گەشەو هەڵدانی ئەم جیاوازی‌و فرەچەشنە فەرهەنگییانە. گشتپرسی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ لەسەر دەنگدان بۆ «کۆماری ئیسلامی، بەڵێ یا نا»، بەڕوونی نیشانی دەدا خومەینی‌و هاوڕێکانی بەدوای پاوانکردنی شۆڕشەوەن لەپێناو بەرژەوەندیی تاقمی خۆیان‌دا، حیزبی دیموکرات‌و گەلی کورد، ئەو گشتپرسییەی بایکۆت کردو پارتە سیاسییە ئێرانییەکان‌و خەڵکی ئێرانی لەسەر مەترسی‌و کەموکوڕییەکانی ئەو گەلاڵەیە، وشیارکردەوە. بەشداریی نەکردنی زۆربەی خەڵکی کورد لە گشتپرسی‌دا، مەحکوومکردنی داگیرکرانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لایەن توندڕەوەکانەوە لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە، شیعەنەبوونی بەشێک لە خەڵکی کوردی رۆژهەڵات، ناسیۆنالیزمی پتەوی گەلی کوردو پێوەندیی و بەشداریی بەرچاوی خەڵک کورد دەگەڵ حیزبی دیموکرات، پێشوازی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و .... ئەو هۆکارانە بوون بەرەی پێشەوەی شەڕ بووو، پاش شەڕیش سوپاو هێزە چەکدارە تایبەتەکانی کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی بۆ سەرکوتی بزاڤی میللی-دیموکراتیکی کورد لە کوردستان ئامادە بوون. ئەگەرچی ٣٦ ساڵ بە سەر شۆڕشی ٥٧دا تێدەپەڕێ، بەڵام هێشتاش رەوتە سیاسییە دژبەرەکانی سیستمی دەسەڵاتدارو تەنانەت هەندێک لە خەڵکی ئێرانیش بەتەواوی ناشارەزای بارودۆخی کوردستان‌و خەباتی گەلی کورد‌و هەر بۆیە سووک‌و ئاسان گەلی کورد بە جیاییخواز تاوانبار دەکەن.

ئەزموونی شۆڕشی ٥٧ بە روونی دەریدەخا گەلی کورد چاووگوێ کراوە بەدوای شوناس و بەرژەوەندی نەتەوەیی و مرۆیی خۆیەتی‌و لەپێناو گەیشتن بە ئەو ئامانجە گرنگە، خۆ لە هیچ هەوڵ و تێکۆشان و فیداکارییەک نابوێرێ‌و هەمیشە بە چاوێکی ئەرێنییەوە سەیری نەتەوەکانی دیکەی چوارچێوەی وڵاتی ئێران دەکا.

---

## چالاکیی تێکۆشەرانی دێموکرات  بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان شەست ونۆیەمین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە شار و ناوچەکانی کوردستان چالاکیان نواند.

بەپێی هەواڵ و زانیاریيانەی کە لە کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گەیشتون، ئەندامانی چالاکی حیزب لە ناوچەکانی سەردەشت، رەبەت، مەریوان، پیرانشار، بۆکان، به بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی و وێنەی شەهیدانی رێبەرو نووسینی دروشمی تایبەت بە ٦٩ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان، یادی ئەم دەسکەتە مەزنەیان بەرزو پیرۆز راگرت.

**هەوشار**

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری ساین قەڵا یادی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرت.

چالاکانی سەربە تەشکیلاتی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی هەوشار بە بڵاوکردنەوەی تراکتی تایبەتی، یادی ٦٩ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان لە چەند شوێن و گەڕەکێکی شاری ساین قەڵا بەر راگرتوە.

**ناوچەی دێولان**

بەپێی هەواڵی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو چالاکییە تەبلیغییەدا کە لە گەورەدێی قوڕوچیا، جادەی قوڕوچیا _ دێولان‌و جادەی قوڕوچیا _ میرەکی کراوە، بەبڵاوکردنەوەی وێنەی رێبەرانی شەهیدی حیزبی دێموکڕات‌و تڕاکتی پێوەندیدار بە ٢ ی ڕێبەندان یادو بیرەوەریی دامەزران‌و دامەزرێنەرانی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرتوە.

شایانی باسە کە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی رێژیم کە بۆ رێگری لە چالاکیی تەبلیغی تێکۆشەرانی دێموکرات لەو بۆنەیەدا هەر لە زووەوە هێزەکانیان خستبوە ئامادەباشییەوە و هەوڵی سڕینەوەی چالاکیی تێکۆشەرانی دێموکراتیان داوە.



# بنەمای سیاسەتی خاریجی کۆماری ئیسلامی و دەسکەوت بۆ گەلانی ئێران



عومەر باڵەکی

کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوودا بۆ مانەوەی دەسەڵاتداریەتی خۆی لە چەندین ڕێکار و ستراتژی کەڵکی وەرگرتووە لە ناو خۆی وڵات بە خوڵقاندنی ترسو تۆقاندنی خەڵکو سەرکوتی هەموو دەنگێکی نارازی لە ژێر ناوی دەژایەتی لەگەڵ خودا، پەیوەندی جیابیران بە دوژمنانی و دەرەکی و بێگانەو، لە پانتایی سیاستی دەرەکیشدالەگەل خستنە ژێر پێی پرنسیپە نێونەتەوەییەکان هەوڵیان داوە بە ڕەچاوکردنی سیاستی هەنارده کردنی شورشی ئیسلامی بۆسەراسەری دنیاوبەتایبەتی وڵاتانی دەوروبەرقەیرانخوڵقێنی بکەن .

ئەوەی مەبەستی ئەو نوسینەیە هەڵوێستەیەکە لەسەر سیاسەتی خاریجی کۆماری ئیسلامی ئێران کە یەکیک لە پایە ئەساسیەکانی سیاستی خاریجی ئێران لەسەر ئەسڵی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بونیاید نراوە کە بەرێکاری جۆراوجۆری وەک دەستتێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتانە یا پشتیوانیو پێشگیری لە ئەحزابو تاقمی توندرەوی ئیسلامیو دروستکردنی بنکەو رێکخراوی جۆراوجۆری فەرهەنگی بۆ دزەکردن لەنێو پێکهاتەکانی ئەو کۆمەڵگایانەدا بە ڕێوەی بردووە.

سیاسەتی خاریجی نیزامی کۆماری ئیسلامی لەسەر بیرو ئەندیشەو شێوەی تێروانینی ئایەتوڵڵا خومەینی بونیادنراوە و دوای تێپەڕبونی ٣٥ ساڵ حکومەتداری کۆماری ئیسلامی ئەوشێوە بیرکردنەوەی خومەینی بە سەرسیاستی دەرەوەی ئێراندا زاڵەو پێیەوە دیارە. خومەینی لەسەر سیستمی جیهانی دەڵێ: «نیزامی ئێستا نادادپەروەرانەیە»و بۆ گۆرینی ئەو نیزامە مەسئولیەتی جیهانیو پیرۆز بۆخۆیو حکوومەتی ئیسلامی ئێران دەست نیشان دەکا کە بەڕوونی لە یاسای بنەڕەتی ئێراندا ڕەنگ دەداتەوەو پێوەی دیارە.

لە پێشەکی یاسا بنەڕەتی ئێراندا باس لە هەنارده کردنی شۆرش ئیسلامی بۆ وڵاتانی دەرەوە دەکاو بە ناوی ئیسلامو ئومەتی یەکپارچەی ئیسلام شەرعیەت دەبەخشێ بە کارو کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.

«یاسای بنەڕەتی بە سەرنج دان بە ناوەرۆکی ئیسلامی بوونی شۆرش ... بەستێنی پێوەندی نێودەوڵەتی لەگەڵ جووڵانەوەکانی ئیسلامی و خەڵکی پێک دینی و تێدەکۆشێ هەتا ڕێگا ی پێک هێنانی ئومەت یەکپارچەی جیهانی دەستەبەر بکا» هەروەها لە ئەسڵی ١١ی یاسای بنەڕەتی ئێران‌دا بەو شێوەی باسی سیاسەتی خاریجی ئیران دەکا:... هەموو موسوڵمانان یەک ئومەتنو دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی وەزیفەیەتی سیاسی گشتی خۆی لەسەر بناخەی هاو پەیوەندیو یەکیەتی گەلانی ئیسلامی‌دا برێژێو هەوڵ دەدا یەکیەتی سیاسی، ئابووریو فەرهەنگی دنیای ئیسلام بهێنێتە دی.»

لە ماوەی ٣٥ ساڵی ڕابردوو دا دەبینین کە هەم لە نێو خۆو هەم لە دەرەوەی ئێران‌دا کۆماری ئیسلامی لەسەر ئەم باوەڕەی خۆی کاری کردوە بێ ئەوەی گوێی دابێتە پاراستنی مافی مرۆڤو پرینسیپە نێودەوڵەتییەکان. بۆ ئەوەی باشتر بابەتەکە ڕوون بێتەوە پێویستە پێناسەیەکی کورتی سیاسەتی خاریجی لە پەیوەندی نێو دەوڵەتی‌دا بکەین.

سیاسەتی خاریجی کۆمەڵێک یاساو ڕێساو ڕێ و شوێنەکە دەوڵەتێک لە پەیوەندی لەگەڵ مەسائیلی دەرەکی لەگەڵ دەوڵەتان لە چوارچێوەی ئامانجی گشتی زاڵ بەسەر نیزامی سیاسی خۆی دا بەرێوەی دەبا، یا بە واتایەکی دیکە ئامانجی دەوڵەتەکان لە پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان لە سیاسەتی درەکی‌دا خۆی دەنوێنیو دەوڵەتەکان بە شێوەی کارا کارکردی خۆیان لە پەیوەندی نێودەوڵەتیەکان دا لە نێوان دوو ستراتیژی درێژخایەن واتا «پاراستی وەزعی مەوجود» یا «ئاڵوگۆڕ لە وەزعی مەوجود» بە پێی بەرژەوەندیو شێوەی تێڕوانینیان بۆمەسەلەکان یەکێک لەو دوانە هەڵ دەبژێرن.

هەروەکی پێشتر باسمان کرد کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی بەدەسەڵات گەیشتنی ستراتیژی «گۆرینی وەزعی مەوجود»ی لە ژێڕ ناوی هەنارده کردنی شۆڕش بۆ دەروەی سنوورەکانی ئێران کردۆتە بنەمای سەرەکی سیاسەتی خاریجی خۆی. دەوڵەتی ئێران بۆبردنە پێشی ئەو ئامانجانە لە دنیا دا بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بە تایبەتی سەرمایەگوزاری زۆری مادی و مەعنەوی کردووە هەتا رادەیەک زۆریش لە بردنە پێشێ ئەو سیاسەتەی‌دا چۆتە پێشیو ئاکامی لیوەرگرتوە ئەگەر چاو لە رەوتی ڕووداوەکانی ئەو چەند ساڵەی دوایی لە ناوچەکەدا بکەین دەبیین هیچ ڕوداوێک نییە کە ئێران بە جۆرێک دەستی تێدا نەبێ بۆ نموونە دوای شکانی تالیبان لەئەفغانستان و ڕووخانی حکوومەتی سەددام حوسێن لە عێراق کە هەردووکی ئەوانە دوژمنی سەرەکی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بوون ئێران بە سەرنج دان بەو بۆشاییەکە لە نەبوونی ئەو دوو دەسەڵاتە لەو وڵاتانە پەیدا ببوو توانی هەلەکە بقۆزێتەوەو نفووزی خۆی لەو دوو وڵاتە پەرە پێبدا یا دوای سەرهەڵدانی نارەزایەتیەکانی خەڵکی وڵاتی عەرەبی کە بە بەهاری عەرەبی ناو بانگی دەرکرد ئێران هەوڵی دا لەو هەڵە کەڵک وەربگرێ و لایەنگران و دەست پەروەردەکانی خۆی لە ڕۆژئاوای ئاسیاو باکووری ئەفریقا لە ڕێگای ناردنی چەکو تەقەمەنیو هاوکاری ماڵی بە هێز بکا بۆ ئەوەی کاریگەری خۆی لەسەر ڕەوتی ڕوداوەکان بە دنیای دەرەوە بسەلمێنی.



دروست بوونی بازنەی شیعە لە ئێران‌ڕا هەتا لوبنان ئاکامی ئەو سیاسەتە خاریجییە کە کۆماری ئیسلامی گرتوویەتی پێشێیو دەیهەوێ وەزعی مەوجود بە قازانجی مانەوەی خۆی لە ژێر ئاڵای شیعەگری‌دا بگۆرێو ئەگەر تەنانەت نەتوانێ وەزعی مەوجودیش بگۆڕێ ویستوویەتی بەو دەست تێوەردانەی خۆی لە کاروباری وڵاتەکاندا ئەو باوەڕە لای دنیا ڕۆژئاوا دروست بێت کە بێ بەشداری کردنی ئێران لە ئاڵوگۆرەکانی ناوچەکەدا ئەو پرۆسەیە سەر ناگرێو کاتێک ناوچەکە ئارامی بەخۆیەوە دەبینێ کە ئێران بەشێک بێت لە چارەسەری کێشەکان.

ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران لە بردنە پێشی سیاسەتی دەرەکی خۆی بە شێوەیەک کە لە سەرەوە باسمان کرد بە قازانجی سیستمی دەسەڵاتداریەتی سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ، بۆ گەلانی ئێران نەهامەتیو ماڵوێرانیو برسیەتیو قەیرانی ئابووریو بێکاری بەدیاری هێناوە.

ئەگەر چاو بە کارنامەی کۆماری ئیسلامی‌دا بخشێنین دەبینین جێگاو پێگەی ئەو دەوڵەتو نیزامە لە سیستمی پێوەندی نێو دەوڵەتیەکاندا بە ڕادەیەک لاوازە کە کەمتر وایە توانیبێی دۆستو هاوپەیمانێکی نێودەوڵەتی تەنانەت لە ناوچەکەدا بۆخۆی دەستەبەر بکا.

لێرەدا چەند نموونەیەک لە کارو کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی ئیشارە پێ دەکەین کە بە هۆی ستراتیژیی دەرەکی ئەو دەوڵەتە گەلانی ئێرانی تووشی نەهامەتیو دابڕان لە کۆمەڵگای جیهانی کردوە ئەوانە نیشانەی حاشا هەڵنەگری دەست تێوەردانی ئێران لە کاروباری وڵاتانەو لە هەمان حاڵدا پێشێل کردنی یاساو ڕێسای پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانە.

**نمونەکان:**

داگیرکردنی سفارەتخانەی ئەمریکا لە تاران، ئیدامەدانی شەڕی ئێران_عێراق، دەرکردنی فەرمانی قەتڵی سەلمان ڕوشدی، تیرۆرەکانی دەرەوەی وڵاتو دەرچوونی حوکمی دادگای میکۆنۆس، بومب دانانەوە لە چەندین وڵاتی ئوروپاییو ئاسیایی، شاردنەوەی بەرنامەی ناوکی، پچڕانی پێوەندیەکانی لەگەڵ عەرەبستان لە دووای ڕووداوی حەج، تێک چوونی پێوەندیەکانی لەگەڵ بەحرەین بە هۆی پشتیوانی لە شیعە نارازیەکانی ئەو وڵاتە، پچرانی پێوەندیەکانی لەگەڵ میسر بە هۆی پشتیوانی لە کردەوەی خالید ئیسلامبولی، دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆ لە کاروباری عێراق، پشتگیری بە ئاشکرای لە دەسەڵاتەکەی بەشار ئەسەد لە سووریەو دەیان بابەتی دیکە ، وەک: ئابلوقەی ئابووری، چوونە سەری ڕێژەی بێکاری، دابەزینی نرخی دراوی ئێران، پەرەگرتنی نەخۆشیە کۆمەڵایەتیەکان، بوونە دەستکەوتی سیاسەتی خاریجی کۆماری ئیسلامی بۆ گەلانی ئێران.

لە ئاکامی ئەم سیاسەتە زیدەخوازیانەدا ئەمرۆکە ئێران وەک وڵاتیکی پەراوێزخراولە لایەن کۆمەلگای جیهانی‌یەوە، سەیری دەکرێ کە جیا لەوەی‌کە لە رووی سیاسی یەوە هیچ جێگە وپێگەیەکی ئەوتۆی بۆ نەماوەتەوە، بەڵکوو لە ڕووی ئابووریشەوە، لەئاکامی ئەو ئابڵوقە ئابووریانەی کە خراوەتە سەری، خەلکەکەی لە دەژوارترین بارودۆخ دا ژیان بە سەر دەبەن .



---

ڕۆژەڤی ئێران

## مەجلیسێک کە کوشراوی خەڵک نییە!



حەسەن شێخانی

١) لە ئێراندا هەڵبژاردنەکان بە شێوەی دووقۆناغی بەڕێوە دەچن. پاڵێوراوان لە قۆناغی یەکەم دا دەبێ لە فیلتێری شۆرای نیگابان بگوزەرێن و پاشان خەڵک لە نێوان چەند پاڵێوراوی دیاریکراو، بەربژێرێک هەڵدەبژێرن. لە راستیدا لە ئێراندا «شێوەهەڵبژاردن»ێک بەڕێوە دەچێ کە مەودایەکی واتاداری لەگەڵ ستانداردە نێونەتەوەییەکانی هەڵبژاردن هەیە. بە گوتەی نەجاتوڵڵا ئیبراهیمیان وتەبێژی شۆرای نیگابان، لە تاووتوێ کردنی شیاویی پاڵێوراوان دا، ئەسڵی «بەرائەت» بە کار نایەت، دەبێ شۆرای نیگابان بەو ئاکامە بگا کە ئەوان «ساڵح»ن. واتە بە پێچەوانەی هەموو سیستمە حقووقی‌یەکانی دنیا، کە کەسەکان بێ گوناحن (لێرەدا شیاون)، مەگەر ئەوەی کە پێچەوانەکەی بسەلمێ، لە ڕوانگە و ڕەوتی کارکردنی شۆرای نیگابان دا، کەسانێک شیاویی پاڵێوراویی، بۆ نموونە بۆ مەجلیسن کە بسەلمێ هیچ «کێشە«یەکیان نییە. لەم ڕوانگەوە کەسەکان گوناحکارن (نەشیاون)، مەگەر ئەوەی کە پێچەوانەکەی بسەلمێ! بەو پێیە زۆر کەس لە مافی پاڵێوراوی بێ بەش دەبن.

٢) ئەگەر سیاسەتە گشتییەکانی هەڵبژاردن، کە هەنووکە لە کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، تاووتوێ دەکرێ و هەندێک لە بەندەکانیشی پەسەند کراون، دواجار لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامییەوە پەسەند بکرێ و بخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و شۆراکانی شار و گوندیش (وەک هەڵبژاردنی سەرکۆماری)، دەبێ پاڵێوراوان زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان بهێنن و، ئەگەر لە بیاڤێکی هەڵبژاردن دا هیچ کام لە پاڵێوراوان نەتوانن ئەو ڕێژەیە بە دەست بێنن، دەکەونە خولی دووەم. دیارە لە خولی دووەم دا هەر کەس زۆرینەی ڕێژەیی بە دەست بێنێ، لە هەڵبژاردن دا سەردەکەوێ.

ئەمە لە حاڵێک دایە کە تا ئێستا بە دەستهێنانی تەنیا یەک لە سەر چواری هەموو دەنگەکان، بۆ دانیشتن لە سەر کورسیە شینەکانی مەجلیس، پێویست بوو. پەسەند کرانی ئەم بەندە لە سیاسەتە گشتییەکانی هەڵبژاردن، لەگەڵ نارەزایەتیی بەشێک لە بناژۆخوازەکان بەرەوڕوو بووە. ئەوان داوا دەکەن کە خامنەیی دواجار ئەم بەندە پەسەند نەکا و ڕەتی بکاتەوە.

بە پێی ئامارەکان لە کۆی ٢٨٨ نوێنەری مەجلیسی نۆیەم، تەنیا ٦١ کەس توانیویانە سەرووی ٥٠ لە سەدی دەنگەکان بە دەست بێنن.

محەممەد ڕەزا ڕەحیمی جێگری یەکەمی ئەحمەدی نژاد، لەنامەیەکی سەرئاوەڵادا کە لە دژکردەوە بە پشت بەردانی لە لایەن ئەحمەدی نژادەوە، بڵاوی کردۆتەوە، دەڵێ: میلیاردێک و ٢٠٠ میلیۆن تمەنی بە سەر ١٧٠ پاڵێوراوی بناژۆخوازی مەجلیسی ٨ دا، دابەش کردووە بۆ ئەوەی لە پرۆپاگەندە و ڕاکێشانی دەنگی خەڵک دا، بە کاری بێنن. واتە لانیکەم بەشێک لە نوێنەرانی مەجلیسی ئێران سەرەڕای ئەو خاڵانەی کە لە بەندەکانی ١ و ٢ی ئەم نووسینەدا ئاماژەم پێ کردن، بە ڕانتی بنیاتەکانی دەسەڵات و پارە توانیویانە بچنە مەجلیس. پێدەچێ ڕێژەی ئەم چەشنە ساپۆرتە ماڵییە ناڕوونانە، لە خولەکانی دیکەی مەجلیسیش دا هەبووبێ و کێ دەزانێ لەوانەیە زیاتریش بووبێ! بە پێی میکانیزمی کار کردنی سیستمی کۆماری ئیسلامی، سروشتییە کە ئەمە تەنیا بەشێک بێ لەو چەشنە ساپۆرتە ماڵییانەی، کە لە کێشمەکێشەکانی باوی نێو سیستمەوە، ئاشکرا دەبێ.

٣) لە درێژەی پرسیارە پەیتاپەیتاکانی مەجلیس لە وەزیرانی کابینە، دیسان محەممەد جەوادی زەریف، وەزیری دەرەوە، لە لایەن زیاتر لە ٢٠ نوێنەری بناژۆخوازی توندڕەو، پرسیاری ئێعترازیی ئاراستە کراوە. ئەو نوێنەرانە وێڕای زۆر توندڕەوی دەرەوەی مەجلیس، بە توندی هێرشیان کردۆتە سەر زەریف، لەبەر ئەوەی کە چەند خولەکێک لەگەڵ جان کێری لە ژێنێڤ پیاسەی کردووە! کردارێک کە لە پێوەندیگەلی دیپلۆماتیک دا بە تەواوی ئاساییە. ئەمە دەکرێ وەک بیانوویەک بۆ دژایەتی لەگەڵ پرۆسەی دانوستانە ناوەکییەکان، نیگەرانی لە بە ئەنجام گەیشتنی ئەو دانوستانانە و، هەراوهۆریا دروست کردنێک بۆ داپۆشینی پرسی گەندەڵیی محەممەد ڕەزا ڕەحیمیی هاوباڵیان لێک بدرێتەوە. پرسیاری گرینگ ئەوەیە کە ئایا ئەم نوێنەرانە هیچ ئەرک و کارێکی دیکەیان نییە کە گیر بەم شتە کەم بایەخانە نەدەن؟ لە حاڵێک دا ئەو هەموو گیروگرفتە لە ئێراندا هەیە و خەڵک بە دەستیانەوە دەناڵێنن، خۆخەریک کردن بەو شتە لاوەکییانە، ئایا لە بیر کردنی ئەرکی نوێنەرایەتی نییە، وەک ئەوان ئیدیعای دەکەن! ئێران هەنووکە چوارەمین وڵاتە لە هەبوونی ڕێژەی گرانی لە دنیادا؛ ئێران بۆتە بازارێک بۆ ساغ کردنەوەی شتومەکە کەم کوالیتیەکانی چین؛ بە هۆی گەمارۆکانەوە ساڵانە دەیان میلیارد دۆلار زیانی وێ دەکەوێ؛ بە گشتی ئابووریی ئێرانیش لە دۆخێکی نالەبار دایە؛ ئەمە چەند نموونەیەکن لە دەیان کێشە و قەیرانی دیکە. لێرەدا نامەوێ لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقگەرانەوە لە شانۆی سیاسیی ئێران بڕوانم، ئەوەش دەزانم کە بە هۆی پەرەنەسەندوویی و پێنەگەیشتوویی سیاسی، باڵەکان، بە تایبەت باڵی پشت بەستوو بە بنیاتە نیزامی و ئەمنییەتییەکان، ئامادەن بەرژەوەندیی خەڵک بکەنە قوربانی مەرامە سیاسییەکانیان. قسەکە ئەوەیە کە ئەو نوێنەرانە لەگەڵ هەر چەشنە کرانەوەیەک ڕوو بە دنیای دەرەوە، کە مەرجێکی سەرەکی دەرباز بوونی بە تایبەت ئابووریی ئێرانە لە دۆخی نالەباری هەنووکەیی، دژایەتی دەکەن، مەبادا لە ئەنجامی ئاسایی بوونەوەی پێوەندیەکانی ئێران لەگەڵ دنیای دەرەوە، بەرژەوەندییەکانی خۆیان، بکەوێتە مەترسییەوە. ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە کە نوێنەر و کوشراو(عصارە)ی خەڵک نین؛ چونکە وەکیلی خەڵک دەبێ لە خەمی خەڵک و چارەسەری گرفتەکانیان دابن.



کوێستان فتوحی

# شاکاری کۆبانێ

شەڕ هەموو جوانییەکان لەناو دەبا، کەچی لە کۆبانێ شاکارێکی خوڵقاند کە هەموو جیهانی سەرسام کرد. ئەوەش بە خۆڕاگرییەکی ئازایانەی نزیک چوار مانگی ئەو هێزانەی هەر لەسەرەتاوە بڕیاریان دابوو کۆبانێ چۆڵ ناکەن بۆ داعش و بە خوێنی زیاتر لە ٣٠٠ ڕۆڵەی شەهیدی ڕێگای ئازادی لە ئاست هێزێکی دڕندەی ئیدئۆلۆژیکی پڕ چەکدا، ئەم شاکارە بەرهەم هات.

پاش ١٣٣ڕۆژ خۆڕاگریی ئازایانەی شەڕڤانان و هێزی پێشمەرگە لە شاری کۆبانێ لە بەرامبەر هێرشەکانی چەکدارانی گرووپی تیرۆریستیی داعش بۆ سەر ئەم شارە، سەرئەنجام ڕۆژی ٢٦ی ژانویەی ٢٠١٥، ٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٣ کۆبانێ لە گەمارۆ و پەلاماری داعش ڕزگار کرا.

لەگەڵ ئەوەی دەتوانین بڵێین شار بە تەواوی وێران بووە، بەڵام بۆ هەمیشە ئەم خۆڕاگرییە قارەمانانەیە لە مێژووی ئەو شارەدا دەمێنێتەوە و وەک هێمای خۆڕاگری و سەربەرزی نەیەوەیەک بۆ بەرگری لە ماف و ئازادییە سیاسی و ئینسانییەکانی دەدرەوشێتەوە.

کۆبانێ شارێکی ستراتیژی بوو بۆ داعش، دەیویست بە هەر شێوەیەک بێ دەستی بەسەردا بگرێ‌و لەوێوە گەڵاڵە و ئامانجە چەپەڵەکانی بۆ شەڕ و هێرش کردن‌و دەستبەسەرداگرتنی ناوچەی زیاتری دیکە بۆ خەلافەتەکەی داڕێژێ. کاتێک کە داعش هێرشی بۆ سەر کۆبانێ برد لە سەرەتادا بەشێکی زۆری شارەکەی داگیر کرد و لەوەش دڵنیا بوو ئاسان دەتوانێ دەست بە سەر هەمووی شاردا بگرێ، چونکە هێندە نەبوو مەستی سەرکەوتن ببوون لە داگیرکردنی شەنگالی باشوری کوردستان!

دوای داگیر کردنی شەنگال و کوشتاری بێڕەحمانەی ئێزەدییەکان و ڕفاندنی ژنان و کچانیان لە لایەن داعشەوە، هێرش بردن بۆ کۆبانێ لە لایەن ئەم هێزە توندڕەوە و تیرۆریست و ئیدئۆلوژیک و پۆشتەو پەرداخ بە چەکی قورس و مۆدێرن، لە سەرەتادا نیگەرانییەکی زۆری لای کوردستانیان دروست کرد، بەڵام دیفاعی خۆڕاگرانەی هێزەکانی یەپەژە (یەکینەکانی پاراستنی ژنان) و یەپەگە (یەکینەکانی پاراستنی گەل) و کچان و کورانی شاری کۆبانێ‌و دواتریش چوونی هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، نیگەرانییەکان جێی خۆیان دا بە دڵخۆشی و هیوا بە سەرکەوتن بەسەر ئەم هێزەدا. ئەو شارە ببوە بەهایەکی قورس و گران نەک هەر بۆ خەڵکی کۆبانێ و ڕۆژاوای کوردستان، بەڵکوو بۆ هەموو کوردێک لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە گرنگ بوو ئەم بەهایە بپارێزرێ و کارەساتێکی دیکەی وەک شەنگال رووننەداتەوە. بۆیە لە هەموو پارچەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان کوردی بۆ پشتیوانی لە کۆبانێ هاوخەم و هاوهەڵوێست کرد. کۆمەڵگەی جیهانییش، جگەلە لە هێندێک وڵاتی ناوچەکە کە بەرژەوەندییەکەیان لەوەدایە کورد بەم شەڕەوە گرفتار بێ، هاوپێوەندییەک بۆ پشتیوانی ماددی و مەعنەوی بۆ کۆبانێ دروست بوو. هێزی هاوپەیمانان لە دژی تیرۆر، بڕیاری پشتیوانیی لەو شارەی دا و بە هێزی هەوایی یارمەتی شەڕوانانی دەکرد. ئەو پشتیوانی و هاوخەمی و هاوهەڵوێستییە، هەمووی لەسەر خۆڕاگری شەڕوانان و خەڵکی شاری کۆبانێ کاریگەریی ئەرێنی هەبوو و ئەوانی سوورتر دەکرد لەسەر مانەوە و دیفاع لە شارەکە. لەسەر ئەخلاق و روحیەی داعشی جینایەتکاریش کاریگەرییەکی رووخێنەر و وێرانگەری هەبوو. بۆیە خاڵی دەسپێکی شکستی داعش دەتوانین بڵێین لە کۆبانییەوە دەستی پێ کرد.

سەرکەوتنی کۆبانێ ئەگەر بۆ کورد تەنیا سەرکەوتن نەبوو لە جبهەیەکی شەڕدا، بەڵکوو سەرکەوتنی غروور و باوەڕی بەرزی ئینسانی و ئازادیخوازی کورد بوو. شکستی داعشیش لەوێ تەنیا شکستی جبهەیەکی شەڕ نەبوو، شکستی هەیمەنەی داعش بوو. شکستی ئیدئۆلۆژییەکی دواکەوتووی دژی ئینسانی‌و دژی بەها جوانەکانی ئەم سەردەمە بوو. دوای سەرکەوتنی کۆبانێ، داعش ئیدی ئەو داعشە نەما کە لایەنگران‌و هاندەرانیان پشتیان پێ بەستبوون. ئیدی ئەو هێزە نەما کە وەک هێزێکی لەشکان نەهاتوو سەیری دەکرا. لە شەڕی ڕۆژئاوای کوردستان و هەرێمی کوردستان‌دا بە هەزاران چەکدار و سەدان فەرماندەیان لێ کوژراوە. تەنانەت بە ڕادەیەک هێزی ئینسانییان بەرەو کەمبوونەوە چووە، کە بۆتە هۆی نیگەرانییەکی زۆری ڕێبەران و ئەمیرەکانی ئەم هێزە و ئێستا خەریکن لە هێندێک شوێنی وەک مووسڵ و ئەو ناوچانەی دەستیان بەسەردا گرتوە، بە هەڕەشە خەڵک ناچار دەکەن ببنە چەکداریان و دەیانبەن بۆ ئۆردووگا نیزامییەکانیان بۆ دیتنی دەورەی ئامووزشی شەڕو جینایەتەکانیان. ئەمە تەنیا نیشانەی شکستی نیزامیی ئەو هێزە نیە، بەڵکوو نیشانەی شکستی سیاسی ئەو هێزەیە لەم چەند مانگەی ڕابردوودا لە کوردستان. چاوەڕوان دەکرێ تووشی شکستی زۆر گەورەتر لەوەش بێ.



> **سەرکەوتنی کۆبانێ نە کۆتایی شەڕە و نە سەرکەوتنی یەکجاریی کوردە بەسەر دوژمنانی دا، بەڵام دەکرێ وەک ئەزموونێکی بەنرخی کورد چاوی لێ بکرێ. ئەزموونێک لە یەکیەتیی نەتەوەیی و هاوهەڵوێستی، لە بەشداریی چالاکانە و جەسوورانەی ژنان لە شەڕ و بەرگری و ئیدارەی وڵاتدا**




### تەیبەتمەندییەکی بەرزی کۆبانێ

کۆبانێ کە تا ئەو کاتە ئەو شارە کەمتر ناوی بیسترابوو، ئێستا بۆتە بە ناوێکی درەوشاوە نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو ناوی کۆبانێ و شەڕی ئازایانەی شەڕوانان بوون بە جێی سەرنج و سەردێری هەواڵی میدیاکان لە هەموو جیهان. ئەم تایبەتمەندییە بەرزە، بوونی ڕێژەی زۆری ژنان لە ریزی خۆڕاگران و قارەمانانی ئەم شارەدا بوو. ئەوان سیمایەکی ئینسانی و ئازادیخوازی و یەکسانییان بەم شارە و بە بزووتنەوەی کورد بە گشتی بەخشی. هیچ شەڕێک و هیچ بەشدارییەکی خەباتکارانەی ژنی کورد لە ڕابردوودا تا ئێستا نەیتوانیوە بە ڕادەی شەڕی کۆبانێ لەگەڵ هێزێکی دڕندە و کۆناپارێز، هۆویەتی ژنی کورد لە جیهان‌دا بەم بەرزی و جوانییە نیشان بدا و بناسێنێ. بەشداریی بەرچاو و کارای ژنان لە شەڕی کۆبانێ‌دا و بڵاوبوونەوەی لە لایەن میدیاو ڕاگەیەنەکانەوە، لاواز بوونی ژنی کوردی لە بیر و زەینی زۆر مرۆڤدا سڕیەوە.

ژنی کورد ئەگەر تا دوێنێ وەک مرۆڤێکی پەروێز خراو دەبینرا، ئەمڕۆ ناوی و ئازایەتی ئەو بۆتە وێردی سەر زمانی مێدیا گەورەکانی جیهان. هەڵبەت دەتوانین بڵێین سەرکەوتنی کۆبانێ سەرکەوتنی ژنی کوردیش بوو. بەلێ شەڕی کۆبانێ و سەرکەوتن و شانازییەکی دیکەی گەورەی بۆ نەتەوەکەمان، بۆ ژنانی کورد بەگشتی لە سەر لاپەرەی مێژووی تێکۆشانی ئەم نەتەوەیە تۆمار کرد.

### ئەنجام

سەرکەوتنی کۆبانێ نە کۆتایی شەڕە و نە سەرکەوتنی یەکجاریی کوردە بەسەر دوژمنانی دا، بەڵام دەکرێ وەک ئەزموونێکی بەنرخی کورد چاوی لێ بکرێ. ئەزموونێک لە یەکیەتیی نەتەوەیی و هاوهەڵوێستی، لە بەشداریی چالاکانە و جەسوورانەی ژنان لە شەڕ و بەرگری و ئیدارەی وڵاتدا. هیچ سەرکەوتنێک بەبێ بەشداری ژنان و بەبێ یەکگرتوویی و هاوهەڵوێستی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە ئاست دوژمنە جۆراوجۆرەکانی دا محاڵە وەدی بێ. دەبا کورد ئەم ئەزموونە وەک دەسکەوتێکی بەنرخ بیپارێزێ‌و دەرسی لێ‌وەرگرێ. با سەرکەوتنی کۆبانێ کە هاوهەڵوێستی و شەڕ و بەرگری ژنان و پیاوانی کورد گەیاندیە ئەمڕۆ، ببێتە خاڵی دەسپێکی یەکگرتوویەکی نەتەوەیی کورد و لەپەراوێز نەخستنی ژنان لە داهاتووی خەبات و سەرکەوتنەکان‌دا. ئەوەیە دەتوانێ گەیشتن بە ئامانجەکانمان مسۆگەر بکا.

---

لە ڕۆژهەڵاتەوە...

# «کارم بە کاری کوردستانی ئێران نەداوە»!



خالید محەممەدزادە

تایتلی ئەم نوسینەم لە وڵامدانەوەیەکی هەژار موکریانی وەرگرتووە لە«چێشتی مجێوەر». ڕەنگە هەژار تا ئێستا ڕاشکاوانەترین کەس بێ کە گوتویە«کارم بە کاری کوردستانی ئیران نەداوە«!

ئەگەر ٥٠ ساڵ پێش ئێستا هەژار بەوە تۆمەتبار دەکرا کە بووە بە بەشێک لە شۆڕشی باشوور و تێکەڵ بە ململانێی حیزبەکان بووە، ئەمرۆ زیاد لە حیزبێک‌و زیاد لە کەسێک، لە ئاراستەیەدا هەژاریان تێپەڕاندووەو بە تەواوی بۆیان گرنگ نیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ دەگوزەری. ئەمڕۆ ئەم قسەیە هەژار بەمجورە تەرجومە دەکرێتەوە:» من کوردستانیم»و « من ئێرانی نیم»!

ئەوەی لە پشت ئەم تەرجومەکردنەوە خوی مەڵاس داوە، دوورکەوتنەوە لە ڕۆژهەڵات‌و شانە خاڵیکردنە بەرامبەر بە پرسێکی نەتەوەیی‌و گشتی لەم بەشەی کوردستانە. ئەو دۆخەی هەژار تێیدا ژیاوەو وەک خوی دەڵێت:» ئەوە بیست‌و ئەوەندە ساڵە لە ئێران دوور کەوتومەتەوە، هیچ شارەزاییەکم نەماوە«، ئەگەرچی لە ئێستا دەکرێت دۆخی سەدان ڕۆژهەڵاتی تاراوگەنشین بێ، بەڵام لە عەینی کات دا هیچ کات بەقەد ئێستا سیاسەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و هەوڵدان بۆ بەرۆژکردنی پرسی کورد لەو بەشەی کوردستان پشتگوی نەخراوە.

ئەوانەی دەڵێن: «من ئێرانی نیم»و «من کوردستانیم» لە هێلێکی هاوتەریب یەکدەگرنەوە، ئەویش وەلانانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە تا ئاستی وەلانانی هەموو هێزو وزەیەکی مرۆیی لە کەرتی سیاسی‌و گەرخستنی بۆ شوینی‌تر. مێژووی ئەمجورە روانینە کە هەڵگری نسکۆیەکی گەورەیە بۆ ڕۆژهەڵات، کارکردێکی مێژوویی هەیە کە ڕەنگە رووخانی کۆماری کوردستان خاڵی دەستنیشانکردنی ئەم پرسە بێ کە بۆشاییەکی گەورەو نائۆمیدیەکی دریژمەودای بە دوای خۆی هێنا بە جۆرێک کە دواتر توانایە کوردییەکان لە حیزبی تودەی ئێران‌و ڕەوتی چەپ‌و حیزبەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان خوی بینیەوە.

لە ڕۆژهەڵات، هەڵاتن لە ئێرانی بوون، گەڕانەوە بۆ کوردبوون لە ڕۆژهەڵات نابێ، وەک چون»کورستانی بوونی»یش ڕۆژهەڵات تیادا نابێ بە بناغەی کارو تیفکرین. بەڵکو بە گشتی ماڵاوایی دەبێ لەم بەشەی کوردستان بە جۆرێک کە تەفسیرو تەعبیری کوردستانی بوون ئاوێتە دەبێ بەروانینی بزووتنەوە سیاسییەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بەرامبەر بە ڕۆژهەڵات تا ئاستی حیزب دروستکردن‌و خاڵیکردنەوەی وزەی سیاسی ڕۆژهەڵات، بە هەمان شێوەش ژێستی ئێرانی نەبوون بە پلەی یەکەم پشتکردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێ، تا دژایەتیەکی گەورە بێ لە گەڵ جەوهەری ئێرانی بوون لە سەر بنەمای فۆرماتکردنەوەی کوردبوون.

ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەوە بگەڕیتەوە کە لە ئێستا میزاجی شەخسی‌و بەرژەوەندی مەحفەلی جێگەی خۆی داوە بە بەرژەوەندییە گشتی‌و هاوبەشەکان بە جۆرێک کە لە ئێستا دا هیچ شتێک نیە کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە سەر مێحوەریەتی ڕۆژهەڵاتی بوون کۆبکاتەوە.

ئەم پرسە لە بەشەکانی دیکەی کوردستان ڕاست بە پێچەوانە شکاوەتەوە، کوردەکانی باشوور نەک هەر هەوڵی هەڵاتن لە عیراقیان نەدا بەڵکو کاری سیاسی لەم وڵاتە نیە شوێنپەنجەی کوردی پێوە نەبێت بە سوودی خۆیان، بە جۆریک کە عیراقی بوون‌و کوردبوون بە سودی باشور بە جۆرێک ئاوێتەی یەکتر بوون کە جیاکردنەوەی مەحاڵە! لە باکووریش پرسی کورد بە جۆریک ئاوێتەی بیرورای گشتی تورکیەو سیستمی سیاسی ئەم وڵاتە کراوە کە هەتا دێت ئەگەری چارەسەرکردنی خێراتر خۆی پیشاندەدات‌و لە ڕۆژاواش کوردەکان توانیویانە بە بێ ڕووبەڕوو بوونەوەی دریژمەودا لە گەڵ حکوومەت، ناوچەکانی خۆیان بپارێزن. هەموو ئەو حەرەکەتانەش توانیویانە کاریگەری لە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکەن بە جۆرێک کە وزەی سیاسی‌و مرۆیی ڕۆژهەات بخەنە خزمەت بەرەوپێشچونی پرسی خۆیان لە وڵاتانە.

بزووتنەوەی سیاسی ڕۆژهەلاتی کوردستان، لە نسکۆیەکی رانەگەیەندرا بە سەر دەبات بە جۆرێک کە فیکرەی کوردستانی لە سەر بنەمای ڕۆژهەلات، فیکرەیەکی غایبە، چ ئەو بیرکردنەوەیە کە خۆی بە ئێرانی نازانێ‌و چ ئەو تێگەیشتنە جاڕی کوردستانی بوون لێدەدا لە دواجار لە خاڵێکی هاوبەش کە پەراوێزخستنی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە یەکدەگرنەوە.

کاری سیاسی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دەبی لە حەزو میزاجی شەخسی‌و مەحفەلی بگوازریتەوە بۆ بەرپرسیارەتی گشتی بەرامبەر بە ڕۆژهەلات بە جۆرێک کە ڕۆژهەلات سەنتەری کۆکردنەوەی هەمووان بۆ کاری هاوبەش لە سەر بنەمای ڕۆژهەلات بیت، بگوازریتەوە بۆ دروستکردنی فۆرمێکی دیموکراتیکی هاوبەش بە جۆرێک کە دیالۆگیکی کراوە لە نیو کوی جیاوازییەکانی ئەم کۆمەلگایە بکریتەوە بۆ رینیسانیکی فیکری‌و سیاسی لە پیناو خو دۆزینەوەو خۆ ناسینەوە. لە پیناو ولامدانەوە بە چاوەروانیەکان‌و خو دەرهاویشتن لەم پەراویزنشینی‌و لەم خو بە دەستەوەدانە کە کۆی ئەمانە کاریگەری کوشندەی لە سەر داهاتووی ئەم هەریمە دەبی.

# سەید ڕەسووڵ دێهقان سیمای ناسراوی سێ دەیە خەباتی بێ‌وچان



قادر وریا

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و حیزبی دێموکراتی کوردستان، قەرزداری ئەو کەسایەتییە خەباتگێرانەن کە هەموو تەمەنی خۆیان بۆ خزمەتی خەباتی ڕزگاریخوازی‌و بەرەوپێشبردنی کارو تێکۆشانی شۆڕشگێرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تەرخان کردوە.

زۆر لە تێکۆشەران‌و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە هۆی کەسایەتی بەرزو، خزمەتی زۆرو، تێکۆشانی دڵسۆزانەو، خۆشناوی‌و کۆمەڵێک تایبەتمەندی شۆڕشگێڕانە، بوون بە ڕەمزو سیمبۆلی فیداکاری‌و نیشتمانپەرەستی‌و، نەک هەر لە ئاستی شارو ناوچەی خۆیان‌دا، بەڵکو بە پانایی کوردستان درەوشانەوە.

لێرەدا یادی ئەستێرەیەک دەکەینەوە کە لە ئاسۆی چیاکانی موکریان، لە نێوەندی ناوچەکانی پیرانشار، نەغەدەو مەهاباد هەڵات‌و بۆ ماوەی زیاتر لە سێ دەیە لە ئاسمانی خەبات‌و بەرخۆدانی نەتەوەکەی‌و حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا، درەوشایەوە. ئەستێرەیەک کە سەرەڕای ئاوابوونی بێوەخت‌و ڕژان‌و گلانی بە نارەوای، لە کۆڕی یارانی ئەمەگناس‌دا، هێشتا لە تریفە نەکەوتووەو هەروا پڕشنگ داوێ. ئەمجار یادی مرۆڤێکی بە جەستە وردیلانە، بە باوەڕ بەرزو، بە هیمەت‌و ورەو توانا، کەم وێنە دەکەینەوە کە ناوو ناوبانگی خۆی‌و، دەنگدانەوەی خزمەتی

**سەید ڕەسووڵ دێهقان لە سەردمێکدا کە ڕێژیمی عێراق بەدوای نسکۆی ١٩٧٥دا هەموو کوردستانی عێراقی هێنابۆوە ژێر دەسەڵاتی ڕەشی خۆی‌و، لە کاتێکدا زەبرو زەنگی ڕێژیمی شایەتی لە کوردستانی ئێران لەو پەڕی خۆی دابوو، یەکێک لەو دەگمەن کەسانە بوو کە بۆ کارو تێکۆشانی حیزبی بە نەهێنی گەڕانەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

خۆنەویستانەی بە شۆڕشی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەی، لە بیرو زەینی چەند نەسل لە خەڵکی کوردستان‌دا، جێگیر بووەو بە هیچ هێزێک ناسرێتەوە. یادی سەید ڕەسووڵ دێهقان، سەید ڕەسووڵ بابی گەورە دەکەینەوە کە ژیانی سەرانسەر تێکۆشان‌و خزمەتی زۆرو زەوەندی بە حیزبی دێموکرات‌و خەباتی نەتەوەکەی، شایانی ئاوڕ لێدانەوەو ڕیز لێ‌گرتن‌و لێ‌فێربوونن.

لە نێوەندی ناوچەکانی مەهاباد، پیرانشارو نەغەدە، و داوێنی چیاو کوێستانەکانی لاجان‌و سەرشاخان‌دا، دۆڵی سەیداوا هەیە. «دۆڵی سەیداوا» و «ئاوایی سەیداوا«، ناوی خۆیان لە ناوی «بابی گەورە« واتە حاجی سەید خدری کانیە زەردی وەرگرتوە. «سەیداوا» بە هۆی بابی گەورەو خانەدانی ئەم زاتە بنیات نراوە. سەید ڕەسووڵ، نەوەی حاجی سەید خدر، کوڕی سەید حەسەن لە داوێنی ئەم گوندەو لە باوەشی ئەم ناوچە کوێستانییەدا گەورە بووە. «بابی گەورە«و بنەماڵەکەی بە بۆنەی پێگەی ئایینی‌و کۆمەڵایەتییان لە ناو خەڵکی ناوچەدا ڕێزییەکی تایبەتییان هەبوو. ئاوایی «سەیداوا»ش بە بۆنەی دووره شارو چەپەک بوونیەوە لە لایەکی دیکەوە، بە هۆی میوانگری‌و لانەوازپەروەریی خاندانی بابی گەورەو لە مانەش زیاتر ئۆگری سەید ڕەسووڵ بە کوردایەتی‌و نیشتمانپەروەری، لە ساڵانی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان‌دا بوو بە شوێنی داڵدەدانی تێکۆشەران‌و خەباتگێڕان. زۆر لە ئەندامان‌و کادرەکانی حیزب کە لە مەهابادو شارو ناوچەکانی دیکە لەگەڵ ڕاوەدوونانی پۆلیس‌و ئەمنیەو ژاندارم بەرەوڕوو دەبوون ڕوویان دەکردە دۆڵی «سەیداوا» و «کەڵەکووکە«و لە ماڵی بابی گەورە دەگیرسانەوە. سەید ڕەسووڵ هێشتا هەر مێرمنداڵ بوو کە هاتە نێو تێکۆشانی حیزبی‌و خەباتگێڕانەوە. بەو هۆیەوە کە مێرمنداڵێکی گورج‌و بوێرو زیت‌و وریا بوو، بۆ کاری پێوەندی لە نێوان ئەم گوند بۆ ئەو گوندو لە دێوە بۆ شار، کەڵکی لێ وەردەگیرا، کاتێک ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی (١٩٥٩ی زایینی) پەلاماری بەربڵاوی دەزگای سەرکوت‌و جاسوسیی ڕێژیمی حەمە ڕەزا شا بۆ سەر ئەندامان‌و لایەنگرانی حیزب دەستی پێکرد، سەید ڕەسوولیش کەوتە بەندیخانە. ئەو کە هەمیشە بیری لە خۆپێگەیاندن‌و بەکار هێنانی ئەزموون‌و زانیارییەکان لە تێکۆشانی دوواڕۆژدا دەکردەوە، لە بەندیخانە خۆی فێری یارمەتییە دەرمانییە سەرەتاییەکان کرد کە دواتر لە کاروباری پێشمەرگایەتی هەم لە باشووری کوردستان‌و هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کەڵکی زۆری لەم زانیاری‌و شارەزاییە دەرمانییە وەرگرت.

هەر بۆ تێگەیشتنی ڕۆڵی سەید ڕەسووڵ‌و بنەماڵەکەی‌و ناوچەی سەری مەیدان لە خەباتی قۆناغی دوای کودیتای شا دژی موسەدیق، ئەوەندە بەسە بزانین کە یەکەمین کۆنفرانس لە مێژوی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا، بە بەشداری گرینگترین ڕێبەران‌و کەسایەتییەکانی ئەو سەردەمەی حیزب، لەم ناوچەیەو پشت ئەستوور بە میوانداریی ئەم بنەماڵەیەو کاردروستایی ڕاستەوخۆی سەید ڕەسووڵ دێهقان پێک هاتوە.

ساڵی ١٩٦٤ی زایینی، سەید ڕەسووڵ‌و کۆمەڵێک لاوی تێکۆشەری دیکە، ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بەجێ هێشت‌و لە کوردستانی گەرمێن، تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان گرتەوە. لەو سەردەمەدا کە ناکۆکی لە نێوان ڕێبەری‌و تێکۆشەرانی حیزب‌دا هەبوو، سەید ڕەسووڵ کە دژی ناتەبایی‌و دووبەرەکی بوو، هەوڵی زۆری بۆ لێک نیزیکبوونەوەدا. ئەوکات سەید ڕەسووڵ لە بنکەی سونێ‌و لای شەهیدی گەورە کاک سمایل شەریفزادە گیرسابۆوە. سەرئەنجام بۆخۆ دوور ڕاگرتن لە دووبەرەکیی نێوخۆیی، چووە «هێزی کاوە« و لە شۆڕشی ئەیلول‌دا بە کاری دەرمانی‌و خزمەتی پزشکی بە پێشمەرگەو دانیشتووانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش، خەریک بوو.

سەید ڕەسووڵ لە ڕاپەڕینی ١٣٤٦و ١٣٤٧ی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دا بەشدار نەبوو، بەڵام دوای شکانی ئەو ڕاپەڕینە، لەو کەسانە بوو کە دڵسۆزانە کاری بۆ وەسەر یەک کەوتنەوەی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کرد. لە کۆنفرانسی سێهەمی حیزب‌دا کە ساڵی ١٩٧٠ لە شاری کۆیە پێک هات، سەید ڕەسووڵ یەکێک لەو کەسانە بوو کە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵ بژێردران. سەید ڕەسووڵ لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی لە دابەشینی کاری حیزبی‌دا، بەڕێوەبردنی کارو باری حیزبی‌و پێشمەرگایەتی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشیان‌دا پێ سپێردرا. سەید ڕەسووڵ بە بۆنەی کاروباری دەرمانی‌و پێوەندی بەربڵاو لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە، توانیبووی یارمەتییەکی زۆر بە ژیان‌و حەوانەوەی تێکۆشەرانی حیزبەکەی بکا. بە تێکچوونی شۆڕش بە دوای ڕێکەوتنی خائینانەی شای ئێران‌و سەددام حوسێن، بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتیش سەردەمێکی سەخت‌و ناخۆش دەستی پێکرد. سەید ڕەسووڵ‌و هاوڕێیانی سەرەڕای هەموو خەفەت پەرۆشی‌یەک بە بۆنەی شکانی ئەو شۆڕشە، لە دڵدانەوەی خەڵک‌و ڕەواندنەوەی ناهومێدی‌و هیوادار کردنیان بە داهاتوو غافڵ نەبوون. قسەکردن دژی ستەم‌و جینایەتەکانی ڕێژمی بەعس لە نێو کۆمەڵانی خەڵک بەدوای شکانی شۆڕش‌دا، بە گوێی موخابرات‌و دەستگای جاسوسیی ئەم ڕێژیمە دەگاتەوەو سەر ئەنجام لە ساڵی ١٩٧٦، کەربەدەستانی ئەمن‌و موخابرات بنەماڵەی کاک سەید ڕەسول، مەلا ڕەسووڵ پێشنەمازو کۆمەڵێک بنەماڵەی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە شێوەیەکی دڕندانە تێکەوە دەپێچن‌و هەر بە شەو بۆ ڕومادییە ڕایاندەگوێزن. بەم ڕەفتارە وەحشیانە، ئەندامانی ئەم بنەماڵانە، لە کوردستان‌و دۆستان‌و ناسیاوان‌و تەنانەت لە خوێندن‌و قوتابخانە دادەبڕێن‌و بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ کۆمەڵێک بێحورمەتی‌و بەدڕەفتاری‌و هەڕەشە بەرەوڕوو دەبن.

سەید ڕەسووڵ دێهقان لە سەردمێکدا کە ڕێژیمی عێراق بەدوای نسکۆی ١٩٧٥دا هەموو کوردستانی عێراقی هێنابۆوە ژێر دەسەڵاتی ڕەشی خۆی‌و، لە کاتێکدا زەبرو زەنگی ڕێژیمی شایەتی لە کوردستانی ئێران لەو پەڕی خۆی دابوو، یەکێک لەو دەگمەن کەسانە بوو کە بۆ کارو تێکۆشانی حیزبی بە نەهێنی گەڕانەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ساڵی ١٣٥٧یش کە خۆپێشاندان‌و ڕاپەڕین بە دژی ڕێژیمی شایەتی هەموو ئێرانی گرتەوە، سەید ڕەسووڵ پێش زۆربەی هاوڕێیانی گەڕایەوە کوردستانی بندەستی ئێران‌و ڕۆڵێکی زۆر گرینگی لە سازماندانی خەڵک لە ناوچەکانی پیرانشارو نەغەدەو شنۆو مەهابادو چەک کردنی پێگە نیزامییەکانی ڕێژیمی شایەتی هەبوو.

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕش‌و دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، سەید ڕەسووڵ چەندین بەرپرسایەتی گرینگی حیزبیی گرتە ئەستۆو ڕۆڵێکی بەنرخی لە ڕێکخستنی کارو تێکۆشانی حیزب‌دا گێڕا. سەید ڕەسووڵ کە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب بوو هەم وەک فەرماندەیەکی نیزامی جێگا پەنجەی بە زۆر سەرکەوتنی پێشمەرگەوە دیار بوو، هەم وەک ڕێبەرو ڕێکخەرێکی سیاسی توانی لە بەربەرەکانی لەگەڵ دیاردە دزێوەکان بە تایبەتی لە دژی ژنان، هەروەها ڕاکێشانی کوڕان‌و کچانی لاو بۆ نێو کاروباری سیاسی‌و لە پەرەپێدانی قوتابخانەکان، نەخۆشخانەکان، ڕێگاوبانەکان‌دا سەرچاوەی گۆڕان‌و چالاکی جۆراوجۆربێ.

سەید ڕەسووڵ ببوە سیمایەکی خۆشەویستی‌و جێگای متمانەی کۆمەڵانی خەڵک‌و هەر کارو ئەرکێک کە حیزبەکەی پێی سپاردبا، یا هەر خزمەتێک لە هەر بوارێکدا لە دەستی هاتبا سادقانەو دڵسۆزانە ئەنجامی دەدان.


هاوسەرو منداڵەکانیشی کە لە درێژایی ساڵانی دەربەدەری‌دا هاوبەشی سەختی‌و ناخۆشی‌یەکانی ژیانی بوون، نموونەی دڵسۆزی‌و هەڵسوکەوتی جوانی کۆمەڵایەتی‌و نیشتماندۆستی بوون.

لە دوای کۆنگرەی حەوتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەید ڕەسووڵ بە هێندێک هۆی تایبەتی لە کارو تێکۆشانی حیزبی دوور کەوتەوەو لە سلێمانی نیشتەجێ بوو. سەر لە بەیانی ڕۆژی ١١ژانویەی ١٩٨٨، چەند چەکدارێک لە نێو دەرگای ماڵەکەی خۆی دیانە بەر

**سەید ڕەسووڵ ئەو خەباتکارەی تەمەنێک خزمەتی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی لەم دیوو ئەو دیوی کوردستان کرد، مەزلوومانەو بە غەدرو نارەوا شەهید کردا**

دەستڕێژو شەهیدیان کرد. نە حکوومەتی عێراق کە دەسەڵاتی باشووری کوردستانی بە دەستەوە بوو، بە جیددی لەم تیرۆرەی کۆڵیەوەو نە هیچ لایەنێک بەرپرسایەتی ئەم تاوانەی گرتە ئەستۆ. دیارە پێشتر، واتە ساڵی ١٣٦٠ ئەو کاتەی لە پیلانێکی شوومدا تەرمی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی لە گڵکۆکەی هێنرایەدەر، سەید ڕەسووڵ بە دەست هەبوون لەم کردەوەیە تاوانبار کرا. بەڵام ئەوانە سەید ڕەسووڵ لە نزیکەوە دەناسن، دەزانن کە ئەو مرۆڤە تێکۆشەرو نیشتمانپەروەرە ڕێزو خۆشەویستی‌یەکی لە ڕادەبەدەری بۆ بارزانی هەبووەو ئەنجامدانی کردەوەیەکی دزێوی لەم چەشنە بە هیچ جۆر لەگەڵ بیرو باوەڕو کەسایەتیی ئەو نەدەگونجا. ئایا سەید ڕەسووڵ لە پێوەندی لەگەڵ ئەم تاوانەدا، گیانی لێ ئەستێندرا؟ ئەمە پرسیارێکە کە هێشتا وڵامێکی ڕاشکاوانەی پێ نەدراوەتەوە. لە هەرحاڵ‌دا سەید ڕەسووڵ ئەو خەباتکارەی تەمەنێک خزمەتی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی لەم دیوو ئەو دیوی کوردستان کرد، مەزلوومانەو بە غەدرو نارەوا شەهید کردا. ئەگەرچی بە هۆی دابڕانی لە حیزب‌و کارو تێکۆشانی حیزبی، تەنانەت دوای شەهید بوونیشی کەوتە ژێر بۆتەی فەرامۆشی‌و بە دەگمەن ئاوڕ لە خزمەتەکانی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دراوەتەوە، بەڵام گومانی تێدا نیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەرزداری خزمەتەکانی ئەم کەسایەتییە خەباتگێرەن.

لە ٢٧ساڵەی شەهیدبوونی‌دا. سڵاو بۆ گیانی پاکی دەنێرین‌و بە ڕێزەوە یادی خزمەتەکانی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکەینەوە.



# ڕۆژنامەنووسان و جەنگ

## مافی ڕۆژنامەنووسان لە کاتی ڕووماڵکردنی ڕوودواوەکانی بەرەکانی شەڕ

نووسینی: ڕەزا موعینی (*)

بەشی یەکەم

و: مادح ئەحمەدی

بەشێکی زۆری مێژووی ڕۆژنامەگەریی جیهان (بەتایبەت لە ماوەی ١٠٠ ساڵی ڕابردوودا) لە ژێر کاریگەریی جەنگ دایە. ئەم پێوەندییە و کاریگەریی دوو لایەنەی میدیا و جەنگ، پاردۆکسێکە کە ئێستاش مشتومڕی لەسەرە. (١) هەواڵنێران لە چەقی ئەم «پێوندیی»یە دان، واتە ئەو پێوەندییەی کە ئەمڕۆ بووەتە تەوەری زانیارییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی لەسەر جەنگ.

لە ڕاستیدا سەرەکیترین گۆڕانکارییە میدیاییەکان، لە برەو پەیدا کردنی ئاژانسە هەواڵدەرییەکانەوە تا سەرهەڵدانی ڕادیۆ، لە کۆبوونەوەی چاپەمەنییەکان لە کۆنسرسیۆمەکاندا تا پێکهاتنی سەندیکاکانی ڕۆژنامەنووسی و دارشتنی جاڕنامەکانی ئەخلاقی پیشەیی، هەموویان لە دوای دەست پێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە سەریان هەڵ دا. میدیاکانیش بێ بەش نەبوون لەو کاولکاریانەی کە لە ئەنجامی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ڕوویاندا. لە سەرەتاوە لە ژمارەیەک لە وڵاتاندا (بەتایبەتی بریتانیای مەزن و ئەمریکا) جەنگ بووە هۆی بەرز بوونەوەی تیراژی ڕۆژنامەکان. لانیکەم لە ساڵەکانی سەرەتاوە ئەو سانسۆرە هەمە لایەنەی کە سەپا بوو، خوێنەری لە خوێندنەوەی ئەوە هەواڵانەی کە ڕاشکاوانە دوور بوون لە ڕاستیی ڕووداوەکانی جەنگ، دوور نەخستەوە. بەپێچەوانەی ئەو دۆخە کە تیراژی ڕۆژنامەکان بەرز ببووەوە و ڕێژەی خوێنەر زیادی کردبوو، هەر لە ساڵی دەستپێکی جەنگەوە، ئەو قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە بەهۆی جەنگەوە سەری هەڵ دابوو، کەمی و گرانبوونی کاغەز و پێداویستییەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە، بڕینی سەرجەم ڕیکلامە بازرگانییەکان و نەبوونی هێزی مرۆیی، بووە هۆی مایەپووچ بوونی زۆربەی ڕۆژنامەکان. لە فەرەنسا و بریتانیا لە ماوەی چەند مانگدا دەیان ڕۆژنامە داخران. لەو وڵاتگەلەی کە بەشداری شەڕەکە بوون و لەو نێوەدا لە فەرەنسا، ئەڵمانیا و بریتانیا نوێنەرانی دەوڵەت و کەسانی سەربازیی دەچوونە نووسینگەی ڕۆژنامەکان و چاودێریی چۆنییەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی جەنگیان دەکرد و سنوورییان دیاری کردبوو کە خەڵک تاچەند بزانن و چ زانیارییگەلێکیان پێ بدەرێ. بەهۆی زاڵبوونی هەستی ناسیۆنالیستی و جۆش و خرۆشی گشتی بۆ لایەنگری لە شەڕ، ڕاگەیاندنەکان خۆیان دابەدەستەوە و بەپێی ویستی دەوڵەت دەجووڵانەوە و لەهەمبەر پرۆپاگاندا و «مێشک شۆردنەوە»دا، نەیانتوانی ئەرک پیشەییەکان جێبەجێ بکەن. (٢) لە ئەنجامی ئەم جۆرە مامەڵەکردنەدا، جەنگ قورسترین زیانی بە چاپەمەنییەکان گەیاند و متمانەی ڕۆژنامەنووسی ئەوانی تێک شکاند.

### هەواڵنێرانی چاپەمەنییەکان، هەواڵنێرانی جەنگی، ڕۆژنامەنووسان

بەپێچەوانەی ڕامانی باو، ڕۆژنامەنووسان لەو ناوچەگەلەی کە جەنگی لێیە، مافێکی تایبەتیان نییە. بەپێی تەعبیرێک لە ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکاندا و بەپێی تەعبیرێکی دیکە لە هەموو ناکۆکییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا، مافی نێونەتەوەیی مرۆڤدۆستانە بۆ ڕۆژنامەنووسان تەنیا ئەو مافەیە کە بۆ «هاوڵاتی مەدەنی» ڕەچاو دەکرێ. ئەو پرسە کە ئاخۆ دەبێ ڕۆژنامەنووسان مافی تایبەتیان هەبێ، بابەتێکە کە هەنووکەش بەردەوامە. گەڵاڵە پێشنیارەییە سەرەتاییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەسەر ئەوە بنەمایە دانرا بوو کە ڕۆژنامەنووسانیش وەک کارمەندانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و تیمە پزیشکییەکان بە هێمایەک پێناسە بکرێن کە جیا بکرێنەوە لەوانی دیکە.

لەڕاستیدا شێوازی کار و بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسانی بۆ وەدەستهێنانی زانیاری و بڵاوکردنەوەی لەگەڵ کاری تیمەکانی فریاکەوتن جیاوازی هەیە. هێمادار بوون سەرەتا بۆ ڕۆژنامەنووس (کە دەتوانرێ بکرێتە ئامانج) و دواتر بۆ هاوڵاتیانی مەدەنی مەترسی هەیە. هەروەها بە جۆرێکیش ئازادییەکانی ڕۆژنامەنووس لە وەدستهێنانی زانیاریدا سنووردار دەکاتەوە.(٣)

سەرەڕای ئەوەی لە مێژووی دارشتنی مافی مرۆڤدا، پێداگری لەسەر گرنگایەتیی ئازادیی ڕادەربڕین و بڵاوبوونەوەی ئازادانەی زانیاری کراوە و لەم چوارچێوەیەدا داکۆکی لە پیشە و پێگەی ڕۆژنامەنووسان کراوە و وەک جمکی ئەم مافە دێتە ئەژمار، بەڵام لە مافە نێونەتەوەییە مرۆڤدۆستانەکاندا کە ناوی مافی مرۆڤی وەختی شەڕیان لەسەر داناوە و لەچاو پێشینەی ئەم مافە، ڕۆژنامەنووس ڕۆژ درەنگتر بە مافی ڕەوای خۆی گەیشت. یەکەم جار لە مادەی ٧٩ی پرۆتۆکی هاوپێچی کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ دا لە ساڵی ١٩٧٧ لە بەڵگەکانی مافە نێونەتەوەییە مرۆڤدۆستانەکاندا باسی هەواڵنێر کراوە.(٤) ئەم پرۆتۆکۆلە و بەشێک لە بڕیارەکانی دادگاکانی



تاوانی نێونەتەوەیی، لەوانە: دادگای تاوانی نێونەتەوەیی بۆ پرسی یوگوسلاڤیای پێشوو و دادگای تاوانی نێونەتەوەیی بۆ پرسی ڕەواندا، وەک پرۆسە دادوەرییەکان و بڕیارنامەی ١٧٣٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (٢٣ی دێسامبری ٢٠٠٦)، یەکەمین بڕیارنامەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٦ی نوامبری ٢٠١٣، سەرەکیترین بناغەکانی داکۆکی کردن لە مافی ڕۆژنامەنووسان لە جەنگ و ئەو ناوچەگەلەی جەنگی لێیە، پێک دێنن.

پێشتر مادەی ١٣ ڕێسا باوەکانی تایبەت بە جەنگ، هاوپێچی کۆنڤانسیۆنی لاهە لە ساڵی ١٨٩٩ و ١٩٠٧ لەو بەشەیدا کە پێوەندیی بە دیلەکانی شەڕەوە هەیە باسی «هەواڵنێرانی چاپەمەنییەکان»یش دەکا، بەڵام لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا ڕۆژنامەنووسان و هەواڵنێران بۆیان نەبوو بچنە بەرەکانی شەڕەوە و لە هەندێ لە وڵاتاندا جیا لەو زانیارییانەی کە لە «بەیاننامە فەرمییەکانی دەوڵەت و ناوەندە سەربازییەکان»دا بڵاو دەکرانەوە، باسی هەر زانیارییەکی دیکەت کردبایە، وەک سیخوڕی لە قەڵەم دەدرا و سزاکەی لەسێدارەدان بوو. بەم جۆرە پرسی پاراستنی ئاسایشی هەواڵنێر لە ناوچە جەنگییەکاندا نەبووە ڕۆژەڤ و بەگشتی تا ڕۆژەکانی کۆتایی شەڕ هیچ هەواڵنێرێکی سەربەخۆ نەیتوانی بچێتە ئەو شوێنانەی کە شەڕی لێ بوو.(٥)

دوای جەنگی دووەمی جیهانی بوو کە بەشداریی «ڕیپۆرتێری جەنگ» لە بەرەکانی شەڕدا بەفەرمی ناسێنرا. یەکەم، تێبینی چوارەمی مادەی ٤ی سێیەمین کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ لە ساڵی ١٩٤٦دا، لەچاو پەسەندکراوی ساڵی ١٩٢٩ی ئەو کۆنڤانسیۆنە، بەشێوەیەکی ڕوونتر مافی «دیلی جەنگ»ی بۆ «هەواڵنێرانی جەنگ»، بە فەرمیی ناسی. بەپێی ئەو کۆنڤانسیۆنە ڕیپۆرتێری جەنگ بە کەسانێک دەوترا کە لە جەنگی دووەمی جیهانی و یان جەنگی کۆریا، لە ژێر ئەو ناوەدا لە لای هێزەکاندا ڕاپۆرتیان لەمەڕ جەنگەکە ئامادە دەکرد. «ڕیپۆرتێری جەنگ وەک ئەفسەرەکان یۆنیفۆرمی لەبەردا بوو و بەپێی بڕیارەکانی فەرماندەری ئەو یەکەیە دەجووڵایەوە کە تێدا بوو» (٦)

فەرهەنگیی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ، بەم شێوە هەواڵنێرانی جەنگ پێناسە دەکا:» ڕۆژنامەنووسێکی پرۆفیشناڵە کە لە لایەن هێزە سەربازییەکانی لایەنێکی جەنگەکەوە ڕێگەی پێ دراوە و پارێزگاری لێ دەکەن و بەشداریی بەرەکانی شەڕ دەبێ و ئەرکی ئەوەیە هەواڵی ڕووداوەکانی جەنگ بگوازێتەوە و بڵاوی بکاتەوە» (٧)

گرنگایەتیی بەشداریی کردنی «هەواڵنێرانی جەنگ» لە بەرەکانی شەڕدا، لە جەنگی ڤیتنامدا بۆ جیهان ڕوون بووەوە. سەرجەم توانایی پێوەندییەکانی زلهێزێکی گەورەی جیهان لە پرۆپاگەندا، نەیتوانی وێنەی ئەو ڕاپۆرتانەی کە هەواڵنێران لە تراژیدیای شەڕ و کوشتنی خەڵکی سڤیل بڵاویان دەکردوە، لەبیر خەڵک بباتەوە. «فیلیپ ڕۆشۆ». هەواڵنێری بەرەکانی جەنگ بەم جۆرە باسی ئەو ڕووداوە دەکا:» سەردەمێک لە ڕێگەی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ئەمریکاوە دەمانتوانی سەردانی هەموو شوێنێک بکەین و ئازادنە چمان پێ خۆش بێ وێنەی لێ هەڵبگرین، ئەمە بۆ ئێمە باش بوو، بەڵام هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوە سوپای ئەمریکا جەنگەکە بدۆڕێنێ!» (٨)

### بەفەرمیی ناسینی بەشداریی ڕۆژنامەنووسان لە بەرەکانی شەڕدا

٢٨ ساڵ دوای کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ ١٣٤٩، مادەی ٧٩ پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ١ (پەسەندکراوی ٨ی ژوئەنی ١٩٧٧) بۆ یەکەمین جار لە بەڵگەی فەرمیی مافە نێودەوڵەتییەکاندا باسی «ژۆرنالیست»ی کرد و ئەو کەسانەی «کە لە بەرەکانی شەڕدا سەرقاڵی جێبەجێ کردنی ئەرکی گرنگ و پیشەیی خۆیانن»، وەک کەسانی «مەدەنی» دەناسێنێ. ئەو کەسانە سەرجەم ئەو مافانەی کە بۆ هاوڵاتیانی مەدەنی لە لایەن کۆنڤانسیۆنەکانی ژنێڤەوە دانیان پێدا نراوە، دەیانگرێتەوە. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە بەرەکانی شەڕدا سەرقاڵی جێبەجێ کردنی ئەرکی گرنگیی پیشەیی خۆیانن، بەو مەرجەی خۆیان لە ئەنجامدانی هەر چەشنە کردەوەیەکی سەربازیی ڕاستەوخۆ ببوێرن، وەک کەسانی سڤیل چاویان لێ دەکرێ».

ئەم پرۆتۆکۆلە ئاوا پێناسەی ئەرکی گران دەکا:» ئەنجامدانی هەرچەشنە چالاکییەکی پیشەیی (میدیایی) لە ناوچەیەکدا کە جەنگی لێیە و یان لەژێر کاریگەریی جەنگ دایە، لە بنەڕەتدا گرانە». پێناسەی ڕۆژنامەنووس لە مادەی دووەمی گەڵاڵەی کۆنڤانسیۆنی پشتیوانی لە ڕۆژنامەنووسان لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکی گراندا کە بووەتە بنەمای پێناسەی ڕۆژنامەنووس لەم هاوپێچکراوە و بەڵگەنامەکانی دیکەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بەم شێوەیە:» ڕۆژنامەنووس بەو کەسانە دەوترێ کە بەدوایی زانیارییەکاندا دەچن و زانیاری دەست دەخەن و بڵاوی دەکەنەوە و یان ئەو زانیارییگەلە شی دەکەنەوە و بەکاریان دێنن». ئەم پێناسە هەموو «نێردراوە تایبەتەکان، هەواڵنێران، وێنەگران، وێنەهەڵگران، یاریدەدەرانی کاروباری تەکنیکی» کە ئەم کارە پیشەی سەرەکییانە، دەگرێتەوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتی ١٩٧٥/٨/١ ئەم پرۆتۆکۆلەی پەسەند کردووە.

پرۆتۆکۆلی هاوپێچی ١، مەدەنی بوونی هەواڵنێران لە بەرەکانی شەڕدا تەنیا بۆچوونێک نییە. «بەپێی ئەو پێناسەی کە لە مادەی ٥٠ی بەشی یەکەمی ئەو پرۆتۆکۆلەدا هاتووە، هەواڵنێر کەسێکی مەدەنییە» و سەرجەم ئەو مافگەلەی کە لەم کۆنڤانسیۆنگەلەدا بۆ هاوڵاتییانی مەدەنی ڕەچاو کراوە، ئەویش دەگرێتەوە و لەبەرانبەر هەرچەشنە هێرشێکی چەکدارانەدا دەپارێزرێ.

ڕۆژنامەنووسی «ئازاد» و ڕیپۆرتێری جەنگ، هەر دووکیان وەک کەسانی مەدەنی دێنە ئەژمار، بەڵام جیاوزییان لەوە دایە کە ڕیپۆرتێری جەنگ لە لایەن لایەنێکی شەڕەکەوە ڕێگەی پێ دراوە و ئەگەر بە دیل بگیردرێ، لایەنی بەرانبەر وەک دیلی شەڕ چاوی لێ دەکا. ئەگەر هەواڵنێر ڕاستەوخۆ دەست بۆ ئەنجامدانی کردەیەکی سەربازیی نەبات، سەرجەم ئەو مافگەلەی کە بۆ هاوڵاتییانی مەدەنی لە کۆنڤانسیۆنەکاندا ڕەچاو کراوە، دەیگرێتەوە. پێویستە بوترێ ئەو هەواڵنێرگەلەی کە ئەرکی خۆیان لەپێناو خزمەت کردن بە لایەنێکی شەڕەکەدا جێبەجێ دەکەن، وەک سەرباز و شەڕکەر دێنە ئەژمار.

گرنگایەتیی ئەوەی کە هەواڵنێران لەو ناوچەگەلەی کە شەڕی لێیە، وەک تاکی مەدەنی بناسرێن، لەو مافە دایە کە وایان لێ دەکا تایبەت بن. بەم بۆنەوە، سەرجەم کەلوپەلە مەدەنییەکانی ڕۆژنامەنووس پارێزگارییان لێ دەکرێ (مادەی ٥١ی پرۆتۆکۆلی هاوپێچی١)، لە بەرانبەر هەر چەشنە هێرش و بە ئامانج گرتنێکی ڕاستەوخۆ پارێزگاریی لێ دەکرێ (تێبینی دووەمی مادەی ٥١ی پرۆتۆکۆلی هاوپێچکراو) و بەپێی تێبینی سێیەمی مادەی ٨٥ لە کاتێکدا «بە ئەنقسەت هێرشی بکرێتە سەر و لە ئەنجامدا گیان لەدەست بدا، یان برێندار بێ، ئەم بابەتە وەک جەنایەتی جەنگی ئەژمار دەکرێ».

نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە هەواڵنێران بە دوو شێوە دەبنە قوربانی. یەکەم: قوربانی جەنگ، واتە ئەو کاتەی کە بەهۆی مەترسییەکانی جەنگەوە زیانی پێ دەگا. بۆ وێنە لە ڕووداوی بۆردومان کردنی شوێنێکدا لە لای هاوڵاتییانی مەدەنیی دیکەدا ئەویش زیانی پێ دەگا. دووەم: قوربانی جەنایەت، لێرەدا کەسەی لە شەڕدا بووتە قربانی جەنایەت، واتە ئەو هەواڵنێرە لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەرکە پیشەیی و گرانەکەیدا بووە و ڕاستەوخۆ هەواڵنێر بوونەکەی بووەتە هۆی ئەوەی بکرێتە ئامانج.

(*) بەرپرسی بەشی ئێران، ئەفغانسان، تاجیکستان و چاودێری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کوردستان لە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی هەواڵنێرانی بێ سنوور (RSF)

### پەراوێزەکان:

١- هەواڵنێری لە بەرەکانی شەڕدا ڕابردوویەکی بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەیە. لە تەورات و ئینجیلەوە تا دەگاتە ئیلیاد و لە مێژووی هێرۆدۆتەوە تا قورئان و شانامە باسی جەنگ دەکەن. ژمارەیەک لە خاوەنرایان پێیان وایە سەرهەڵدانی هەندێ لە پێکهاتە میدیاییەکان لە ژێر کاریگەریی جەنگدا بووە. بۆ وێنە Christoph Chamboust لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سەرەتای هەواڵنێری مەیدانی، دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی ناوخۆی ئەمریکا. La presse anglo-saxonne et) la predominance des faits : un constat toujours dactualite? », Cahiers de lAPLIUT,)

و یان Michael Schudson پێ وایە کە یەکەمین ڕیپۆرتێرە تایبەتەکانی جەنگ لە جەنگی کرمیە لە ساڵەکانی ١٨٥٥-١٨٥٤ سەری هەڵدا و دوای ئەوە لە جەنگی ناوخۆی ئەمریکا کەڵکی لێ وەرگیرا. Schudson, M. 1978. Discover- ) ing the News, A Social History of American Newspapers. New (York : Basic Books

هەر لەم سەروبەندەدا لە ئوورووپا یەکەمین ئاژانسەکانی هەواڵ لە دایک بوون. ڕۆیتێرز و هاواس لە ساڵەکانی 1851 و 1877 (کە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بوو بە نەتەوەیی و ناوی خۆی گۆڕی بۆ ئاژانسی هەواڵی فەرەنسا) هۆکاری سەرەکی پەرەسەندنی ئەم دوو هەواڵدەرییە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەواڵانەی کە لەسەر شەڕەکان بەدەستیان دەهێنان و بڵاویان دەکردنەوە. مارک کراوتیز (Marc Kravetz) ڕیپۆرتێری بەناوبانگی جەنگ لە وتارێکدا بە ناوی بەرز نرخاندنی ڕیپۆرتێرە گەورەکان (Eloge du garnd report-er) باسی ئۆلیڤێر پان (Olivier Pain)، ڕۆژنامەنووس و یەکێک لە کۆمۆناردەکانی پاریس دەکا کە هاوکات ڕاپۆرتیان لەمەڕ ڕووداوەکانی جەنگی پرۆس و فەرەنسا ئامادە دەکرد.

2- مێژووی چاپەمەنییەکان، پیر ئاڵبێرت، ناوەندیی بڵاوکردنەوەی زانکۆیی فەرەنسا( -PUF- Histoire de la (presse – Pierre albert

3- یەکەمین جار لە ساڵی 1970 کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بڕیارنامەی 2673دا داوای لە ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کومیتەی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە گەڵاڵەیەک بۆ پارێزگاریی کردن لە ڕۆژنامەنووسان لە کاتی ڕۆیشتن بۆ ناوچە پڕمەترسییەکان بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکی پیشەییان، ئامادە بکرێ. کۆی ئەم باسگەلە تا ساڵی 1975 درێژەی هەبوو و لە ئەنجامی ئەم باسانەدا گەڵاڵەیێک ئامادە کرا و بەشێک لەم بابەت و پێشنیارگەلەیان لە پرۆتۆکۆلی هاوپێچی 1 کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ دا گونجاند.

Actualisation de la protection des journalistes en mission per-illeuse dans les zones de confit- Jean pilippe Petit

٤ ـ پرۆتۆکۆلی هاوپێچی 1 (1977) کۆنڤانسیۆنی ژنێڤ ـ ڕوونکردنەوە: وەرگێڕدراوی گشتی کۆنڤانسیۆنەکانی ژنێڤم (لانیکەم بەشێوەی ئانلاین) بە زمانی فارسی نەدۆزیەوە ـ چەند بەشێک لەم کۆنڤانسیۆنە لە کۆمەڵێک بەڵگەی نێونەتەوەیی لەمەڕ مافەکانی مرۆڤ لە ژێر چاودێری ئەردەشێر ئەمیرئەرجمەند دا لە لایەن زانکۆی شەهید بەهشتییەوە بڵاو کراونەتەوە. بەڵام بۆ ئەم وتارە ماڵپەڕی خاچی سوور وەک سەرچاوەی ئەو بابەتگەلەی کە پێوەندییان بە کۆنڤانسیۆنەکانی ژنێڤ و ئەم پرۆتۆکۆلەوە هەیە بەکار هاتووە. //:http www.icrc.org/fre/war-and-law/ treaties-customary-law/gene- /va-conventions

و یان /http://www.icrc.org/fre assets/files/other/icrc_001_0321. pdf

٥ – چاو لە پەراوێزی دووەم بکە.

Les Rre des mdias et ٦- L›acces des journalistes sur le terreain Hostilites- Aexander Balguy- Galois

Jean Salmon (dir.), Diction- 7- naire de droit international pub- lic , Bruylant, Bruxelles, 2001, p. .275

La croix – Risque et ٨ ـ وتاری derives du journalisme de guerre 11,10,2013

پێویستە بوترێ کە لە جەنگی کەنداودا دەستەواژەیەکی نوێ بۆ هەواڵنێرانی بەرەکانی شەڕ بە ناوی هەواڵنێری هاوڕێ بەکار برا. هێزەکانی ئەمریکا و بریتانیا ئەو هەواڵنیرانەیان لە ناو زرێپۆشەکاندا هاوڕێ لەگەڵ خۆیان دەیانبردنە بەرەکانی شەڕەوە. ڕێکەوتی 8/4/2003 دوای ئەوەی ئەمریکا هێرشی کردە سەر هۆتێل فەلەستین (شوێنی حەوانەوەی هەواڵنێران لە عێراق) و بەهۆی هێرشەکەوە هەواڵنێری هەواڵدەریی ڕۆیتێرز و هەواڵنێری کەناڵی 5 سپانیا کوژران، وتەبێژی سوپای ئەمریکا لە ناوەندیی فەرماندەیی ئەم هێزەدا لە قەتەر ڕایگەیاند: ئێمە نازانین لەو ناوچەگەلەی کە جەنگی لێیە، هەواڵنێران لە کوێین، تەنیا ئەوانە دەناسین کە لەکاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکانیدا هاوڕێی ئێمەن. بەم جۆرە هەندێ کەس هەواڵنێران (هاوڕێیان) یان وەک یاریدەدەری سەربازی لە جەنگدا دەناساند. بەڵام ئەم هەواڵنێرانە لە ڕوانگەی یاساییەوە تەنانەت سوود لە مافی ڕیپۆرتێرەکانی جەنگ وەرناگرن. بەکردەوە وەک هاوڕێن و تەنیا لە لایەن سوپای هەندێ لە وڵاتانەوە مافی دیلی شەڕیان بۆ ڕەچاو دەکرێ.

The Iraq War: The Heaviest) Death Toll for the Media Since World War II, March 2003 – Au- gust 2010

http://en.rsf.org/irak- the-iraq-war-the-heaviest- death-07-09-2010,38294.html

کوردستان
رۆژنامەی ● ژمارە: ٦٤٩

# عەرەبستان، نەوت و ئیسلامی سیاسی



ڕێبوار مەعروفزادە

لە ڕۆژی هەینی ٣ی ڕێبەندان، مەلیک عەبدوڵڵا پاشای ٩٠ ساڵەی عەرەبستانی سعوودی کۆچی دوایی کرد و سەلمان بنی عەبدولعەزیزی ٧٩ ساڵە وەک پاشای نوێ دیاری کرا. زۆرێک لە وڵاتانی عەرەبی وەک میسر، ئیمارات و کوەیت چەند ڕۆژ ماتەمینی گشتیان بە هۆی کۆچی پاشای عەرەبستان ڕاگەیاند. هەروەها وڵاتانێک وەک ئەمریکا، بریتانیا و تورکیە کاردانەوەی فەرمیان بە کۆچی مەلیک عەبدوڵڵا نیشان دا. حەسەنی ڕۆحانی سەرکۆماری ئێرانیش پەیامی هاودەردی بۆ دەوڵەت و خەڵکی عەرەبستانی سعوودی نارد و بەداخبوونی خۆی بۆ ئەو کۆچە دەربڕی. بەڵام ئایەتوڵڵا جەننەتی، بەرپرسی شوورای نیگابان، لە وتاری خۆیدا لە پێش نوێژی ڕۆژی هەینی تاران، پیرۆزبایی مردنی پاشای عەرەبستانی لە هەموو موسڵمانانی جیهان کرد. جەننەتی پاشای عەرەبەستانی بە قارون ناو برد و ئەوی بە دژایەتی لەگەڵ شیعەکان تاوانبار کرد. هەموو ئەوانە دەرخەری ئەوەن کە عەرەبستان لە ئاستی جیهانی عەرەبی، جیهانی ئیسلام و جیهاندا خاوەنی پێگەیە. لەو وتارەدا هەوڵ دەدەین تارادەیەک باسی مێژووی عەرەبستان و کێشە نێوخۆییەکانی ئەو وڵاتە بکەم و هەروەها تیشک بخەمە سەر هاوپەیمانان و دژبەرانی ئەو وڵاتە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی نێوراست و جیهان.

### عەرەبستانی سعوودی

عەرەبستان وشکاییەک بوو کە لەودا عەشیرە و تایفەی جۆراوجۆری عەرەب لەگەڵ یەکتر بەردەوام شەڕیان دەکرد بەڵام لە ساڵی ١٩٣٢، عەبدولعەزیز ئیبنی سعوود کۆتایی بەو ناکۆکیانە هێنا و پاشایەتی بنەماڵەی سعوودی دامەزراند. عەبدولعەزیز لەگەڵ یەکێک لە کچەکانی هەموو تایفەکانی عەرەبستان زەماوەندی کرد بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەهێز بکا. ئەو ٤٥ کوری هەبوو و لە کۆمەڵگەی پیاوسالاری عەرەبستانیش ژمارەی کچەکان گرینگ نەبوو و نەدەژمێردرا. مەسەلەیەکی گرینگی دیکەی کە پاشایەتی بنەماڵەی سعوودی بەردەوام کرد، دۆزینەوەی نەوت لەو وڵاتە لە لایەن کۆمپانیا ئەمریکاییەکان لە دەیەی ٣٠ی سەدەی بیست بوو. نەوت وایکردوە کە پاشایەتی عەرەبستان بە کۆنترولکردنی پیشەسازی نەوت بتوانێ خەڵکی عەرەبستان کۆنترول بکا.

### عەرەبستانی سعوودی و ئەمریکا

لە ١٩٣٠ بەملاوە عەرەبستان نەوتی بە ئەمریکا داوە و ئەمریکاش لە بەرامبەردا ئەرکی پشتگیری سیاسی و پاراستنی نیزامی عەرەبستانی لە ئەستۆ گرتووە. عەرەبستانی سعوودی لە مێژووی خۆیدا ستراتژیکترین پێوەندی لەگەڵ ئەمریکا بووە کە ئەو پێوەندییە هێندێک جار گرژی تێکەوتووە. لە ڕەوتی شەڕی دووهەمی جیهانی دا ڕۆزولت سەرۆک کۆماری ئەمریکا و شا عەبدولعەزیز لەگەڵ یەکتر دیدار دەکەن و ڕۆزولت شا دلنیا دەکاتەوە کە ئەمریکا بە بێ ڕاوێژکردن بە عەرەبستانی سعوودی، لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین هیچ بریارێک نادا. لەو دیدارەدا ڕۆزولت ڕای شا عەبدولعەزیز لەمەڕ وڵاتی ئیسرائیل دەپرسێ و ئەو وڵام دەداتەوە کە تاوانی هۆلۆکاست یەکێک لە گەورەترین تاوانە دژە مرۆییەکان بووە کە دەرهەق بە جوولەکەکان کراوە. بەڵام ئەگەر بریار بێ خاکێک لە شوێنێک بدرێ بە جوولەکەکان، پێویستە باشترین بەش لە خاکی ئاڵمان بدرێ بە جوولەکەکان نەک بەشێک لە خاکی عەرەب. دواتر دەنگی ئەرێنی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ بەفەرمی ناسینی ئیسرائیل، پێوەندییەکانی ئەمریکا و عەرەبستانی بەرەو گرژی برد. عەرەبستان تا ئێستاش دانی بە وڵاتی ئیسرائیل نەناوە. کاتێک جەماڵ عەبدولناسر لە ساڵی ١٩٦٧ هێرشی کردە سەر ئیسرائیل، عەرەبستانیش پشتگیری لە میسر کرد بەڵام وڵاتانی عەرەبی لە شەڕێکی ٦ ڕۆژەدا دۆران. هەر بەم هۆیە عەرەبستان بۆ ماوەیەک هەناردەکردنی نەوتی ڕاگرت و بەهای نەوت لە ئاستی جیهانیدا بە شێوەیەکی سەرسوورهێنەر بەرز بووە. هەروەها لە ساڵی ١٩٩١، کاتێک سەدام حوسێن کوەیتی داگیر کرد، هەزاران سەربازی ئەمریکایی لە خاکی عەرەبستان جێگیر کران و عەرەبستان سەرمایەیەکی زۆری بۆ شەڕی کەنداو تەرخان کرد. ڕووداوێکی دیکە کە کاریگەری هەبوو سەر پێوەندییەکانی ئەمریکا و عەرەبستانی سعوودی، هێرشی تێرۆریستی ١١ی سپتامبەری ساڵی ٢٠٠١ بوو کە نزیک بە ٣٠٠٠ کەس لە شاری نیۆیۆرک کوژران. ١٩ کەس لەو هێرشەدا بەشداربوون کە ١٥ کەسیان خەڵکی عەرەبستانی سعوودی بوون. پێشتریش بەشێک لە خەڵکی توندڕەوی عەرەبستان پشتگیری ماددی و تەنانەت بەشداری ڕاستەوخۆیان لە ئیسلامی تۆندئاژۆ کردبوو. بۆ نموونە هەزاران گەنجی وەهابی عەرەبستان شان بە شانی تالیبان لە ئەفغانستان لە دژی یەکیەتی سۆڤییەت




شەڕیان کرد. بەڵام هێرشی تێرۆریستی ١١ی سپتامبەری ٢٠٠١ و بەشداری ١٥ تێرۆریستی عەرەبستانی، ئەوەی دەرخست کە ئەگەر لە لایەک نەوتی عەرەبستانی سعوودی، ئەمنییەتی وزەی بۆ ئەمریکا دابین کردوە، بەڵام لە لایەکی دیکە گەشەی توندڕەوەی لەو وڵاتە، هەڕەشە لە ئەمنییەتی نەتەوەیی ئەمریکا دەکا. لەگەڵ ئەوەش دا ئەمریکا لەو پشتگیرییەی سیاسی و نیزامییەی بنەماڵەی سعوودی لە بەرامبەری دەستڕاگەیشتن بە نەوتی ئەو وڵاتە بەردەوام بووە ئەرگەرچی خەڵکی ئەو وڵاتە پشتگیری لە گرووپگەلی توندرەو وەک داعش دەکەن.

### عەرەبستان و ئێران

خاڵی هاوبەشی عەرەبستانی سعوودی و کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوەیە کە هەر دووک نوێنەرایەتی ڕژیمێکی ئایینی دیکتاتۆر دەکەن کە بەستێنی توندرەوەی ئیسلامی خۆش دەکا. لە ئێستادا شانشینی عەرەبستان بە پلەی یەکەم لە رۆلی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست دەترسێ. ڕێککەوتنی ئەمریکا و ئێران لەسەر پرسی ئەتۆمی، دەتوانێ بەرەی شیعە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بەهێز بکا و ئەو بابەتە لە بەرژەوەندی شانشینی سوننی عەرەبستانی سعوودی دا نیە. لە ساڵی ٢٠١١ بەملاوە کە کۆمەڵێک وڵاتی عەرەبی وەک میسر و توونس تووشی نارەزایەتی نێوخۆیی گەورە بوون، شیعەکانی عەرەبستانیش دەستیان بە نارەزایەتی کردوە. شیعەکانی عەرەبستان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە و لە پارێزگای قەتیفە نیشتەجێن. شیعەکانی عەرەبستان زیاتر لە ١٠٪ حەشیمەتی ئەو وڵاتە پێکدێنن و زۆرێک لە سەرچاوەکانی نەوت لە بەشی شیعە نشین هەڵکەوتووە. سەفا ئەحمەد، ڕۆژنامەنووسی تەلەڤیزیۆنی بی بی سی، چەند جار بە شێوەی نهێنی سەردانی عەرەبستانی کردوە و فیلمێکی دیکۆمێنتاری لە نارەزایەتی شیعەیانی عەرەبستان دروست کردوە. لەو فیلمەدا ماموستایەکی شیعە کە وێنەی خۆمەینی و خامنەیی لە دیوەکەی هەڵواسیوە، ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە ئێران ڕۆلی لەو نارەزایەتیانە هەبێ. گەشەی نفووزی ئێرانی شیعە بۆ عەرەبستانی سعوودی نەک هەر هەڕەشەیەکە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بەڵکوو وەک هەڕەشەیەکی نێوخۆییش لەقەڵەم دەدرێ. لە یەمەن کە دراوسێی باشووری عەرەبستانە، ژمارەیەکی بەرچاو شیعە بوونی هەیە و ئەوانە چەند ساڵە لە دژی دەوڵەت چالاکی دەکەن و بە کردەوە بەشێکی ئەو وڵاتەیان کۆنترۆل کردوە. حوسییەکانی یەمەن کە ئێستا نوێنەرایەتی سیاسی شیعەکانی یەمەن دەکەن، داوای ئۆتۆنۆمی زیاتر دەکەن و وڵاتی یەمەنیان ڕووبەڕوی قەیرانێکی سیاسی و میلیتاری گەورە کردۆتەوە. ئەگەر مانەوەی ڕێژیمی شیعەی ئەسەدیش بەو ململانێ ناوچەییەی عەرەبستان و ئێران زیاد بکەین، پاشایەتی عەرەبستان لە سەقامگیرییەکی سیاسی کەمتر بەهرەمەندە.

### ئاکامگیری

بە گشتی بوونی سەڵمان بنی عەبدوڵعەزیز بە پاشای عەرەبستان، سیاسەتی ئەو وڵاتە لە ئاستی ناوچەیی و جیهانی ناگۆرێ بە تایبەت کە وەزیری دەرەوە و وەزیری نەوت هەمان وەزیرانی پێشوون کە ساڵانێکە لەو پۆستانە دان. لە درێژخایەندا سەقامگیری سیاسی پاشایەتی عەرەبستان لە مەترسی دایە بە هۆی داخراوەیی سیستمی سیاسی، نارەزایەتی کەمینەی شیعە و هێزگرتنی شیعەکان لە ئاستی ناوچەدا. تەنانەت خۆدی تورکیەش کە ئێستا لەوێ AKP وەک حیزبێکی سوننی لە دەسەڵات دایە هەڕەشە لە پاشایەتی عەرەبستان دەکا چونکە نموونەیەکی ئەورۆیی تر و سەرکەوتووتر لە دەسەڵاتدارێتی ئیسلامی سوننی پێشکەش دەکا.

سەرچاوەکان:
“Documentary of Saudi Arabia, It Covers Last 75 Years History”, Published on October 22, 2013
“The Growing Saudi protest movement that’s been hidden from the world”, Published by BBC Arabic on Jun 2, 2014
“Yemen Crisis: Who Are the Houthis?”Published by BBC on 21 January 2015
تغییرات کم سابقه در ارکان قدرت در عربستان سعودی، دویچه وله فارسی

# ژیاننامەی ئەندرو جاکسۆن، حەوتەم سەرۆک کۆماری ئەمریکا

## خولەکانی سەرۆکایەتی (١٨٢٩ بۆ ١٨٣٧)

ن: فرانک فریدێڵ و هاگ سیدەی و: خەسرەو ئەڵماسی

زیاتر لە هەموو سەرۆکەکانی پێشووی ئەمریکا، ئەندرو جاکسۆن بە دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵک هەڵبژێردرا؛ وەک سەرۆک کۆماریش تەواوی هەوڵی بۆ ئەوە بوو وەک نوێنەری ڕاستەوخۆی خەڵکی ئاسایی کار بکات.

ئەندرو لە ساڵی ١٩٦٧ لە خانوویەکی دوور لە ئاوەدانی لە ویلایەتی کارۆلاینا لە دایک بوو، وە خوێندنی زۆر پرشوبڵاو بوو. بەڵام لە کۆتایی تەمەنی تازەلاوێتیدا، بۆ ماوەی دوو ساڵ یاسای خوێندو بوو بە پارێزەرێکی گەنجی زۆر باش لە تێنێسی. زۆر لە سەر شەڕەف و ناموسی توند بوو، وە هەر ئەمەش تووشی کۆمەڵێک شەڕ و پێکدادانی کرد؛ تەنانەت لە شەڕێکی دوو کەسی دوئێلدا، پیاوێکی کوشت کە بێرێزی و بوختانێکی بێبنەمای بۆ خێزانەکەی، ڕەیچڵ، هەڵبەستبوو.

جاکسۆن لە باری ماڵییەوە کەسێکی سەرکەوتوو بوو؛ توانی بەو هۆیەوە کۆمەڵێک کۆیلە بکڕێتەوەو کۆشکێکی گەورەو خۆش بۆ خۆی لە نیزیکی نەشڤیل، بە ناوی هێرمیتاژ، دروست بکات. ئەو یەکەم کەس بوو کە لە نەشڤیلەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرا و پاش ئەوەش بۆ ماوەیەکی کورت لە مەجلیسی سێنا خزمەتی کرد. لە شەڕەکەی ساڵی ١٨١٢، وەک ژەنراڵێکی پلە باڵا بەشدار بوو، وە کاتێک توانی هێزەکانی بەریتانیا لە نیوئۆرلێنز شکست بدات، بوو بە پاڵەوانێکی نیشتمانی.

لە ساڵی ١٨٢٤، هەندێک دەستە و گرووپی سیاسیی ویلایەتی، لە دەوری جاکسۆن کۆ بوونەوەو پشتیگیرییان لێکرد؛ تا ساڵی ١٨٢٨ ڕێژەی لایەنگر و هەوادارنی ئەو «دارگوێزە پیرە«بە ڕێژەیەک بەرز بووبۆوە کە توانی لە چەند هەڵبژاردنی ویلایەتی و هەروەها کۆنترۆڵکردنی ئیدارەی فیدڕاڵ لە واشینتۆن سەرکەوتوو و براوە بێت.

جاکسۆن، لە یەکەم پەیامی ساڵانەی بۆ کۆنگرە، پێشنیاری لابردنی لێژنەکانی هەڵبژاردنی کرد. هەروەها هەوڵەکانی وەگەڕ خست بۆ دیمۆکڕاتیزەکردنی وەرگرتنی بەرپرسیارێتی لە دەوڵەتی فیدڕاڵدا. دامودەزگاکانی ئیدارەی ویلایەتی لەوە پێشترەوە بە هۆی دۆستایەتی و خەڵک ناسین و پشتگیری بەرپرسان بنیات دەنران و بەڕێوە دەبران، وە تەنانەت سیناتۆرێکی نیۆیۆڕک بە ئاشکرایی بانگەشەی ئەوەی دەکرد «کە دەستکەوتەکان هی براوەکانن ...».

جاکسۆن ڕوانگەیەکی میانڕەوانەتری هەبوو. سەرەڕای سەرکۆنەکردنی ئەو کاربەدەستانەی پێدەچوو چێژ لە دەستڕۆیشتوویان لە ژیان ببینن، بڕوای وابوو کە ئەرکەکانی حکومەت دەکرێت «هێندە سادە و ساکار» بن کە دەشێت بەرپرسیارێتییەکان لە نێوان داواکارە شایان و لێهاتووەکان دەستاودەست بکرێن.

لەگەڵ بەجەمسەربوونی سیاسەتی نەتەوەیی لە دەوری جاکسۆن و نەیارەکانی، دوو پارتی سیاسی لە ناو پارتی کۆماریخوازانی کۆنداروو لە گەشە بوون–کۆماریخوازە دیمۆکڕاتەکان، یان دیمۆکڕاتەکان، کە لە دەوری جەکسۆن کۆ ببوونەوە؛ وە کۆماریخوازە نەتەوەییەکان، یان ویگەکان، کە نەیاری بوون.

هێنڕی کلەی و دانیەڵ وێبستر و هەروەها سەرکردەکانی دیکەی ویگەکان خۆیان وەک بەرگریکارانی ئازادییە گشتییەکان لە دژی داگیرکارییەکانی جاکسۆن پێناسە دەکرد. تەنانەت کاریکاتێرکێشەکانی نەیاری لە کارەکانیاندا ئەویان وەک شا ئەندروی یەکەم وێنا دەکرد.

لە پشتەوەی ئەو تۆمەتبارکردنانەدا ئەو ڕاستییە خۆی حەشاردابوو کە جاکسۆن، پێچەوانەی سەرۆک کۆمارەکانی پێشووتری ئەمریکا، لە داڕشتنی سیاسەتدا ملکەچی بەرامبەر کۆنگرە نەدەنواند، بەڵکوو دەسەڵاتی ڤیتۆ و پێگەکەی لە ڕێبەرایەتی پارتەکەی بۆ بەدەستەوە گرتنی سەرۆکایەتیی وڵات بەکاردەهێنا.

مەزنترین ململانێی حیزبایەتی لە سەر بانکی دووەمی ویلایەتە یەکگرتووەکان هاتە ئاراوە. ئەو بانکە دامەزراوەیەکی کەرتی تایبەت بوو، بەڵام لە ڕاستیدا لە لایەن حکومەتەوە پشتگیری لێدەکراو قۆرخ کرابوو. کاتێک جاکسۆن وەک دژبەری ئەو دامەزراوەیە دەرکەوت، بانکەکەش هەموو هێز و دەسەڵاتی لە دژی سەرۆک کۆمار وەگەڕخست.

کلەی و وێبستر، کە هەردووکیان وەک پارێزەر ئیشیان بۆ بانکەکە کردبوو، ڕێبەرایەتی شەڕو ململانێکانی دووبارە داڕشتنەوەی یاسانامەی بانکەکەیان لە کۆنگرە گرتە ئەستۆی خۆیان. لەو پێوەندییەدا، جاکسۆن بە مارتین ڤان بورێنی وت: « ئەو بانکە خەریکە دەمڕووخێنێت، بەڵام من دەیڕووخێنم!» جاکسۆن کاتێک دەسەڵاتی ڤیتۆی دژی پرۆژەیاسای دووبارە داڕشتنەوەی یاسانامەی بانکەکە بەکارهێنا،ئەو دامەزراوەیەی بە هەبوونی ماف و ئیمتیازاتی ئابووری نەگونجاو و بێبنەما تۆمەتبار کرد.

ڕوانگەکانی جاکسۆن لە لایەن دەنگدەرانەوە پشتگیری و پەسند کران؛ لە ساڵی ١٨٣٢، زیاتر لە ٥٦ لە سەدی دەنگەکانی بۆ خۆی مسۆگەر کرد کە ئەوەش نزیکەی پێنج بەرامبەری ڕێژەی دەنگەکانی کلەی بوو.

جاکسۆن ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی گرفت و بەرنگارییەکانی جۆن سی. کەڵهاون بوویەوە کە سەرکردایەتی ئەو هێزانەی دەکرد دەیانهەویست خۆیان لە دانی گومرگ و باجی بەرزی پاراستن، قوتار بکەن.

کاتێک کارۆلاینای باشوور ئەرکی پووچەڵکردنەوەی ئەو باج و گومرگانەی وەئەستۆ گرت، جاکسۆن فەرمانی بە هێزەکانی سەربازیدا بەرەو چارلستۆن بچن و هەڕەشەی لەسێدارەدانی کەڵهاونی کرد.ئەو ململانێیە لەوەدەچوو توندوتیژی لێبکەوێتەوە، هەتاوەکوو کلەی بۆ گەیشتن بە سازان و ڕێککەوتن کەوتە وتووێژەوە: لە سازانەکەدا بڕیاردرا ڕێژەی باج و گومرگەکان کەم بکرێنەوە و لە بەرامبەریشدا کارۆلاینای باشوور واز لە پرۆژەی پووچەڵکردنەوەکە بهێنێت.

لە مانگی ژانویەی ساڵی ١٨٣٢، لە کاتێکدا سەرۆک کۆمار لەگەڵ هاوڕێکانی لە کۆشکی سپی خەریکی خواردنی نانی ئێوارە بوون، کەسێک بە گوێدا چرپاند کە سێنا ناوهێنان و دەستنیشانکردنی مارتین ڤان بورێنی وەک نێردراوی تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ئینگلیستان ڕەتکردۆتەوە. جاکسۆن هەستایە سەر پێ و بە دەنگی بەرزەوە وتی: « بە ژیانی هەتا هەتایی سوێند دەخۆم! تێکیان دەشکێنم!»وە سوێندەکەشی بردە سەر. کەسەکەی دڵخوازی، واتە ڤان بورێن، دواتر بوو بە جێگری سەرۆک کۆمار، وە پاشان دوای ئەوەی جاکسۆن خانەنشین بوو، بوو بە سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان. دوای خانەنشینبوونی، «دارگوێزە پیرەکە» گەڕایەوە هێرمیتاژ و لە مانگی ژوئەنی ساڵی ١٨٤٥ لەوێ کۆچی دوایی کرد.

سەرچاوە:
http://www.whitehouse.gov/about/presidents/andrewjackson

ئەدەب و هونەر

کوردستان

ژمارە: ٦٤٩

١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٣

٤ی فێبریوەی ٢٠١٥

# نووسەری «حەمەدۆک»ی یاخی و قەڵەمێکی ئەفسانەیی



عەلی لەیلاخ

یاشار کەمال لەو سیما ناسراوو ناودارەیە کە لە بواری ئەدەبی چیرۆکنووسیی‌دا ناز ناوی جیهانیی هەیە و توانیویەتی بە نووسینی چەندین شاکاری مەزنی ئەدەبی کە وەرگێڕدراونەتەوە سەر چەندین زمانی زیندووی جیهان، ناوێکی هەتاهەتایی بۆ خۆی تۆمار بکات .

کاتێک باسی ئەدەبیاتی دەروەست دەکەین بە تایبەت لە بواری چیرۆک و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، بێ شک کەڵە نووسەرێک وەکوو یارشار کەماڵ لە بەرزاییدا دەرەوشێتەوە.چونکە هیچکات تەنانەت لە ئاستی نووسینی یەک دیریشدا بە نیسبەتی ئینسان ومەینەتی کۆمەڵگای بەشەری نەژیا و هەموو تەمەنی هونەری تەرخان بە گێرانەوەی بەسەرهاتی مرۆڤە ژێردەستەکان وزڵمی داگیرکەران وهیوا بەخشین بە منداڵان و نەوەی داهاتوو کرد، کە لەو چەشنە بەسەرهات وحەکایەتانە پەند وەر بگرن و هەوڵ بدەن کە چیتر وەکوو ئەوان بە کۆیلەتی نەژین. چیرۆکەکانی یاشار، یادکردنەوەیەکە لە بەسەرهاتە تاڵەکان وئەفسانە کۆنەکان کە بە هونەرمەندیی تەواوو بەسیحری بێ سنووری قەڵەم خراوە بەر دیدەی خوێنەران.

ئەم نووسەرە لە ٦ی ئۆکتووبەری ساڵی ١٩٢٣ لە شاری «هەمیتە» لەباکووری کوردستان لە بنەماڵەیەکی کورد لە دایک دەبێ و لەو پەڕی هەژاری ودەست نەڕویشتوویی‌دا گەورە دەبێ. هەر بە منداڵی بە هۆی نەخۆشیەوە چاوێکی لە دەست دەدا و تەنانەت دەبینێت کە باوکی لە مزگەوت لە کاتی نوێژکردندا دەکوژرێت.

بە پێی نەریتی بنەماڵەکەی هۆگری چیرۆک ونهێنییەکان دەبێ و زۆربەیان لە بەر دەکات و بە ڕازاندنەوەی سەر لە نوێ، ئەم چیرۆکانە لە تەمەنی ٢٠ساڵەیی کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بڵاو کردەوە.

بەڵام زێدەتر بە دوای خوڵقاندنی ڕۆمانی (اینجه ممد) لەساڵی ١٩٥٥ناوی ئەم نووسەر کەوتە سەر زاران ونازناوی جیهانی بە دەستهێنا. شایانی باسە کەم ئەم شاکارە ئەدەبییە لە لایەن وەرگێری بە توانای کورد مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بە جوانی و زمانێکی پاراو لەژێر ناوی «حەمەدۆک» کراوەتە کوردی.

حەمەدۆک، ڕەوایەتێکی ساکارو ڕەوانە لە ستەمی سیستمی ئاغاو چینی چەوساوەی کۆمەڵگەی ئەوکات کە هەر لە منداڵییەوە یاشار کەمال بە چاوی خۆی بینیویە یان بۆیان گێڕاوەتەوە.

شێوازی نووسینی یاشار کەمال دەگەڕێتەوە بۆ هەمان لەحن وشێوەی گێرانەوە چیرۆک وبەسەرهاتەکان لە لایەن پیرە پیاوان وپیرەژنان. کاریگەریی ئەم چەشنە چیرۆک بێژیە بە تەواویی لە ئاسەوارەکانی‌دا ڕەنگی داوەتەوە بە چەشنێک خوێنەر هەست بە خوێندنەوە ناکات بەڵکوو پێوایە دەنگێکی نادیار ئەم بەسەرهاتەی بە ئارامی وبە جوانی لە گوێدا دەچرپێنێ. ڕەنگە هەرئەم شێوازە یەکێک لە هۆکاری سەرکەوتنی ئەم نووسەرە بووبێت.





ئەدەبی فۆلکلۆریک بە تایبەتی ئەفسانەکان و چیرۆکە حەماسییەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە ناوەرۆکی بەرهەمەکانی یاشارکەماڵ چونکە پێی وایە ئەفسانەی هەر نەتەوەیک دەبێ وەکوو میراتی ئەدەبی چاوی لێ بکری و نووسەران وقەڵەم بەدەستان ببن بە پردی گواستنەوە بۆ نەوەی ئەمرۆ و داهاتوو.

یاشار کەماڵ بە لەبەرچاو گرتنی مێژووی دووورودرێژی چیرۆک لە ناوچەی مێزۆپوتامیا (کوردستان) کەڵک وەرگرتنی هونەرمەندانە لەو میراتە بەهێزە هەروەها کاریگەریی ئەرینی ئەم هونەر جوانە بەسەر تاک وکۆمەڵگە بەتایبەت منداڵ ومێرمنداڵان، چەندین بەرهەمی لە بواری ئەدەبی منداڵان هەیە هەرچەند لەسەر ئەوباوڕە نەبوو کە ئەدەبی منداڵان بەتایبەتی لە بواری چیرۆک شتێکی جیاوازە لەم بارەوە دەبیژێت: کاتێک نەنک ودایەکان چیرۆکیان دەگێراوە هەمووان بە گەورەوبچووک گوێ بیستی بوون.

سوڵتانی فیلەکان؛ ناوی چیرۆکێکی دیکەی ئەم نووسەرەیە کە بە شێوەی سەمبۆلێک وساکارە کە لە زمان ئاژەڵانەوە باسی شۆرشی میروڵەکان دەکات بەرانبەر بە زلهێزیی فیلەکان. بەزمانی شیرین و گیرا منداڵان بەتایبەت مێرمنداڵان ئامۆژگاری دەکات کە چۆناچۆن هیواداروخۆڕاگرو ورە بەرز بن بەرانبەر بە هەرچەشنە ستەم وچەوسانەوەیەک. فێریان دەکات سەرشۆر نەبن و پەروەردەیان دەکات تا بەوێنەی حەمەدۆک بوێرانە بەرانبەر بە زلم وهەلاواردنەکان سەرهەڵبدەن و بە هەستێکی مرۆڤ دۆستانە ببنە پێشەنگی شۆرش وخەبات دژی ستەمی چینایەتی ونەریتی نارەوای کویلەتی . ئەمانە هیچکات بەمانای بانگەشە کردنی یاشار کەماڵ بۆ شەر کردن نیە. خۆی گوتویەتی: کەس نابێت بە خوێندنەوەی چیرۆکەکانی من حەز لەشەڕ بکات بەڵکوو دەبێ لەشەڕ بێزاربێ و تێ بکۆشێت بۆ پێکهێنانی ئاشتی وتەبایی لە کۆمەڵگەدا...

ئەگەرچی ئەم نووسەرە کوردە بە زمانی کوردی نەینووسیوە بەڵام هەستی بەرزی ئینسانیەت ودەروەست بوونی بە کۆمەڵگە و ڕەنگدانەوەی کێشەوگرفتی کوردی لەسەرجەم نووسراوەکانی‌دا بە دی دەکرێت وبە چەشنێکی هونەرمەندانەو وردبینانە زۆرێک لە خەم وئازاری کوردی لە چیرۆکەکانیدا دیارە، سەرجەم بەرهەمەکانی هەڵقوڵاوی ناخی مێژووی نەتەوە بن دەستەکەیە کە ڕەنگ وبۆی هونەرمەندانەی پێ بەخشیوە. جوانکاریی هونەریەکەی لەلایەک و دەروەستبوونی ئەم قەڵەم بەدەستە بە خەم ومەینەتی کۆمەڵگەی ئینسانی لەلایەکتر بۆتە هۆی ناز ناوی جیهانی ومانەوەی لە ئەدەبی چیرۆکنووسی دنیا. هەرئەم دوو باڵە بەهێز وای کردوە کە سەرەڕای ئەمە کە بیرۆکە وناوەڕۆکی چیرۆکەکانی ناوچەییە، بەڵام لە وەرگێرانیش‌دا هەست بە فرینی جوانی وئاستی بەرزی مرۆڤایەتی لەم نووسەرە دەردەکەوێت و گەلانی دیکەش چێژی لێ‌وەردەگرن . یاشار کەماڵ بە تەواوی بڕوای بە ئەدەبی دەروەست (متعهد) هەبوو، هەر بۆیە دەڵێ: «من بە نیسبەت خۆم و وشەکانم بەرپرسیارم»

لەساڵی١٩٩٧ بۆ ڕێزلێنانی ئەم نووسەرە بە هۆی تێکۆشانی لە بواری مافی مرۆڤ وئازادی ڕا دەربڕین هەوڵدانی بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیک خەڵاتی ئاشتیی (کتێبفرۆشەکانی ئاڵمان)ی پێ‌دەبخشرێت ولەوڕێوڕەسمەدا بە تێروتەسەلی باس لە فۆلکلۆری دەوڵەمەندی نەتەوەکەی دەکات وشێوەی نووسینی خۆی شی دەکاتەوە لە خەیاڵ وئاواتی مرۆڤانەی خۆی دەدوێ وهەلومەرجی نالەباری نەتەوەکەی خۆی لە ژێر دەسەڵاتی تورکیا دەخاتە بەر باس..

هەروەها ئەم نووسەرە بەهۆی ڕەخنە توندەکانی لە دەسەڵاتداریەتی تورکیا لەساڵی ١٩٩٥ی زایینی، وتوویژی لە گەڵ ڕۆژنامەی ئێشپیگل، لە دادگا بە جیاییخواز مەحکووم دەکرێت و بۆ ماوەیەک ئەو وڵاتە بە جێدەهێڵێت . ئەو هیچ کات بەرانبەر بە سیاسەتی دیکتاتۆرانەی ئەو وڵاتە وبێ مافی وچەوساندنەوەی هاونیشتمانیەکانی بێ دەنگ وخەمسارد نەبوو.

ئەم نووسەرە خۆشناوومرۆڤ دۆستە دوای تەمەنێک خزمەت بە ئەدەبی چیرۆکنووسی هاوتەمەنی کۆماری تورکیا واتە لە ٩١ساڵ، تا ئێستا دەیان بەرهەمی جوان و شاکاری پێشکەش بە ئەدەبی جیهان کردوە بۆ نموونە دەتوانین بەم بەرهەمانە ئاماژە بکەین:

- ئینجە مەمەد(حەمەدۆک)١٩٩٥
- زەوی ئاسنەو ئاسمان مس ١٩٦٣
- گیای بێ کۆتایی١٩٦٨
- جینایەتی بازاڕی ئاسنگەرەکان١٩٧٤
- ئەربابانی ئاکچەساز١٩٧٥
- دارهەناری سەر تەپۆڵکە١٩٨٢
- سێ ئەفسانەی ئاناتۆلی١٩٦٧
- ئەفسانەی چیای ئاکری١٩٧٠
- ئەفسانەی هەزار کەڵەگا١٩٧١
- سوڵتانی فیلەکان ومێرولەی ریش سوور١٩٧٧

...

**سەرچاوەکان:**

**چوار بەرهەمی ئەو نووسەرە،**

**ماڵپەڕەکانی: «بنیاد ادبیات داستانی» و دویچە ولە..**



KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 649 febr 2015

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

## بەر لە ماڵاوایی

# یەشار کەماڵ، خوێنەرانی بەجێ ناهێڵێ و دەمێنێتەوە!



قادر وریا

بە سپڵەیی دەزانم یەشار کەماڵ، دوارۆژەکانی تەمەنی لە بەربەرەکانی لە گەڵ نەخۆشی دا تێپەر بکا و هەر وا بە لای دا ڕابیرم.

یەشار کەماڵ، ڕۆماننووسی بە زمان و ڕەگەز کورد، کە بە تورکی ڕۆمانەکانی خۆی نووسیون، ناوبانگێکی جیهانیی هەیە. ڕۆمانەکانی کە سەر لە ۳۰ ڕۆمان دەدەن وەرگێڕدراونە سەر زیاتر لە چل زمانی جۆراوجۆری جیهان. زمانی کوردی، کە زمانی زگماکیی یەشار کەماڵیشە، یەک لەو زمانانەیە.

دەسپێکی وەرگێڕانی ڕۆمانەکانی یەشار کەماڵ بۆ سەر زمانی کوردی بۆ زیاترلە ۳۰ساڵ لەمەو بەر دەگەڕێتەوە. بەختیاریی ئەم ڕۆماننووسە و ڕۆمانەکانی لەوە دابوو کە دوو لە بەناوبانگترین‌و سەرکەوتووترین کوردیزانان‌و وەرگێڕانی کورد، بوون بە یەکەمین وەرگێڕەکانی ڕۆمانەکانی ئەو بۆ سەر زمانی کوردی: مامۆستایان شوکور مستەفا و عەبدوڵلا حەسەنزادە. ڕۆمانەکانی «ئەفسانەی چیای ئاگری»، «کاریتە یا ئەو دیوی چیا»، «زەویی ئاسن و ئاسمان مس «و «گیای نەمران»، هەر وەها شانۆنامەی «تەنەکە» ئەو بەرهەمانەی یەشار کەماڵ بوون کە ڕەوانشاد مامۆستا شوکور مستەفا ڕاستەوخۆ لە تورکیەوە کردنی بە کوردی کە پێم وایە دواتر وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبیی دیکە هەر لەو قەڵەمەی بەدوا دا هات.

هەر لە ساڵانی یەکەمی هەشتاکان دا بوو کە یەکەم بەرگی شاکاریی ئەدەبیی یەشار کەماڵ،»حەمەدۆک» بە هۆی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە، وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی و چاپ و بڵاو بۆوە.»حەمەدۆک» هەم بە هۆی سەرنجراکێش بوونی جۆری داستان و ناوەرۆکی ڕۆمانەکە، هەم بە هۆی کوردییەکی ڕەوان و شیرین کە ڕۆمانەکەی پێ کرابوو بە کوردی، بوو بەو کتێبەی کە ناوبانگی دەرکرد و خوازیارانی بە تاسە و ئیشتیاقەوە بە دوای دا دەگەڕان و بە زەحمەت دەستیان دەکەوت. دەکرێ بڵێم حەمەدۆک نەدەکەوتە عەرزی و خوێنەران، بۆ خوێندنەوەی نۆرەیان دەگرتەوە . هەر ئەم تامەزرۆیی و پێشوازییەش بوو کە حەسەنزادەی هان دا لە ساڵانی دواتردا، دەسبەرداری حەمەدۆک نەبێ و بەرگەکانی دووهەم و سێهەم و چوارەمیشی بکا بە کوردی. لە شانسی خۆشم، من یەکەم خوێنەری کوردیی ئەو سێ بەرگەی دوایی حەمەدۆک بووم. مامۆستا حەسەنزادە، کە لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا ، هاوکاری نزیکی بووم، لوتفی لە گەڵ دەکردم و هەموو جارێ دەستنووسی وەرگێڕانەکەی خۆی پێ دەدەام تا لە دۆزینەوە و هەڵبژاردنی وشە بۆ فەرهەنگۆکی کتێبەکە دا یارمەتیی بدەم.

ئەگەرچی یەشار کەماڵ بە هۆی سەرکوتکرانی زمانی کوردی و ئەو بارودۆخە سیاسییە پڕ لە بێمافییەی کورد لە تورکیا، بە تورکی دەینووسی، بەڵام ڕۆمانەکانی بۆ خوێنەری کورد نامۆ نەبوون. وەک مامۆستا حەسەنزادە دەڵێ: «یەشارهەمیشە مۆرکێکی کوردانە بەچیرۆکو ڕۆمانەکانیانەوە دەبینرێت، کە لەزۆربەیاندا باسی کۆمەڵگەی کوردەواری دەکرێ‌و خاکی کوردستان گۆڕەپانی ڕوداوەکانە‌و لەئاماژەدان بەپەیوەندی کۆمەڵایەتی‌و پەیوەندی خێزان‌و ژن‌و مێردو پەیوەندی منداڵەکان لەگەڵ دایک‌و باوکیاندا مۆرکێکی تەواو کوردەواریی زاڵە.»(۱)

لە کوردستان هەر کە ناوی یەشار کەماڵ بێت، مامۆستای ڕەحمەتی شوکور مستەفامان وەبیر دێتەوە، چونکە زۆرترین ڕۆمانی لێ کردوە بە کوردی. ساڵی ۱۹۹۷، لە بەغدا چوومە خزمەتی بۆ وتووێژێک لە بارەی ئەزموونەکانی لە بواری وەرگێڕان‌دا. لە بەشێکی وتوویژەکە دا هاتە سەر وەرگێڕانی «ئەفسانەی چیای ئاگری». لێرەدا جێی خۆیەتی جارێکی دیکە بگەڕێمەوە سەر خوێندنەوە و نرخاندنی شوکور مستەفا بۆ ئەم ڕۆمانە جوانە و دنیای نووسەرەکەی:

« ئەمن پێش وەی یەشار کەماڵ بکەمەوە بە کورد دەمزانی یەشار دەیەوێ چ بڵێ. لە «ئەفسانەی چیای ئاگری» دا، یەشار کوردایەتی کردوە، خۆی هەڵ دەداتەوە... دەیەوێ بڵێ چی؟! دەیەوێ بڵێ ئەمن کوردم. بۆیە هەناسەم لە گەڵ هەناسەی، پێم، هەنگاوم، نیگام، هەست و نەستم لە گەڵ پێ و هەنگاو و نیگا و هەست و نەستی یەشار دا ئاشنا بوون. عەباسی بەدری کە کوردێکی لوڕە و کوردیی سۆرانی وەک شێوەزارەکەی خۆی، ئەوسا کەمتر دەزانی کە ئەفسانەی چیای ئاگریی یەشاری بە کوردی‌یەکەی من خوێندەوە، خۆی پێ نەگیرا و یەکسەر کردی بە عەرەبی. بۆی ناردم، خوێندمەوە، جوانی کردبوو بە عەرەبی. نازانم چی لێ کرد؟! عەباس بوو بە عاسقی ئەو داستانە. نەک تەنها لە بەر وەستایی یەشارو کوردی‌یەکەی من، بەڵکوو باسەکە هێند واق وڕهێنە، هێندەی چیای ئاگری خۆی، کۆنە چیا تەندوورەکەی ئەو سەری کوردستان. ئەو چیایەی کە پڕۆمیتۆسی لێ لە زیوس یاخی بوو و یەکەم ئاگری لەو چیایە دزی و مرۆڤی فێرە ئاگر و ڕووناکی کرد... ئەو چیایەی کە «تەورات» دەڵێ کەشتییەکەی نووح پێغەمبەری لە سەر نیشتەوە... ئەو چیایەی کە تا ئێستاش هەر تووڕەیە، بەڵام جارێ تووڕەیییەکەی خنکاوە، ئاگری دەروونی خاو بۆتەوە، چاوەنۆڕی چەند «ئەحمەد»ێکی کوردی دیکەیە هەڵکاتە سەر باوبۆرانی شۆڕشی گەورەی سەرلەبەری کوردستان... چاوەڕوانی ئەشقی «گوڵبەهار»ێکی دیکەیە، تا لە گەڵ ئەحمەدی دواڕۆژ دا شاد و شوکور بنەوە.... و ئەوسا «خانی» یش و «جزیری»یش و «حەریری»یش و «نالی»یش و کوردییش و مەولەوییش و خانای قوبادییش و هێمنیش و هەژاریش و گۆرانیش و هتد... هەموو دەبن بە سەرچۆپیی کێشی شاییی ڕەشبەڵەکی نەورۆز لە سەر ترۆپکی ئاگری...» (۲)

یەشار کەماڵ لەم دوو دەیەی دوایی، نەک هەر لە بواری ئەدەب، بەڵکوو لە بواری بەرگری لە مافی مرۆڤ و ئازادیی ڕادەربڕینیش دا، بوو بە کەسێکی جێگای سەرنجی میدیاکان و ناوەندە مرۆڤدۆستەکانی جیهان. ساڵی ۱۹۹۷ بە بۆنەی چالاکبوونی لە بواری بەرگری لە ئازادیی بیروڕادەربڕین، خەڵاتی کتێبفرۆشانی ئەڵمانی وەرگرت. لە سەر ئەو ڕەخنانەش کە بە داکۆکی لە نەتەوەی کورد لە تورکیە، لە دەوڵەتی ئەو وڵاتەی گرت، کێشە و چەرمەسەریی زۆری بۆ دروست بوو. ساڵی ۱۹۹۵ موحاکەمە کرا و بە دوو ساڵ زیندان مەحکووم بوو. ساڵی ۱۹۹٦یش سەبارەت بە نووسینی دوو وتار لە بارەی پێشێلکرانی ئازادیی بیروڕادەربڕین لە تورکیە موحاکەمە کرا.

یەشار کەماڵ کە لە ۱۹۲۳ لە دایک بووە، ئێستا لە تەمەنی ۹۲ ساڵی دا لە نەخۆشخانە لە گەڵ مردن لە بەربەرەکانی دایە. ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرێ، دەربازنەبوون لە دەست مردنە. بەڵام ئەوەی کە چاوەڕوان ناکرێ ، سڕانەوەی چێژ و کاریگەریی بەرهەمەکانی لای خوێنەرانیەتی.

پەراویزەکان:
۱) ماڵپەڕی «ئاوینە»
۲) ڕۆژنامەی «کوردستان»، ژمارە۲٤٦، ساڵی۱۹۹۷
۳) ڕۆژنامەی «کوردستان»، ژمارە۲٥۱، ساڵی۱۹۹۷

# پەیامی پیرۆزبایی محەممەدسەدیق کەبوودوەند بە بۆنەی ئازادکرانی شاری کۆبانی

محەممەدسەدیق کەبوودوەند سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، لە زیندانی ئێڤینەوە بەبۆنەی ئازادکرانی شاری کۆبانێ لە دەستی ڕێکخراوی تێرۆریستیی داعش، لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازانی جیهان کرد.





ئەوەش دەقی پەیامەکە

ئازادکرانی کۆبانی لە هەموو ئازادیخوازان پیرۆزە

بارەقەڵا بۆ خۆڕاگری لاوان، ژنان و پیاوانی کانتۆنی خودموختاری کۆبانی لە ڕۆژاوای کوردستان و بەرزنرخاندنی هەموو بەرەنگاربوونەوەی شەڕڤانان و بەرگریکردنی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان و بە ڕێزلێنان لە هەوڵ و گیانفیداریی شەهیدانی ڕێگەی ئازادی، سەرکەوتنی بەرگریکارانی کۆبانی و دەرکردنی دوژمنانی مرۆڤایەتی و مەدەنییەت، لە شاری کۆبانێ بە هەموو شۆڕشگێرانی ئەمشارەو نەتەوەی کورد و هەموو خەڵکی ئازادیخوازی جیهان، کە لەگەڵ خەڵکی کۆبانێ و نەتەوەی کورد یەکدڵ و هاوڕێ بوون، پیرۆزبایی دەکەم و هیواو ئارەزووم ئەوەیە کە ئازادیی کۆبانێ، سومبولی هاوپەیوەندی، سەربەخۆیی و خۆڕاگریی نەتەوەی کورد، دەسپێکی ڕزگاری و ئازادکردنی خەڵکی زوڵم لێکراوی کوردو هەموو نەتەوەکانی ژێر چەپۆکەی ڕێژیمە داگیرکەرو ڕەشبین و کۆتایی سەرکوتی ئازادی و مافی مرۆڤ لە ناوچەدا بێ.

محەممەدسەدیق کەبوودوەند
زیندانی ئێوین

# شانۆی « عزیز شنگال » لە تاران نمایش کرا



قوتبەدین سادقی شانۆکاری بەناوبانگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە شانۆی «عەزیزی شنگال» لە سی‌وسێیەمین فێستیڤاڵی شانۆیی فەجردا بەشدارییکرد. ئەو شانۆیە باس لە کارەساتی شنگال و منداڵێکی قوربانی شەڕ و ئاوارەیی دەکا. شانۆی عەزیزی شنگاڵ کە بە شێوەی « بێدەنگ» بەڕێوە چووە و هەروەها بە بەشداریی ڕاستەوخۆی زیاتر لە ۷۰ هونەرمەندی کچ و کوڕ، ژمارەیەک ڕێکخراویش ڕۆڵی بەرچاویان تێدا گێڕاوە.سادقی، شانۆکەی پێشکەش بە ژنانی تیکۆشەری کورد بەتایبەت ژنانی تیکۆشەری کۆبانێ کردووە.

# خەڵاتی ماملێ ئەمساڵ پێشکەش بە ژنێکی هونەرمەند کرا




ڕوژی یەکشەممە ۱۲ی ڕێبەندانی ۱۳۹۳ لە شاری «هاگن»ی وڵاتی ئاڵمان ، لە ڕێورەسمێکدا، مەڵبەندی هونەریی مامڵێ خەڵاتی ساڵانەی خۆی پێشکەش بە هونەرمەندی کورد زۆزان کرد.

لە مەراسمێکدا کە لە لایەن ئەنستیتۆی کورد ئەمادە کرابوو، چەندین هونەرمەند و کەسایەتی سیاسی کورد و کوردانی هەر٤ پارچەی کوردستان بەشداری ئەو ڕێورەسمە بوون.

لەو ڕێورەسمەدابەسەرهات و ژیانی هونەریی محەممەد مامڵێ، وتاری بنەماڵەی مامڵێ، چەند گۆرانییەک بە دەنگی زۆزان پێشکەش کران.

# ژنان تێکنۆلۆژییان خۆش دەوێ و تێیدا سەرکەوتوو دەبن

**کەمپەینێکی نێونەتەوەیی بۆ ژنان**

ڕێکخراوەی Global Fund for Women کەمپەینێکی ڕێخستووە تاکوو دەستڕاگەیشتنی ژنان بە تکنۆلۆژیا بە مافێکی سەرەکیی ئەوان بزانێ.

شایانی باسە لە جیهان‌دا ڕێژی ژنان بۆ دەستراگەیشتن بە ئینترنت و تێکنۆلۆژی زۆر لە پیاوان کەمترەو لە ئاستێکی نەزم دایە.

لێکۆڵینەوەکان دەرخەریان خستوە کە پیاوان ۲۰۰میلیون کەس زیاتر لە ژنان بە ئینترنت و تێکنۆلۆژی دەستیان ڕادەگا. داتاکان ئەوە نیشان دەدەن ٤۱ لە سەدی پیاوان و ۳۷ لە سەدی ژنان دەستییان بە تکنۆلۆژی وئینترنت ڕادەگات. تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتوەکاندا کە ئینترنتی بەربڵاو و گشتگیر هەیە بەشی پیاوان لەم تکنۆلۆژییە ۸۰ لە سەدەو بەشی ژنان ۷٤ لە سەدە بە سرنجدان بەم ئامارانە دەبینین کە لەم بارەی دەستراگەیشتن وکەڵک وەرگرتن لە ئینترنت مەودایەکی زۆر هەیە لە نێو ژنان وپیاوان‌دا.

ڕێکخراوی Global Fund for Women بە ڕێکخستنی ئەو کەمپەینە هەوڵ دەدا کە بە ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتیی وهەروەها ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ بتوانێت نیاز و زەرورەتی دەستڕاگەیشتنی ژنان وکچان بە تکنۆلۆژیای سەردەم بکات بە ئەمرێکی پێویست ونیازێکی گشتگیر چونکە بەداخەوە ئەمرۆکە زانستگەلێک وەکوو ئینترنت، بیرکاریی، ئەندازیاری. .. زیاتر بە پیشەیەکی پیاوانە چاو لێدەکرێت و بێ بەشیی ژنان وکچان لەم زانستگەلەدا زۆرجار دەبێتە هۆی خەمۆکی ونەخۆشی دەروونی ئەوان.

ئامانجی ئەم کەمپەینە گەیاندنی دەنگی ژنانە و لابردنی مەودا و جیاوازی نێوان ژنان وپیاوان لە باری دەستڕاگەیشتنیان بە ئینترنت وتکنۆلۆژی سەردەمە. تائێستاش وەکوو پاڵپشتی نزیک بە ٦۲۰۰نەفەر واژۆیان کردوەو بەڵام ئەم کەمپەینە نیازی بە ۲۰هەزار واژۆیە .



ئەم کەمپەینە لە ساڵی ۲۰۱٥ پەرەی بە چالاکییەکانی خۆی دەداو هیوداره کە بتوانێت ئەم زەینیەتە کە ژنان نابێت لە ئینترنت کەڵک وەربگرن لە نێو کۆمەڵگە بگۆڕن و ژنان وکچانیش لەم مافە بەشداریی بدەن .

**سەرچاوە: ماڵپەڕی «تک نویس»**